# وەڵام

گۆڤارێکی ئایینی راڤەکاری سەربەخۆیە

قال رسول الله صلى الله عليه وسلم

يَحْمِلُ هَذَا الْعِلْمَ مِنْ كُلِّ خَلَفٍ عُدُولُه، يَنْفُونَ عَنْهُ تَحْرِيفَ الْغَالِينَ، وَانْتِحَالَ الْمُبْطِلِينَ، وَتَأْوِيلِ الْجَاهِلِينَ

پرۆژەیەکە بۆ وەڵامدانەوەی گومان و چەواشەکارییەکان

ژمارە ١ ٦ تەمموز / ٢٠١٥ زایینی ١٩ رەمەزان ١٤٣٦ کۆچی | وەڵام لە فەیسبوك گۆڤاری وەڵام

## لەم ژمارەیەدا

### وەڵامی وتاری ئەم گۆڤار و هەفتەنامانە بخوێنەرەوە

بێ سەوادیش بەو ئەندازەیە؟!

ئایا ڕاستە سەلەفییەکان لە ڕووی دەروونیەوە نەخۆش یان فاشیلن، وە دونیایان ناشیرین کردووە؟!

وەڵامێك بۆ ئەندازیـــاری تۆمەت بەخشینـــــەوە.

عەمبەر و ڕەیحان وەڵامـــی سەرنجەکان لەســەر ڕەوتی سەلەفییەکانی کوردســتان.

وەڵامی چەند کتێبێك لە رێگای زنجیرە وتارێك بخوێنەرەوە

"سەلەفیەت و ڕەهەندەکانی لە فیکری ئیسلامیدا"

لەهەر ژمارەیەکی ئەم گۆڤارەدا،

پەیامێکی مەلای گەورەی کۆیە بخوێنەرەوە لە میانەی تەفسیرەکەیدا.

# وەڵام

گۆڤارێکی ئایینی راڤەکاری سەربەخۆیە


خاوەنی ئیمتیاز
د. خالد ئەحمەد مستەفا
07503427005

سەرنوسەر
م .جیهاد قادر عەلی
07508477989

دەستەی نوسەران
م. خەلیل ئەحمەد
م. ئەبو موسلم
م.ئەحمەد میرزا رۆستەمی ژێرو

بەڕێوبەری کارگێری و هونەری
جاسم ئەحمەد

راوێژکاری یاسایی
پارێزەر. ئەحمەد قادر
07702149922

دیزاین
ڕێبین ابراهیم

نوسینگەی سەرەکی
سلێمانی – گەڕەکی ئیبراهیم ئەحمەد – تەنیشت مزگەوتی بەهەشت

بۆ پەیوەندی بە گۆڤاری وەڵام
( 07501574050) 07721574050 ) )
( 07481574050 )

چاپ : چاپخانەی زانا

بلاو کردنەوەی
کۆمپانیای پەیك

نرخی (2000) دینار





6 عەمبەر و ڕەیحان وەڵامی سەرنجەکان لەسەر ڕەوتی سەلەفییەکانی کوردستان



21 وەڵامێك بۆ ئەندازیاری تۆمەت بەخشینەوە کاك حەمە سەعید سەعید کە نوسیویەتی: سەلەفی وەك ئەندازیاری کافراندن



29 کەناڵی ئامۆژگاری سەکۆیەکە بۆ ئاشناکردنی موسوڵمانان بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام و بڵاوکردنەوەی ئاشتی و ئارامی لە کوردستان



32 خوێندنی دوعای قنوت لە نوێژی بەیانیاندا وەڵامێك بۆ ئەوانەی بە ڕەوای دەزانن

سەروتار

# گۆڤاری وەڵام

## چارەسەرێکە بۆ ئەو کەسانەی چاویان بە ڕۆشنایی دەقەکان هەڵنایەت

خاوەنی ئیمتیاز
د. خالید احمد

وەڵامدانەوەی پرسیار و گرفتەکانی خەڵکی ئەرکی هەموو کەسێکە کە زانستێکی شەرعی هەبێت (فاسئلوا أهل الذكر إن كنتم لا تعلمون) بە تایبەتیش کاتێ ئەم پرسیارانە لە ڕێگەی ورووژاندنی شوبهە و دروستکردنی گومانەوە بێت لەسەر دینی خەڵکی. وە پێغەمبەرمان (عليه الصلاة و السلام) فەرمویەتی: کە ئەم دینە کەسانێکی دیندار دەیپارێزن لە بیرورای هەموو ئەو کەسانەی کە توندڕەون و دەیانەوێت ماناکانی بگۆڕن، وە لەوانەش کە دەیانەوێت دین بۆ مەرامی خۆیان بەکار بێنن وە لەوانەش کە نەزانن بە دین و بەویستی خۆیان دەیانەوێت تەفسیری دەقەکانی بکەن: (يحمل هذا العلم من كل خلف عدوله ينفون عنه تحريف الغالين و انتحال المبطلين و تاويل الجاهلين) وە گومانی تێدانیە کە ئەمڕۆ هێرشێکی زۆر ناڕەوا دەکرێتە سەر ڕێبازی سەلەفیەت لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بە ئیسلامی و عەلمانیەوە بە جۆرێك کە کار گەیشتۆتە ئاستێك کە گۆڤار یان ڕۆژنامەیەك بیەوێت ڕەواجی زۆربێت با لەسەر سەلەفیەت وتار بڵاوبکاتەوە. بەڵام سەیر لەوەدایە ئایا ئازادی ڕادەربڕین ئەوە ماناکەیەتی کە خەڵکی ئازادە هەرچی بوهتان و درۆیەك بۆ لایەنی بەرامبەری هەڵبەستێ؟! ئایا ڕۆشنبیران خۆیان بە تێگەیشتووترین خەڵکی کۆمەڵگا نازانن؟ بەڵام بەداخەوە کارەساتەکە لەوەدایە درۆو بوهتانەکان لە ڕێگەی خامەکانی ئەوانەوە بە خەڵکی سادەو ساکار دەگات! وە دوای ئەوەی کە نوسین لەسەر سەلەفیەت لەم ڕۆژگارەدا بووە بە دیاردەیەك و بەکەمی دەبینیت کە ڕۆژانە لە بڵاوکراوەکاندا شتێك لەسەر سەلەفیەکان نەنوسرێت بۆیە دەستەیەك لە مامۆستایان و نوسەران بە پێویستمان زانی وەڵامی بەشێك لەم چەواشەکاریانە بدەینەوە کە دەرهەق بە سەلەفیەت دەکرێت وە زۆریشی هەر پشتگوێ دەخەین کاتێ کە زانیمان نوسەرەکەی بە ئینسافەوە نوسیویەتی یان هەر شایستەی وەڵام نیە" گۆڤاری وەڵام " هێرش نیە بۆ سەر هیچ کەس و لایەنێك، وە دەستپێکیش نیە بۆ تانە لە هیچ کەسێك، بەڵکو دەنگی مەزڵومانە و بەگوێرەی توانا دەیەوێت ئەم درۆ و بوهتانانەی کە بۆی هەڵبەستراوە بۆ خوێنەرانی ئازیزی ڕوونبکاتەوە. وە بەڵێن دەدەین بە خوێنەرانمان کە مەبەستمان لەم گۆڤارە تەنها دەرخستنی ڕاستیەکانە و جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئەم فەرموودەیە کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد وە دوور دەبین لە تەشهیر و بەکارهێنانی ئەم زمانە زبرەی کە نەیارانمان بۆ ئێمەیان بە کارهێناوە؛ چونکە مەبەستمان گەڕانەوەی هەمو لایەکە بۆ هەق و ڕاستی وە سەرنجی خوێنەرانمان ڕادەکێشین بۆ ئەوەی کە ئێمە ناچارین ناوی نوسەر و گۆڤارەکەش بێنین بە ژمارەوە لە کاتی وەڵامدانەوەیدا، ئەویش بۆ ئەوەی بزانن کە ئێمە دەستپێشخەرنین بەڵکو کەسانی ترن وە ئێمە تەنها وەڵامیان دەدەینەوە، کەواتە بە پوختی :

گۆڤاری وەڵام وەڵامێکە بۆ ئەو نوسەرانەی کە :

- ✔ دین بە ئاقاری توندڕویدا دەبەن.
- ✔ دین بۆ مەرامی خۆیان بەکار دەهێنن.
- ✔ دین بە نەزانی خۆیان لێکدانەوەی بۆ دەکەن.
- ✔ دین ناشیرین دەکەن و تانە لە دەقەکان دەدەن.
- ✔ دین ناشیرین دەکەن و مێژووەکەی دەشێوێنن.
- ✔ دین ناشیرین دەکەن و ناوی هەڵگرانی دەزڕێنن.

بە ئومێدی ئەوەی کە ئەم گۆڤارە خزمەتێك بێت بۆ خستنە ڕووی ڕاستیەکان و دەستهەڵگرتنی خامە زبرەکان لە تۆمەت بەخشینەوە وە دەرئەنجامیش میللەتەکەمان بە ئاسوودەیی و تەبایی بتوانن بە یەکەوە بژین وە نوسەرانمان تێبگەن کە ئازادي بیروڕا بە واتای تۆمەت بەخشینەوە نیە، بەڵکو ئەگەر ڕاست دەکەن لەگەڵ ئەم پەیامە دەبێت ڕازی بن سەلەفیەکان بۆ خۆیان دینداری بکەن .



# بێ سەوادیش بەو ئەندازەیە؟!

## وەڵامێك بۆ بابەتی ( چۆن شەڕی فیكر بە فیكر دەكەیت ) ؟!

م. جیهاد قادر علی

بابەتێكم بەرچاوكەوت لە ژمارە (٥١٦)ی ڕۆژنامەی چاودێر، لە ڕۆژی دووشەممە، بەرواری:١٨/٥/٢٠١٥ل، بە ناونیشانی:( قەدەغەكردنی كتێبی باوكی سەلەفیەكان، لە نوسینی محمد هەریری، ناونیشانە بچوكەكەشی: (چۆن شەڕی فیكر بە فیكر دەكەیت؟!)، بۆیە حەزم كرد بەو چەند ووشەیە ئاماژەیەكی بۆ بكەم، بەم شێوەی لای خوارەوە:

بسم الله وبه نستعين

دەڵێن: ڕۆژێك كابرایەك پرسیاری ناوی كەسێك دەكات، ئەویش پێی دەڵێت كە ناوی چیە، كەچی كابرا بە هەڵە گۆی دەكات و دەری دەبڕێت! دواتریش لێی دەپرسێت ئەی ناوی باوكت چیە؟! جا كابراش وریا دەبێت و دەڵێت: ناوی منت هێند جوان گوت، نۆبەی ناوی باوكمە!

بەداخەوە ئەو ناونیشان و وەسفە ڕێك و پڕ بە پێستی هەندێك برادەر و قەڵەم بەدەستە.

ناتناسێت! كەچی كۆڵێك تۆمەت و قسەی نابەجێ و ناقۆڵای ئامادەكردووە لای خۆی دایناوە بۆ ئەوەی هەر ساتێك ویستی بیكاتە كاڵای باڵات، ئەوەش نە دادگەرییە، نە ڕۆشنبیریشە.

بۆیە ناكرێت ڕەسەنایەتی و دڵسۆزی و پەرۆشی یەكسان بكرێت بە سفرو هەرچی باش نیە ئەنجام بدرێت...

خۆ تێگەیشتن و پەیڕەوی كردن لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام تاپۆ نەكراوە لەسەر هیچ كەسێك، بەڵكو مافی هەمووانە، بەڵام دەبێت ئەوانەشی ئاگاو زانیاریەكی ئەوتۆیان نیە سنور و ئاست و قەبارەی ژیری و مەعریفی خۆیان بزانن و لە هەموو دیزان دەرخۆنە نەبن،

ئەگین شت گەلێکی عەجیب و سەیر و سەمەرە دێننە کایەوە کە دواجار لە خزمەتی کۆمەڵانی خەڵك و هاونیشتیمانیان نابێت، بەڵکو زیانی بۆ گەلی کورد و هەر میللەتێکی تریش دەبێت.

لەو سۆنگەوە ئەوانەی بانگەوازی دەکەن بۆ پەیڕەوی کردن لە شا ڕێگاو ڕێبازی پێغەمبەرمان محمد ﷺ، هەوێنی تەبایی و خۆشبەختی و بەختەوەرین . بەویستی خوا . لە دونیا پێش دواڕۆژ.

دەبینین کاکی قەڵەم بەدەست و ڕۆشنبیر باسی تایبەتمەندی و پسپۆڕی دەکات، بەڵام کەمترین سەوادو سەرەداوی زانستی لانیە. نەك هەر ئەوەندە بگرە بانگەشەی بەرەنگاربوونەوەی چەکداری دەکات لەگەڵ خامە بەبڕشت و شەیدایانی عیلم و مەعریفە.

لە خۆییەوە سەیری ئەوەکانی تریش دەکات و لای وایە ئەوانیش وان، نازانێت کە وانین، بەڵکو ئامۆژگاریشی دەکەن کە لە دونیا چۆن هەڵسوکەوت بکات تا لە دواڕۆژیش ئاسودەبێت بەویستی خوا..

دەبینیت هەندێك خەڵك چونکە دادگەرە باش دان دەنێت بەو ڕاستیەی کە سەلەفیەکان توێژ و چینێکی ڕاساڵ و ڕەسەن و خوێندەوارن و مەبەستیانە هانی گەل و ئازیزانیان بدەن بۆ هەواری خۆشبەختی و کامەرانی نەبڕاوە.

لەولاشەوە خەڵکێکی تر لە میانەی غیابی مەعریفی و هەژاری زانستی و کۆڵەواری، هیچ شك نابات جگە لە هەوڵدان بۆ خەفەکردنی ڕاستیەکان و شێواندنی هەقیقەتەکان، بەهیوای ئەوەی بگاتە خاڵ و نوقتەی داخوازکراو لای خۆی، بەڵام هەیهاتە هەیهات...

ئاخر دینی خوا خۆر و ڕوناکیە چاوەکانیش بینەرن بۆی و پێی گەشاوە و پرشنگدار دەبن مەگەر نابیناکان لەولاشەوە نادوو نابیستەکان لێی بەهرەوەر نەبن بەهۆی گرفت لە بیرو هۆش و تێڕوانینیان.

بۆیە لێرەوە دەبێت پێیان بڵێم: (یا بە زانستەوە بنوسن، یانیش بە ئەدەبەوە بێ دەنگ بن). کابرا نازانێت پێشەوا ئیبنو باز . بەڕەحمەت بێت . کێیە؟! کەچی ناوەکەی لەژێر وێنەیەك دەنوسێت و کەسێکی تری کردوە بە ئیبنو باز کە ئاسمان و ڕێسمان لێك جیاوازە لەگەڵ ئەو شکڵ و شێوە و خیلقەتەی خوای گەورە مامۆستا ئیبنو بازی لەسەر خوڵقاندبوو، جا ئەوە هێماو بەڵگەیە بۆ لاوازی و کەم توانایی ناحەزانی شۆڕەسواران و کەڵە زانایانی ئەم میللەتە لە نمونەی شێخی سەعدی و ئیبنو تەیمییە و ئیبنو عوسەیمین و ئەوەکانی تریش(١)خوا لە هەموو لایەکیان خۆش بێت و زیندوانیشیان پارێزراو بکات ـ خوا دەزانێت لەچ جەنگەڵ و لێڕەوارێك کەوتۆتەوە لەو ئەورووپا و غەربە، کەچی بەلایەوە زۆریش ئاساییە قەتڵ و عام و جینۆسایدی سەلەفیەکان و پێی وایە دەبێت بە کەلاشینکۆف وەڵامیان بدرێتەوە!! لە کاتێکدا سەلەفیەکان چینێکن خزمەتکاری کورد و کوردستانن.

گومانی تێدانیە کە تەشهیر و هەڵگێڕانەوەی ڕاستیەکان و چەواشەکاری چەند چرکە ساتێکەو دەبڕێتەوە، هاوکات خەڵکی تێگەیشتوو دەیەوێت دڵخۆش و کامەرانی دونیا و قیامەتیش بێت، و لەو پێناوەشدا هەوڵ دەدات و خۆی دەکات بە مۆمێکو دەشیەوێت ڕێگای خەڵکو مرۆڤایەتی ڕۆشن و ڕوناك بکاتەوە بە ئامۆژگاری

> ئەوانەی بانگەوازی دەکەن بۆ پەیڕەوی کردن لە شا ڕێگاو ڕێبازی پێغەمبەرمان محمد ﷺ، هەوێنی تەبایی و خۆشبەختی و بەختەوەرین بەویستی خوا لە دونیا پێش دواڕۆژ.

و نەسیحەتە جوان و شیرین و پەرۆشەکانی کە لە قورئان و فەرموودە هەڵێنجراون...

پەیامی ئامۆژگاری و بەتەنگەوە بوونی دواڕۆژی خەڵك گەورەترین خەم و پیرۆزترین خزمەتە با تۆش نەتوێت دان بەو ڕاستیە دابنێیت، دەی پەیامی نێردراوانی خواش هەر بریتی بووە لە گەیاندنی پەیامەکانی خوای تەعالا و باش ئامۆژگاری کردنی گەلەکەیان، وەکو فەرموویانە: ﴿أُبَلِّغُكُمۡ رِسَٰلَٰتِ رَبِّي وَأَنَا۠ لَكُمۡ نَاصِحٌ أَمِينٌ﴾الأعراف: ٦٨، دوای ئەوەی هەر بەیتو بالۆرێك دەچێتە خانەی موزایەدەی ناشەریفانە کە شکستەکەشی حەتمییە بۆ خاوەنەکەی . إن شاء الله، نەك لەبەر ئەوەی ئەهلی سوننە و جەماعە مەنتیقی هێزیان هەیە، بەڵکو لەبەر هێزو قوەتتی مەنتیقیان کە وەرگیراوە لە قورئان و سوننەت بە گوێرەی تێگەیشتن و فەهمی پێشین و پێشەوایانی چاکی ئوممەت...

گەلی کورد دەمێکە چاوەڕێ و تینووی حاڵیبونە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و ئەوەش بە هیچ شتێکی تر ناگۆڕێتەوە. دەی ئاواتی هەموو ژیر و هۆشمەندێك هەر ئەوەیە خوای تەعالا لە خۆیان ڕازی بکەن، نەك بە پێچەوانە!!

دوای ئەوە شەیدایانی شەوەزەنگ ناتوانن بە قەد نوکی دەرزیەکیش ئەوەی خۆیان دەیانەوێت چنگی بخەن بۆ ساغکردنەوەی تۆمەتە بێ بنەوا و بەرزونزمەکانیان و بتوانن دەستی چەوریان بە خەڵکی بێ تاوان بسڕن، خوا پشتیوان بێت با مەکینەکانی درۆ و ناڕاستیش زۆر و زەوەندەبن، بەڵکو قسەش ببزرکێنن، لە کاتێکدا قسەکانیشیان هەر تیرە و لە کەنداڵێکە..

لەبەرئەوەی خەڵکی دەزانێت چەند ناز و بەخششێکی گەورەیە کە ببیتە ئامۆژگاری کار و مامە خەمە بۆ خەڵك؟!

والحمد لله رب العالمین

(١) دەڵێن: (خیر الله طلفاح) ی خاڵ و خەزوری سەددامی لەناوچوو لە هەشتاکان کاتێك پارێزگاری بەغداد بووە، بڕیاری قەدەغەکردنی پەرتوکەکانی پێشەوا ئیبنو تەیمییەی کوردی حەرانی و ئیبنو قەییمی جەوزی دەرکردوە، هەروەها بڕیاریشی داوە کە ئەو دوو گەورە زانا بەڕێزە بگیردرێن، بێ ئاگا لەوەی ئەو و باو باپیر و چەندەها پشتیشی نەبوون کاتێك ئەو پێشەوایانە گەڕاونەتەوە لای خوای تەعالا!! بەهەمان شێوە تەتار و مەغۆلەکان بە کردەیەکی دژ بە زانست و مرۆڤایەتی و موسڵمانان هەستان، ئەویش سوتاندن، یانیش فڕێدانی کتاب و توراسی ئیسلامی بوو لەدوای داگیرکردنی بەغداد لە ساڵی(٦٥٦) ی کۆچی، بە ئاستێك دەوترێت: ڕەنگی دیجلەی شین یاخود ڕەش کرد! بەڵکو پردیان بە پەرتووکەکان دروست کرد لە بەینی هەردو بەشی کەرخ و ڕوسافەی بەغداد، بۆیەش ئەو وەختە پێی دەوترێت: سەردەمی تاریك؛ چونکە ستەم لە مەعریفە و خوێندەواری و ژیاری موسڵمانان کرا!! ئەگینا پێشەوا گەلێك کتابەکانیان هی ئەو سەردەمەیە، بۆ نمونە ئیبنو تەیمییە نزیکەی (٥٠٠) پەرتووکی لەو عانەدا نوسیوە و سیوتی نزیکەی (٦٠٠) پەرتووك، هەروەها (لسان العرب)یش زادەی ئەو دەمەیە لە مێژوو. کەوابوو سەرفرازی و سەرکەوتن بۆ توراسی ئیسلامی و مێژووی درەوشاوەی موسڵمانانە. ئاخر موسڵمانان خاوەن زانیاری و زانست و بەرچاوڕۆشنین. لەولاشەوە خەڵکی تر تازە بە تازە ئەلیف و بای حەزارەتی وەرگرتووە و وەردەگرێت!

## عـەمبەر و ڕەیحان وەڵامی

# سەرنجەکان لەسەر ڕەوتی سەلەفییەکانی کوردستان



م. خليل احمد

الحمدلله، والصلاة والسلام على رسول الله، وعلى آله وصحبه ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين.

لە ژمارە(١٠)ی گۆڤاری (ڕێنوێن)دا بابەتێکم بەرچاوکەوت، بە ناونیشانی: (چەند سەرنجێك لەسەر ڕەوتی سەلەفیەت لە نوسینی: (محمد مەلا محمود تاوەگۆزی) دوای خوێندنەوەی بابەتەکە چەند تێبینیەکم لای خۆم تۆمارکرد، بەڵام بینیم ئەم وتارە زۆرتر هەڵدەگرێت.

جا خوێنەری بەڕێز، مەبەستم لە تێبینیەکانم بێدارکردنەوەی بەڕێزتانە لە هەوڵ و چەواشەکاری هەندێك کەس کە دەیکات لە شێواندنی ڕێگەی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ تێگەیشتنمان لە ئیسلامی ڕاستەقینە؛ چونکە بەڕاستی ئەوان کەسانی ژیر و بەڕێزی هەڵبژاردەی خودابوونە بۆ هاوەڵێتی پێغەمبەری خوا ﷺ ، وە شاهێد حاڵی دابەزین و پراکتیزەکردنی ئیسلام بوون، ئەوەش بزانە نوسەری ئەم بابەتە ناناسم و هیچ کێشەیەکەم لەگەڵی نیە، ئەم تێبینی و وەڵامانەشم وەك ڕاست کردنەوەو نەسیحەت و دیفاعێکە لە مەنهەجی دروستی سەلەفیەت.

نوسەر دەڵێت:(سەلەف یاخود سەلەفیەت ئەو چینە نمونەیی و ناوە پیرۆز و کەسایەتیە مەزنانە بوو)

وەڵام/ سەلەفیەت بەرنامەیەو بریتیە لە پڕاکتیکی ئیسلامی ڕاستەقینە، کە قورئان و سوننەتی صەحیح دەیخوازێت، نەك تەنها ناوێکی پیرۆز و کەسایەتیەکی نمونەیی و هاوەڵان و ئەوانەی دوای ئەوان، هەرچەندە سەلەف و ناوی سەلەفیش بێ گومان ناوێکی شەرعی و دروستە، بەڵام سەلەفیەت بەرنامەکەیان بووە، وە من دەپرسم ئایا بەرنامەی هاوەڵان جگە لە سەلەفیەت شتێکی تر هەبووە؟! بێ گومان نەخێر.

> باوەڕتان هەبێت ئەگەر مۆدێرنی ڕۆژئاوا ڕیش دانان و شەڕواڵ کورتکردنەوە بوایە ئەوا شوێنکەوتوانی مۆدێرنە وایان دەکرد. هەروەکو پێغەمبەر ﷺ ئاماژەی بەم شوێنکەوتنەوە کردووە، کە فەرموویەتی: (لو دخلوا جحر ضب لدخلتموه)، دیارە بەداخەوە وا وردە وردە هەست بەم دیاردەیە دەکرێت!!

٢- هەروەها دەڵێت:(سەلەفی بوون نزیکترین و ئەمینترین ڕێگا و ڕێبازە).

وەڵام/ بەڵکو سەلەفیەت تەنها ڕێگا و ڕێبازی ئیسلامی ڕاستەقینەیە، وەکو خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا ﴾ النساء: ١١٥

ئینجا دەپرسم ئەگەر سەلەفیەت نزیکترین ڕێگایە، ئەی ڕێگای ڕاست و دروست کامەیە؟! یان ڕونتر بڵێم: نوسەر و هەندێك لە ڕەخنەگران لەسەر کام ڕێگایەن؟ لە سەلەفیەت تەواوترە؟! ئەمەش دووچاری ئیشکالی گەورەیان دەکات، دەبێت بڵێن: سەلەفیەت هەموو ئیسلام نیە، ئەوەی خۆیان لەسەرنی هەمووو ئیسلامی تێدایە، ئەمەش دەبێتە پرسیار خستنە سەر مەنهەجی سەلەف!

٣- دەڵێت: (ئاخۆ بە تەنها ناو و نازناو و چونە ژێر ناوی سەلەفیەت بەسە)؟

وەڵام/ کێ لە مامۆستایانی سەلەفی، وە زانایانی مەنهەجی سەلەفیەت، وتوویەتی: تەنها ناو لە خۆنان بەسە؟!

ئینجا سەلەفی بوون لەبەر ئەوەی بەرنامەو بیروباوەڕە ناکرێ موسوڵمان حاشا لەو ناو و بەرنامە بکات با پلەی جێ بەجێ کردنی ئەو ڕێبازەش هەندێ نزم بیت، هەروەك چۆن سەرجەم موسوڵمانان ناکرێت تەبەڕڕا لە ناو و ئاینەکەیان بکەن کە هەرچەند پلەی کار و کرداریان لاوازە، سەلەفیەتیش ئاوهایە، تەبەڕڕا کردن لە سەلەفیەت تەبەڕڕاکردنە لە ئیسلامی ڕاستەقینە.

٤ - دەڵێت: (ناو و ناوەڕۆك دوو شتی لێك جودان (لا مشاحة في الاصطلاح).

وەڵام/ ڕاستە لەیەك جودان، بەڵام نەدەکرێت بەرنامەیەکی نادروست پەسەند بکەین، وە نە ناوێکی نادروستیش، پاشان زانایان وتوویانە: (الأفاظ قوالب المعاني)، بۆیە پێویستە ناوەکان شەرعی بن. وە ماناکانیان هیچ مانای خراپ و دەرهاویشتەی خراپی لێ نەکەوێتەوە، ئینجا قاعیدەی: (لا مشاحة في الاصطلاح ) ڕەها نیە، وە پێویستە کاکڵەی دروست لەخۆ بگرێت، وە نەبێتە مایەی کورت هەڵهێنانی ئیسلام و تەسك کردنەوەی بازنەی حەق، بۆ نمونە ناوەکانی: (القدرية، الجهمية، الاشعرية، الزيدية، القادرية، النقشبندية، الإخوانية، الصوفية .... هتد). یان هەر ناوێکی تر کە نەتوانێت ئیسلام لە خۆیدا کۆ بکاتەوە، ئەوە ئەو ناوە دروست نیە وە وەلائو و بەڕائیش لەسەری دروست نیە.

٥- دەڵێت:(موسوڵمانان لەمڕۆدا هەندێك شکڵ و شێوەو ناو و ڕواڵەتیان بەلاوە مەبەستە).

وەڵام/ بەڵام ناو دەبێ شەرعی بێت، وە نیسبەت بێت بۆ شتێکی ڕەوای گەورە نەك بازنەیەکی تەسك، وە نەبێتە مایەی جیاوازی. پاشان شکڵ و شێوەو ڕواڵەت دیارە مەبەستت پێی ڕیش و شەڕواڵ و جل و بەرگە، ئەمانەش کەم نین لای خەڵکی لە خوا ترس، دوای خوێندنەوەی بەڵگەکان لە فەرموودە صەحیحەکان، وە وتەی زانایانی مەزهەبەکانیش زۆر ڕوونن، بەڵام کەسانی بەتاڵ کە شوێنی هەواو ئارەزووی خۆیان دەکەون نە حەدیس و نە مەزهەبیش بە لایانەوە هیچ نیە، بەڵکو بەدوای مۆدێرنەدا دەگەڕێن، باوەڕتان هەبێت ئەگەر مۆدێرنی ڕۆژئاوا ڕیش دانان و شەڕواڵ کورتکردنەوە بوایە ئەوا شوێنکەوتوانی مۆدێرنە وایان دەکرد. هەروەکو پێغەمبەر ﷺ ئاماژەی بەم شوێنکەوتنەوە کردووە، کە فەرموویەتی: (لو دخلوا جحر ضب لدخلتموه)، دیارە بەداخەوە وا وردە هەست بەم دیاردەیە دەکرێت!!

٦- دەڵێت :(سەلەفیەکان بانگەشەی خاوەنداریەتی حەقیقەتی ڕەهای زانستی و شەخصی و مێژوویی و هزری بۆ خۆیان دەکەن).

وەڵام/ جیاوازی لە نێوان خاوەنداریەتی و خۆ نیسبەت دان دا زۆر جیاواز و ڕوون و ئاشکرایە؛ چونکە هەر کەسێك خۆی بە شوێن کەوتووی مەنهەجێك بزانێت پێی خۆشە هەڵگرانی ئەو مەنهەجە زۆربن، وە نەبووە بە عادەت پەیڕەوکارانی مەنهەجێك حەزنەکات کەس ئەو مەنهەجە هەڵگریت، بەڵام ئیشکالەکە لەوەدایە کە

> ئەوانەی هەر لە کۆتایی هەشتاکانەوە باس لە تەحەددیات و گۆڕانکاری و غەزوی فیکری و نازانم کوفری عالەمی و ماسۆنیەت و دەوڵەتی ئیسلامی و ململانێی سیاسی و هتد دەکەن لە پێش هەموو کەس خۆیان بوون بە قوربانی، باسیان لەهەرچی کرد، ئێستا خۆیان قوربانی دەستی ئەوانەن،

کەسێك دژی مەنهەجی سەلەف بێت و خۆیان بە سەلەفیەت وێنا بکەن و پیشانی خەڵکی بدەن، وەك لە کۆندا ئەشعەریەکان بەناوی ئەهلی سوننە قسەیان کردووە، یان هەندێك نوسەری شیعە دەڵێن: (الشيعه هم أهل السنه)، یان سۆفیەکان دەڵێن: (النقشبندية هم أهل السنة)، جا لەم کاتەدا کە ترس کەوتە سەر بەرنامەو ئاینی هەر پەیڕەوکارێك، لەسەری واجب دەبێت (مقصد)ی (حفظ الدين) بپارێزێت و دیفاع لە مەنهەجی حەق بکات، لەم کاتەشدا نەیارانی سەلەفیەت ئەم مافە بە پەیڕەوکارانی سەلەفیەت نادەن، دوا ئەنجام تۆمەتیان بۆ دەکەن.

٧ - دەڵێت: سەلەفیەکان پێوەرێکی زانستی و بابەتیان نیە بۆ لە بێژینگ دان و کەمکردنی بابەتەکان.

وەڵام/ باشە پێوەرەکان چین کە لە سەلەفیەتدا نەبن، نا بەڵکو تەنها سەلەفیەکان ئەو پێوەرانەیان هەیە کە دروستە دوای فەزڵی خوای گەورە فەزڵی هەبوونی دەگەڕێتەوە بۆ مەنهەجە ڕەواکەیان، ئەوەش بەوردی و تێر و تەسەلی لە کتێبەکانیاندا هەیە، وە پێوستیش ناکات وەك عادەتی حیزب و تاقم و ڕێکخراوەکان پرۆگرامی ناوخۆیی و دەرەکییان بە نوسراو هەبێت؛ چونکە ئەمان هەموو کەلتوری دروستی ئیسلام بەرنامەیە بۆیان، نەك دەستورێکی کاتی و کەسی و ناوچەیی، یان ڕونتر بپرسم نەیارانی سەلەفیەت و سەلەفیەکان چ پێوەرێکیان هەیە لە سەلەفیەت چاکتر بێت، یان لە پابەندبوونی سەلەفیەکان بە مەنهەجی سەلەفەوە چاکتر بێت؟!

٨- دەڵێت: (سەلەفیەکان لە بانگەشەی خاوەنداریەتی و نەبونی پێوەرێکی زانستی و بابەتیانە کە ئەمانەش دواجار ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوان گروپ و مەزهەب و مەدرەسە جیاواز ئیسلامیەکاندا دروست دەکات).

وەڵام/ زەمانەت لەسەر شانی سەلەفیەکان نیە، بەڵکو لەسەر هەموو لایەکە کە بە تەندروست ئیسلام جێبەجێ بکەن، وە بەتایبەتیش لەسەر ئەو کەس و لایەن و تاقمانەیە کە پێچەوانەی ڕێنماییەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ کار دەکەن. لەوانەیە کەسێك بڵێ: هەمووتان دەڵێن: ڕێنماییەکانی پێغەمبەر ﷺ ؟!

وەڵامم ئەوەیە پێوەر و بەڵگەی تەفصیلیە لە سوننەتی پیغەمبەری خوا ﷺ لەسەر هەر شتێك و بە تێگەیشتنی هاوەڵان، ئینجا نوسەر دەیەوێت گروپ و مەزهەبی جیاجیا هەبێت و ناکۆکیش نەبن، نا بەو شێوەیە نابێت، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (فإنه من يعش منكم فسيرى اختلافا كثيرا فعليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين)، ئەوەش بزانن ئێستا کەسان و ڕەوتی وا هەیە لە نێو گروپ و مەدرەسەو حیزبە ئیسلامیەکان باوەڕی بە حەدیس نیە، وە هەیە باوەڕی بە حەدیسی (ئاحاد) نیە، وە هەیە باوەڕی بە سوننەتی (خولەفا) نیە، کەسانی وا هەن نەك هەر پێوەریان نیە، بەڵکو هەموو پێوەرەکانیشیان فرۆشتووە بە دونیایەکی کەم.

٩ - دەڵێت: (وە سەرەنجام حەقیقەت لە خۆیاندا قۆرغ دەکەن).

کاکی خۆم ئەمە باسی مەنهەج و دین و بەهەشت و دۆزەخە، یەعنی دەبێت من بڵێم: هەندێك لە مەنهەجەکەم ڕەوایەو هەندێکی

تریش نارەوا؟! یان بڵێم: نەیارانی مەنهەجەکەی من لەسەر حەقن وە مەنهەجەکەم نوقسانی هەیە؟! بەڵام ئەوەش هەیە ئەگەر حەق لە شەخسەکاندا کۆکرایەوە ئەوە ناڕەوایەتیە وە ئەوە ئێمەین دەیڵێین: مەزهەبی شافیعی . ڕەحمەتی خوای لێبێت . هەموو حەقی کۆنەکردۆتەوە، وە بەڵکو هەر چوار مەزهەبەکە ناتوانین بڵێین: لە دەرەوەی ئەو چوار مەزهەبە هیچ حەقێکی تر نیە، هەروەها ئەلبانی و ئیبن باز و شێخ موقبیل و هتد.

١٠ - دەڵێت: (سەلەفیەکان تەنها ئەو دونیایە دەبینن و دەخوێننەوە کە خۆیانی تێدان، سادەتر بڵێین: نەخوێندەوەی فیقهی واقع).

وەڵام/ ئەمەش تەنها تۆمەتە، وە هیچ بنەمایەکی ژیرانەی نیە، من نازانم جگە لە سەلەفیەکان لە واقیعدا چیان کردوە لە چەسپاندن و زیندووکردنەوەی بیروباوەڕی دروست و فیقهی کیتاب و سوننەت و بڵاوکردنەوەی زانستی شەرعی و برەودان بە حەدیس و گونجان لەگەڵ واقیعی کوردستان بەبێ واز هێنان لە مەزهەبی خۆیان، وە بەبێ لێك خشان لەگەڵ نەیاران و دوژمناندا، وە نەبوون بە مایەی کوشتن و خوێن ڕێژی و سەرلێشێواندنی خەڵك، ئەگەر بەوردی دیراسەتی مەزهەب و مەلا و حوجرەکان بکەین لە کوردستاندا دەبینین چەندین کون و کەلەبەریان هەبوو لە برەونەدان بە عەقیدەو زانستی قورئان و حەدیس و حەڵاڵ و حەڕامدا، ئەوە خەرمانێك لە نەخوێندنەوەی واقیع دەبینین، یان ئەگەر دیراسەی ئەحزابی ئیسلامی بکەین، وەك ئەو هەموو کوشت و کوشتار و توندڕەوی و پاشان شل بوونەوەو توانەوەی فیکری و وازهێنان و نەفرەت کردنەیان لە ڕابردوویان و بە هەدەردانی توانا و سەرمایەکانی لاوان کە بەڕاستی نە زمان و نە پێنوس فریا ناکەوێت تۆماریان بکات، ئینجا نازانم نوسەر باس لە کام گۆڕانکاری ناوچەییە دەکات، وە دەبێت لەگەڵ هەموو گۆڕانکاریەك چی بگۆڕێن؟ من بۆ وەڵامی ئەم بڕگەیە بە ئەزمونی خۆم وەڵام دەدەمەوە ئەوانەی هەر لە کۆتایی هەشتاکانەوە باس لە تەحەددیات و گۆڕانکاری و غەزوی فیکری و نازانم کوفری عالەمی و ماسۆنیەت و دەوڵەتی ئیسلامی و ململانێی سیاسی و هتد دەکەن لە پێش هەموو کەس خۆیان بوون بە قوربانی، باسیان لەهەرچی کرد، ئێستا خۆیان قوربانی دەستی ئەوانەن، گەنج و مامۆستا و بانگخوازی وا هەبوو لە هەشتاکان و نەوەدەکاندا زۆر پابەندبوون بە ئیسلامەوە وە زۆر گەرموو گوڕبون لەسەر عیبادەت و حەڵاڵ و حەرامکردن، بەڵام ئێستا باسی مەدەنیەت و دەوڵەتی یاساو دیموکراسیەت و دژایەتی ڕابردوی خۆیان دەکەن لە میدیاو کۆڕ و کەناڵەکاندا، ئەمە بو فیقهی واقیع؟! ئینجا بەڕاستی دەمەوێت ئەوە بڵێم: فیقهی واقیع بەبێ فیقهی ئەحکام فلسێك بەهای نیە، وە ناشزانم زاناکانی کوردستان کێن ئێمە نایانناسین؟ ئەی مەگەر لە دونیایەکی ئەلکترۆنیدا ناژین؟! . ئینجا فیقهی ئەحکامیش بەبێ فیقهی واقیع زیانی خۆی هەیە ئەوە ڕاستە، بەڵام دڵنیابن هەرکەس بەڕاستی فیقهی ئەحکامی هەبێت لەسەر مەنهەجی سەلەف، فیقهی واقعیشی دەبێت؛ چونکە ئیسلام ناسی گەرەنتیە بۆ دونیاناسی.

هەر کەس بەڕاستی فیقهی ئەحکامی هەبێت لەسەر مەنهەجی سەلەف، فیقهی واقعیشی دەبێت، چونکە ئیسلام ناسی گەرەنتیە بۆ دونیاناسی.

١١- دەڵێت:( سەلەفیەکان حوکم و بەڵگە شەرعیەکان لەغیابی واقع دا جێبەجێ دەکەن وە زۆر بێباکانە فقهی وڵاتێکی تری جیاواز لە واقعی کۆمەڵگەی ئێمە دەسەپێنن ).

وەڵام/ نوسەر دەیەوێت بڵێت: شوێنکەوتوی مەزهەبێکی ترن لە وڵاتێکی ترەوە هێناویانە، بەڵام بەدڵنیاییەوە سەلەفیەکانی کوردستان مەزهەبی نین، وە بێ ڕێزیش ناکەن بەرامبەر مەزهەبەکان، بەڵام شوێنکەوتووی بەڵگەن، لای هەر کەسێك بێت، وە هەڵەی هیچ زانایەك وەرناگرن وە دەمارگیریان بۆی نیە، لەوانەیە کەسێك بڵێت: باشە بۆچی زیاتر کتێبەکانی زانا حەنبەلیەکان دەخوێننەوە وەك ئیبن بازو ئیبنو عوسەیمین و فەوزان و هتد، هەڵبەت ئەمەش لەبەر دوو هۆکارە:

١. ئەم زانایانە لەسەرخستنی عەقیدەو مەنهەجی سەلەفیدا زۆر کاری باشیان کردوە، وە ڕۆڵی بەرچاویان هەیە، بۆیە ئەمەش دەبێتە هۆکار فەتواو بابەتە فیقهیەکانیشیان بخوێندرێتەوە...

٢. ئەم زانایانە لە تەقلیدی مەزهەبەکانیان دەردەچن، ئەگەر بەڵگە هەبوو وە خۆیان ئیجتیهاد دەکەن. جا من لێردا دەپرسم کام لە مەلاکانی کوردستان ناسراوە بەسەرخستنی تەوحیدو دژایەتی شیرك و بیدعەت، وە هەوڵی سەرخستنی عەقیدەی سەلەفی دابێت، ئەی کتیبەکانی مامۆستایان وەکو النسفیە لە عەقیدە والنسفی و الکشاف و الخازن . چەندینی تریش لە تەفسیر . شاهێدنین بەسەریانەوە؟ وە ئایا مەلایان بە دەلیل حوکم دەکەن، یان تەنها بە چەند کتیبێك لە موتەئەخیرینی مەزهەبی ئیمامی شافیعی . ڕەحمەتی خوای لێ بێت . پاشان برایانی بەڕێزم لە کوردستان زانای هەڵکەوتو لە عەقیدەی سەلەفیدا نەبووە تا قوتابیانی عیلم لە سەلەفیەکان لە دەوری کۆببنەوە، وە هەندێ مەلاو کەسانی حیزبی ئەوەندەی سەرقاڵبونەو ناسراون بە لێدانی مەنهەجی سەلەفی ناکرێت ببنە جێگەی متمانە، وە سەلەفیەکان شوێنی حەنبەلیەکان ناکەون لەبەر ئەوەی حەنبەلین، بۆ نمونە: زیاتر دیراسەی کتێبەکانی شێخ ئەلبانی و شێخ موقبیل و زانایانی ئەهلی حەدیس دەکەن، پێویستە ئەوەش بڵێین: ئیبن بازو فەوزان و ئیبنو عوسەیمین موقەللید نین، بە ئەهلی حەدیس دادەنرێن.

١٢- دەڵێت: ( قوڵ دانەچون و سەرپێی و پەلەکردن لە فتوادا ).

وەڵام/ ئەم قسانە زۆر جار دەکرێن وە هیچ بنەمایەکیان نیە، مەبەست لێیان ناشیرن کردنە! بەڵام سوپاس بۆخودا واقیع ڕۆژ لەدوای ڕۆژ نادروستی ئەم قسانە ئاشکرا دەکات وە زۆریان دەڵێن: سەلەفیەکان عیلمی کەلام و مەنتیق و ئوسوڵ و چی و چی ناخوێنن، وە تەنها چەند نامیلکەیەك بەدەستەوە دەگرن و فەتوای پێ دەدەن، یان تەنها حەدیس دەخوێنن، بە کورتی دەڵێم: عیبرەت بەوەنیە مرۆڤ شانازی بەخۆیەوە بکات، بەڵکو وەرن بەشێوەیەکی مەیدانی حوکم و فەتواو بڕیاری سەلەفیەکان چین کە موخالیفن بەدەقی شەرعی و فەهمی سەلەف ئەوانە باس بکەن کە سەلەفیەکان چیان وتووە زانایان نەیان گوتبێت.

١٣- دەڵێت: ( نەبەزاندن و دەرنەچوون لە بازنەی ئەو نوسین و نوسەرانەی کەپەسندکراو وەرگیراوون لەلایەن ئەم ڕەوتەوە، واتا کار کردن بە بنەمای (حصر المصادر).

وەڵام/ بۆ لای کام وە کێ دەربچن بۆ لای بەناو موفەکیر و سەردەم خوازەکان، ئینجا دەکرێت مرۆڤ یاری بەچارەنووسی ئاینی خۆی بکات و کتێبی هەموو موبتەدیعێك بخوینێتەوە؟! نا.. وانیە، زانایانی ئەهلی سوننە ئەمەیان قەدەغە کردووە، بڕوانە شافیعی . ڕەحمەتی خوای لێبێت . چی دەڵێت: (حكمی في أهل

الكلام أن يضربوا بالجريد والنعال ويطاف بهم في العشائر ويقال لهم هذا جزاء ما تركتم الكتاب والسنة).

ئینجا (حصر المصادر) ئەگەر خراپە؟! ئەی کێ لە زانایان وتوویەتی: (إطلاق المصادر)، یان (عدم حصر المصادر)، کارێکی باشە؟! پاشان سەرچاوەکان و کتێب و زانایانیش هەموو بە (موافقە)ی قورئان و سوننەت کۆك دەکرێن، وە خوای گەورەش دەفەرمووێت : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَلَا تُبۡطِلُوٓاْ أَعۡمَٰلَكُمۡ ﴾ محمد:٣٣ کەواتە: هەرچیەك پێچەوانەی قورئان و سوننەت بێت بەتاڵە.

١٤- دەڵێت: ( دووره پەرێز لە بەڵگە لۆژیکیەکان و ئیکتیفاکردن تەنها بە بەڵگە نەقلیەکان ) .

وەڵام/ بەڵگە تەنها نەقڵین، وە ڕۆڵی ئەقڵیش تەنها بۆ خزمەتکردنی نەقڵە، وە نابێت بەسەر نەقڵدا پێش بخرێت، وە قسەی نوسەریش لە بابەتی: (كلمة حق يراد بها الباطل) ە؛ چونکە ئەوانەی ئەمانەمان پێ دەڵێن: ئەوەندەی بە هەواو و ئارەزوو . کە ناویان ناوە ئەقڵ . کار دەکەن، ئەوەندە بە نەقڵ کار ناکەن! وە چەندین ئایەت و حەدیس هەن لەکارخراون لەبەرئەوەی لەگەڵ عەقڵیان . ئارەزووەکانیان . نایەتەوە!

١٥- دەڵێت: (دووره پەرێزی لە باسکردنی سیستەمی حوکمڕانی و بەگژ دانەچوونەوەی گەندەڵی دەسەڵاتە ستەمکارەکان) وە (لاوازی هێزی مەعنەوی وەلائو بەرا)

وەڵام/ چۆن باسی حوکمڕانی بکەین؟ وەك ئیسلامیەکان بەتوندڕەوی و تیرۆری دوێنێی خۆیناویان، یان هەڵبژاردنی دیموکراسی و پێکەوە ژیان و نوێگەری. ئینجا کە باسی وەلائو و بەرا دەکات من دەڵێم: کوا ئەوانەی تەکفیری کار بەدەستانیان دەکرد، . هەرچەندە ئێستاش لە ژووره داخراوەکاندا تەکفیریان دەکەن . ئێستا سەردانیان دەکەن و دەنگیان پێ دەدەن و پەیمان نامەو شەراکەتی سیاسیان لەگەڵ دەبەستن، ئەوجا بەگژداچوونەوەی گەندەڵی دەسەڵات ئەگەر موسوڵمانە لە مەنهەجی ئەهلی سوونەت بە دەقی شەرعی کۆتایی پێ هاتووە، ئەمەش مانای وانیە کە پشتگیری بکرێن لە گەندەڵیداو بۆیان پەردەپۆش بکرێت، بەڵام ئەمانە نابێت بکرێنە جێگەی ململانێ و دەرچوون، بەڵکو چارەسەری سوننەتانە هەیە.

١٦- دەڵێت: (خۆ سەرقاڵکردن بە ئایەتە موتەشابیهەکانەوە)

وەڵام/ مەبەستیان ئایەتی ئەسماو و سیفاتە؛ چونکە ڕەخنەگران یان (مفوضة)ن کە کەیفیان بە سیفاتی ئیلاهی نایەت، یان ( مؤولة)ن ناتوانن ماناکان بسەلمێنن، بۆیە ناچار بۆ داپۆشینی عەیبەکانی خۆیان دەڵێن: سەلەفیەکان خەریکی موتەشابیهاتن.

١٧- دەڵێت : ( بەکافر و موشریك دانانی خەڵك، کە زۆر بە ئاسانی بەهۆی تاوانێکەوە تۆمەتی شیرك و کافربوون دەدەنە پاڵ موسڵمانان)

وەڵام/ دوورترین تاقم لە تەکفیر کردن و بەکافر دانانی خەڵك سەلەفیەکانن، تەنانەت کەسانێکی توندڕەو بە سەلەفیەکان دەڵێن: (مورجیئە)، لەبەرئەوەی تەکفیری کەسانی دیاری کراو ناکەن، دەڵێن: (تكفير المعين) بە سەخت دەزانن، وە دەڵێن: پێویستە (توفر الأسباب و انتفاء الموانع) هەبێت، وە ئەوەشی ئەم ناڕونیەی دروست کردووە ئەوەیە سەلەفیەکان جیاوازی دەکەن لە نێوان (تكفير المطلق) و (تكفير المقيد)، سەلەفیەکان (تكفير المطلق) دەکەن ئەوەی کە لە کتاب و سوننەتدا بە کوفر هاتبێت، دەڵێن: کوفرە وەخاوەنەکەشی کافر دەبێت.

بەڵام حوکم دان بەسەر کەسەکەدا دەڵێین: پێویستە کەسانی شارەزا بەوە هەستن جا شلڕەوەکان کە سەلەفیەکان دەبینن تەکفیری موتڵەق دەکەن، پێیان دەڵێن: ئێوە خەڵك کافر دەکەن، وە توندڕەوەکانیش کە دەبینن سەلەفیەکان تەکفیری موعەیەن ناکەن، دەڵێن: ئێوە (مورجیئەن)، وە زۆرجار دەڵێن: ئێوە موسوڵمان (تەکفیر و تەبدیع) دەکەن، وە دەڵێن: (من حلف بغير الله فقد أشرك )، وە( كلها في النار إلا واحدة) وە (دعاة على أبواب النار)، چۆن دەبێت ملیۆنەها موسوڵمان بچێتە ئاگرەوە، بەڵام نازانن ئەمە حوکمی موتڵەقەو مەبەستیان کەسانی دیاریکراونیە؛ چونکە ئێمە ناتوانین حوکم بەسەر تاکی سەلەفیشدا بدەین کە دەچێتە بەهەشتەوە.

ووتاری
کۆن و هاوچەرخ
و ڕابردو و ئێستا و
داهاتووی سەلەفیەکان،
هەر بریتیە لەو ئیسلامەی کە
خوای گەورە دەفەرمووێت:
﴿ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ
ٱلۡإِسۡلَٰمُ ﴾

١٨- دەڵێت: (زۆ بەئاسانی فەتوای بۆچونی کەڵە زانایانی ئیسلام وەلا دەنێن)

وەڵام/ هەڵە هەڵەیە، کەڵە زانا بیکات، یان قوتابی عیلم، لەو ڕووەی کە هەڵەیە. بەڵام سەلەفیەکان لەگەڵ زانایان دەبن وە دەزانن زانایان لە گیرفانی خۆیانەوە دەریان نەهێناوە، وە بە بەڵگەو بەڵگەخوازی ( الدليل و الاستدلال )ی ئەوانیش دەزانن، بۆیە بۆچونی بەهێزو بێهێزی ئەوان دەزانن وە بۆچونی ڕاجیح وەردەگرن.

١٩- دەڵێت: ( زۆرینەی فەتواکانیان گریمانەو مەرج و ئەگەری تێدا نیە)

وەڵام/ پەیامبەری خودا ﷺ فەرموویەتی: (تركتكم على المحجة البيضاء ليلها كنهارها لا يزيغ عنها إلا هالك) بۆیە حەق ڕوون و ئاشکرایە، وە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ فَمَاذَا بَعۡدَ ٱلۡحَقِّ إِلَّا ٱلضَّلَٰلُۖ فَأَنَّىٰ تُصۡرَفُونَ ﴾ یونس: ٣٢ لەگەڵ ئەوەشدا بۆ عەوامی خەڵك باسی ڕا جیاوازی وە وتەی زانایان کەڵکی نیە، ئینجا سەلەفیەکان وەك کەسانی تر باوەڕیان بەوەنیە کە:(كل مجتهد مصيب)، بەڵام دەڵێن:(كُلُّ مجتهد مأجور).

٢٠ - دەڵێت : ( نەبونی وتارێکی هاوچەرخ و گونجاو لەگەڵ واقعی ڕۆژدا)

وەڵام/ ووتاری کۆن و هاوچەرخ و ڕابردو و ئێستا و داهاتووی سەلەفیەکان، هەر بریتیە لەو ئیسلامەی کە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلۡإِسۡلَٰمُ ﴾، جا نازانم وتاری هاوچەرخی هاوەڵان کامەبووە؟! یان هی شوێن کەوتوانیان؟! پاشان دوای ئەوان؟! پاشان وتاری هاوچەرخی زانایانی چوار مەزهەبەکە و ..هتد.

نازانم ئەم لەخۆوە قسەکردنە بۆچی؟! بەهەرحاڵ قسەی زۆر هەڵدەگرێت بەڵام لە کۆتاییدا لە خوای گەورە داواکارم هیدایەتی هەموو لایەکمان بدات بۆ ئیسلامی ڕاستەقینە، کە بریتیە: لە مەنهەجی سەلەفی صالح، ئامین ..



# پارێزگاری کردن لە شووشەکە

## ئەستەم تر و دژوار ترە شکانی شووشەکە

م.أبومسلم ئاریانی

وێچواندنێکم لە نووسراوێك بەدی کرد سەرنجی ڕاکێشام تا بەبەر ئەو واقیعەی ئێمەی تێداین هەڵیکێشم و ڕوونی بکەمەوە ئاخۆ ئەم باس و خواسەی جیهاد و تێکۆشانەی لەلای ئەم گرووپ و تاقمانەی ئەم سەردەمە بانگەشەی بۆ دەکرێت تا چەند لەڕاستییەوە نزیکە و شەرع پێی ڕازییە، ئاخاوتنێکی سادە دەکات و دەڵێت:

( گەر داوات لێ بکەن و پێت بڵێن: ئەم شووشەیە بشکێنە بێگومان کارێکی ئاسانە، چونکە داواکە هیچی تێناچێ، بەچاو نووقانێك شووشەکە دەشکێنێت و کۆتایی پێ دەهێنیت، بەڵام گەر پێت بڵێن: پارێزی لەم شووشەیە بکە و لە شکان بیپارێزە لێرەدا ئەم کارە هەوڵ و کۆششی زیاتری پێ دەوێت، چونکە شووشە خۆی ئەگەری شکانی لەسەرە ).

بەڵام بەداخەوە زۆربەی کەسەکان وا گومان دەبەن کەوا ئازایەتی لە شکاندنی شووشەکەدایە و خۆی لەخۆیدا واتای نەبەردی دەبەخشێت، کەچی ڕاستییەکەی لە پێچەوانەکەی دەبینیتەوە.

ئەمە ڕێك لەگەڵ باسی کوشتارکاری بەناو جیهاد و نواندنی بەد ڕەفتاری بەناوی ئایین دێتەوە، کە هەندێ کاولکاری و کوشتن و کۆتایی هێنان بە ژیانی کەسانێك و لەبار بردنی خورپەی شادی نێو دڵەکان لە قاوغی جوامێری لە شکانی شووشەکە دەبیننەوە!

بێ ئاگا لەوەی کە خواستی شەریعەت لە پارێزگاری کردنی خوێن و ماڵی بەندەکاندایە و وەك پارێزی کردن لە شووشەکە هەڵوەستە و تێڕوانینی قووڵ و لە فکر ڕاچوونی دەوێت! بەڵام بابای تازە هەڵکەوتووی پێگرتوو ڕاستاوێژ لەگەڵ توندڕەوی و بە خەیاڵ پڵاوکردن دەست و بازووی خۆی لێ هەڵدەماڵی و لێی دەکەوێتە ژیان پۆڵا، بێ ڕەچاوی کردن و بیرکردنەوە لە دەرەنجامەکان خوێنی موسڵمانان هەراج دەکات.

> بابای تازە هەڵکەوتووی پێگرتوو ڕاستاوێژ لەگەڵ توندڕەوی و بەخەیاڵ پڵاوکردن دەست و بازووی خۆی لێ هەڵدەماڵی و لێی دەکەوێتە ژیان پۆڵا، بێ ڕەچاوی کردن و بیرکردنەوە لە دەرەنجامەکان خوێنی موسڵمانان هەراج دەکات.

ئەو دەیەوێت مەسئولیەتی پاراستنی شووشەکە لە ئەستۆی هەڵبگیرێت، چونکە خۆ لەقەرەی خراپەدان و بەپیر شەرعەوە نەهاتن بۆ ئەو ئاسانترە وەك دەڵێن: (پێچی مێزەرە)! نەوەکا پارێزی کردن لە بەها شەرعیەکان، خۆ دزینەوەیشە لە کاری حەکیمانە و دانانی شتەکان لە شوێنی گونجاوی خۆی.

پارێزی کردن لە شکانی شووشەکەش وەك پارێزی کردن لە خوێنی مرۆڤەکانە، دەبێت چاودێری بکرێن لەلایەن پارێزەرانی و ئەوانەی مەشقەوەر و کاران بۆ تەنانەت جیهادی ڕەوا و شەرعیش، کە لەگەڵ گەشەی کەسی کۆششکار تێڕوانینی تەواو بۆ

جیهاد و تێکۆشان بەرجەستە دەبێت، هەر لەبەر ئەوەیشە شەرع هەڵمان دەنێت کەوا جیهادی نەفس پێش جیهادی ڕووبەڕوو بوونەوەی بێباوەڕان بخەین، و هەروەها شارەزاییش پەیدا بکەین لە فیقهی جیهاد، کە بەکورتی خۆی دەنوێنێ لە حوکمی جیهاد و ئادابی کوشتارگەری و جیهاد لەسەر کێ واجب دەبێت و کەی دەبێتە فەرزی عەین وچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دیلەکان و ئەوانەی کوشتاریان دەرحەق دەکرێت کێن و ناسینەوەی ئەهلی سوڵح و جەنگاوەرەکان، هەروەها باسی دەستکەوتەکانی شەڕ (غنیمە) و ئەهلی زیممە و باسی جزیە و..هتد.

گەر سەرنج بدەین سەرەتا هاوەڵان (ڕەزای خوایان لێبێت) بەهۆی چەشتنی ئازار و مەینەتی و شار بەدەر کرانیان لەلایەن سەرانی کوفر، خواستی تۆڵە سەندنەوە و ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمنانیان ڕۆژ بە ڕۆژ لایان زیادی دەکرد و هەڵی دەنان و ناخیانی جۆش دەدا.

بەڵام تا لە هەڵە بڕیاردان و لە مومارەسەی بەناو جیهادێك کە لە چوارچێوەی شەرعی خوادا جێی نابێتەوە دووریان خاتەوە ئەوانی تێنەکەوێ سەرەتا خوای گەورە بەری گرت لە جەنگان لەگەڵ کافران.

لەبری ئەوە فەرمانی ئارام گرتنی پێ کردن، تا ڕێزبەندی جۆری جیهاد . کە جیهادی نەفس دەسپێکە . تێك نەچێت و سەرکەوتنیش دەسهاتیان بێت.

خوای گەورە فەرمووی: ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَـٰتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُواْ وَإِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ﴾ الحج: ٣٩.. واتە: مۆڵەت دراوە بەو ئیماندارانەی کە شەڕیان بەسەردا سەپێنراوە، بجەنگن و بەرهەڵستی بکەن؛ چونکە ناهەقییان لێکراوە، بێگومان خوا دەسەڵاتی هەیە کە سەریان بخات.

گەر سەرنج بدەین لە ئایەتەکەدا(أُذِنَ) هاتووە، واتە: مۆڵەت دران؛ دیارە بۆ ماوەیەك خوای گەورە نەیهێشت بچن بەگژ بێباوەڕەکانەوە حیکمەتی خوایی وای خواست، بەڵکو ئارام گرتنیان پێ سپێردرا. تیسیر الکریم الرحمن: ٥١٢.

بۆیە زانای پایەدار ابن قیم الجوزیە . ڕەحمەتی خوای لێبێ . لە کتێبە نایابەکەیدا: زادالمعاد (بەرگی ٢، لاپەڕە:٥٤ بەدواوە) نیگایەك بەدەم ئەم باسە گرنگەدا دەکات و ئاماژەش دەکات بە باسی جیهاد وەك ئەرك و ڕەوشتی جوان و لەبار نواندن لەم ڕووەوە.

پاشان لە باسی پلەکانی جیهادیش گوزارشت لە پێش خستنی جیهادی نەفس بەر لە جیهادی ڕووبەڕووبوونەوەی بێباوەڕان دەکات، هەوڵی ناساندنی دوژمنی سەرکەش و ڕاستەقینەی مرۆڤەکان کە شەیتانی نەفرین لێکراوە دەدات.

چونکە مەشقەوەر بۆ جیهاد ڕاپەڕاندنی فەرمان و ئەرکەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجە شەرعیەکان و سەرکەوتنێك کە خوا پێداو پێ ڕەوا بێت لایەق بە کەسانێکە بەر لە هەنگاو هەڵهێنان گەڕانەوە بۆ شەرع دەکەن بە ئەولەویاتی کارەکەیان و بەپێی شەرعی خوا هەڵوێست لەمەڕ کارەکان دەردەبڕن، لێ کۆڵینەوە لە دەرئەنجامەکانی دەکەن، دەشزانن کە دەبێ خۆی بۆ کێ بنێتەوەو سەنگەر بەندی لە دژی کێ بکات.

کەسێ لە ململانێی نەفسەکەی پێ خلیسکاو و دۆڕاوبێت ناتوانێت بەسەر دوژمنانی ئاینەکەیدا زاڵ بێت، سەرکەوتن بۆ پەیڕەوکارانی شەرعی خواو پابەند بووانی فەرمانەکانیەتی، ئەوانەی لە خەشم و سزای دەترسن و خۆپارێزی لە بڕیاری بە پەلە دەکەن، بە ناڕەوا ڕووی شمشێرەکانیان ناکەنە هیچ کەسێ و پێناسی کافر بۆ موسڵمان هەڵناگرن؛ چونکە ژیان خۆی ئەزموونە دەبێ لە ڕێی خواو نابێ لە موجازەفەدا بجەرپێندرێت.

ئا ئەوانەن لە واتای ژیان گەیشتوون، بۆیە هەرگیز لە هەوڵی قرکردنی ژیانی کەسدانین و نابن، دەزانن کە شکست ئەنجامی ئەو بیرو کردارانەیە کە شکستیان لێدەکەوێتەوە، ئەگەرچی لە بەرانبەر ئەوانیشەوە کەسانێك ئەمڕۆ لێرە و لەوێ کە لەسەر پنجی خەواریجەکان ڕوواونەتەوە، بە چاویلکە ڕەشەکەی ئەوان دەڕواننە کۆمەڵگای ئیسلامی ئەم سەردەمە، هەروەکو دەبینرێن چۆن نیگایان تامەزرۆی سەدان ساڵی لێ دەچۆڕێتەوە درمیان بە کوشتنەوە گرتووە.

ئەمەشیان
زادەی باریکی
ناهەمواربوو لە ڕابردوویەکی
تاڵ کە مێژوویەکی ڕەشیان بۆ
نەوەی دواى خۆیان تۆمارکرد،
کاتێ بەناوی جیهاد و نزیك بوونەوە
لە خوا خوێنی موسڵمانانیان
هەرزان فرۆش کرد.

هەروەکو لە چەندین فەرموودەی دروستدا ئاماژە بەم حاڵەتەیان کراوە ئەوانەن کە تور دەدرێنە ناو ئاگر، کە لە زوویەکەوە لەلایەن پێغەمبەری خواوە ﷺ بە ((کلاب النار)) ناوزەند کراون (مصنف عبد الرزاق :ح ١٨٦٦٣وغیره)، واتە: سەگی نێو ئاگر!

پێغەمبەری خوا ﷺ بەر لە سەرهەڵدانیان باس لە (سیفات و گوتار و ڕەفتار و حاڵیان، ..هتد) دەکات تا ئوممەتەکەی لە دەست وشەڕیان سەلامەت وپارێزراوبن و فریوی داوای بەتاڵیان نەخۆن.

کاتێکیش کە چواندوونی بە سەگ، لەبەر ئەوەیە سەگ حەپە حەپ دەکات و بەم چەشنە دوژمن لە قەومەکەی ئاگادار دەکاتەوە و بەم هۆیەوە شکستیان پێدێنێت، یان ئەگەر برسی بێت گاز لە کلکی دەگرێت و دەیخوات.

هەروەکو چۆن ئەوانیش زیان بە خۆیان و موسڵمانان دەگەیەنن و بیانوش دەدەن بە دەست نەیاران و لە زیان گەیاندن بە موسڵمانان هاوئەرکێتیان دەکەن!

تارادەیەك لادانیان لە ڕێڕەوی شەرع و خۆ جیاکردنەوەیان لە گرۆی موسڵمانان لای پێغەمبەری خوا ﷺ کرا بە پێوەر بۆ ناسینەوەیان، بۆیە لە وەسفیان دەفەرمووێت: ((یقتلون أهل الإسلام ویدعون أهل الأوثان))، البخاري:٣٣٤٤، ومسلم:١٠٦٤. واتە: کوشتاری موسوڵمانانیان پێ ڕەوایە و . موسڵمانان دەکوژن . وازیش لە غەیرە دین و بتپەرستەکان!!

ئەمەشیان زادەی باریکی ناهەمواربوو لە ڕابردوویەکی تاڵ کە مێژوویەکی ڕەشیان بۆ نەوەی دوای خۆیان تۆمارکرد، کاتێ بەناوی جیهاد و نزیك بوونەوە لە خوا خوێنی موسڵمانانیان هەرزان فرۆش کرد.

خۆزگە دەیانزانی چۆن چۆنی ڕەفتار بکەن و چیتر لەمەودوا پەڵەی ڕەش نەخەنە سەر ئاسمانی بێگەردی ئیسلام.( بشزانن کەوا پارێزی کردن لە شووشەکە ئەستەمتر و دژوارترە لە شکانی شووشەکە ! ).

# ئایا ڕاستە سەلەفییەکان
# لە ڕووی دەروونیەوە نەخۆشن
## یان فاشیلن و دنیایان ناشرین کردووە

م. عطا پێنجوێنی

**الحمدلله رب العاليمن، والصلاة والسلام على أشرف الأنبياء والمرسلين، نبينا محمد، وعلى آله وصحبه أجمعين.**

وەڵامێك بۆ: (عبد الله ڕیشاوی) كە لە ژمارەی (١٠٢) گۆڤاری (چركە) دا دەربارەی سەلەفیەكان دەڵێت: (فاشیلن و دنیایان ناشرین كردووە لەڕووی دەروونیشەوە زۆربەیان نەخۆشن و لەڕووی سیاسیشەوە كلكی ئەم و ئەوون، هیچ داهاتوویەكیشیان نییە). كاتێك پرسیاری لێ دەكەن بەوەی چۆن دەڕواننە باری سەلەفییەكان؟ داهاتوویان چۆن دەبێت؟

- وەڵام/ بەكورتی: (سەلەفییەكان سەركەووتوون، دونیایان جوان كردووە، لەڕووی دەروونیشەوە ساغن، لەڕووی سیاسیشەوە كلكی كەس نین و داهاتوشیان ڕوونە وەكو ڕۆژی ڕووناك وایە بەویستی خوا).

پاشان ڕوونكردنەوەی ئەمە بە درێژی دەخەمە پێش چاوی خوێنەری بەڕێزو خۆشەویست

سەرەتا سەلەفی بە كێ دەوترێت: سەلەفی ئەو كەسەیە كە شوێن كەوتەیە بۆ پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵە بەڕێزەكان و گەورە تابعییەكان . كە هاوەڵانیان بینیوە . وە شوێن كەوتەی ئەم گەورە تابیعیانە بە چاكی وە ئەو پێشەوایانەی كە شایەتی پێشەوایەتیان پێدراوە لە دیندا، وەشان و شكۆیان دیارە، وە خەڵكی جیل بە جیل شوێنیان كەوتوون وە ناسراون بە شوێن كەوتنی سوونەنە، نەك كردنی بیدعە و زیادەڕۆیی لە دیندا، نەك ئەو كەسانەی نازناوی خراپیان لێنراوە، وەكو: خەواریج و ڕەوافیض و قەدەرییە و مورجیئە و جوبرییە و جەهمییە و موعتەزیلە و هاوشێوەی ئەمانە.

> سە لە فی
> ئەو كەسەیە كە
> شوێن كەوتەیە بۆ پێغەمبەر
> ﷺ و هاوەڵە بەڕێزەكان و گەورە
> تابعییەكان.كە هاوەڵانیان بینیوە.وە
> شوێن كەوتەی ئەم گەورە تابیعیانە
> بە چاكی وە ئەو پێشەوایانەی
> كە شایەتی پێشەوایەتیان
> پێدراوە لە دیندا

هەركەسێك ڕێگاكەی و دینداریەكەی بەم شێوەیە بێت، ئەوا پێ دەوترێت: شوێن كەوتەی سەلەف و پێشین.

وە ئەم كەسە تا جیا نەبێتەوە لەو هەموو شوێن كەوتەی ئەو ڕێگا خراپانە و لەو هەموو بیرو باوەڕە نارێك و نادرووستانەی كە هەن، ناتوانێت بەخۆی بڵێت: (سەلەفی) .

هەر بۆیە شێخی ئیسلام ابن تیمیە . ڕەحمەتی خوای لێبێ . دەڵێت: (**لا عيب على من أظهر مذهب السلف، وانتسب إليه واعتزى إليه، بل يجب قبول ذلك منه بالاتفاق، فإن مذهب السلف لا يكون إلا حقا**) مجموع الفتاوى: ١٤٩/٤، واتە: هیچ عەیبەی تێدا نییە كە كەسێك ڕێگای سەلەف بۆ خەڵكی دەربخات و ڕوونی بكاتەوەو خۆی بۆ بگێرێتەوەو بڵێت: من سەلەفیم، وە عەیبەی تێدا نییە كە شانازیشی پێوە بكات، بەڵكو بە كۆدەنگی زانایان دەبێت ئەمەی لێ قبوڵ بكرێت؛ چونكە ڕێگای سەلەف هەمیشە هەقە.

خوێنەری ئازیز ئەگەر كەسێك ئەمە عەقیدە و بیروباوەڕی بێت ئیتر چۆن فاشیل دەبێت؟! كەسێك شوێن كەوتووی هاوەڵە بەڕێزكان بێت لە موهاجرین و ئەنصار ئیتر چۆن فاشیل دەبێت؟! چۆن داهاتووی نی یە؟! لە كاتێكدا خوای باڵادەست دەفەرموێت: ( وَالسَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَانٍ رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَٰلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ )التوبة: ١٠٠

واتا: هاوەڵە پێشینەکان لە موهاجیر و ئەنصارەکان وە ئەوانەی کە بە چاکی شوێنیان کەوتوون، خوای گەورە لێیان ڕازی دەبێت، وە ئەوانیش لەپاداشتی خوارازین، وە بەهەشتانێکی بۆ ئامادەکردوون کە ڕووبار گەلێك لە ژێریانەوە دەڕوات، بەڕاستی ئەوە سەرکەوتنی گەورەیە.

سەلەفییەکان کە سەیری سیمایان دەکەیت ئەوا لە سیماشیاندا شوێنکەوتەی هاوەڵانن، کە هاوەڵان ریشیان هەبووە لەبەر فەرموودەی پێغەمبەرە ﷺ کە فەرمانی پێکردووە و فەرموویەتی: ((احفُوا الشَّوارِبَ واعفُوا اللِّحى))، مسلم، واتا: سمێڵتان کورت بکەنەوە ڕێشتان بهێڵنەوە) هەروەها سەلەفییەکان کە پۆشاکەکانیان کورت دەکەنەوە وەکو هاوەڵان لەبەر ئەو هەموو فەرمودەیە کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ فەرمان بە کورتی پۆشاك دەکات، وەکو ئەبو سەعیدی خودری دەڵێت: پرسیار لە پێغەمبەر ﷺ کرا دەربارەی پۆشاك، ئەویش فەرمووی: **((ما أسفل من ذلك فهو في النار لا ينظر الله إلى من جر إزاره بطرا))** ، رواه أحمد . واته: پۆشاکی پیاوی باوەڕدار هەتا نیوەی پۆزێتی، هیچی تێدانییە ئەگەر بگاتە قولەپێی، خۆ ئەگەر لە قولەپێی چووە خوارەوە ئەوە لە ئاگردایە، وە خوای گەورە سەیری کەسێك ناکات کە لەبەر خۆ بە گەورە زانین پۆشاکەکەی درێژبکاتەوە).

کەواتا: درێژکردنەوەی پۆشاك لە قولەپێ بۆ خوارەوە ئەوە دەچێتە ئاگرەوە، ئەگەر بۆ خۆ بەگەورەزانین نەبێت، خۆ ئەگەر بۆ خۆ بەگەورە زانین بێت ئەوا خوای گەورە هەر سەیری ناکات . خوابمان پارێزێ . .

کەواتا: ڕووخسارێکی باش بەڵگەیە لەسەر دەروونێکی باش، زیاتر لەمە ئەم کابرایە کە ئەم تۆمەتەی درووست کردووە، لە بواری دەروونیدا شارەزایی نییە، کە دەڵێت: سەلەفییەکان لەڕووی دەروونییەوە نەخۆشن! بەڵام ئێمە گیرۆدەی دەستی ئەم دکتۆرە نەخۆشانەین، وەکو شاعیر دەڵێت :

وغير تقي يأمر الناس بالتقى
طبيب يداوي الناس وهو مريض

واتا: کەسی لە خوا نەترس بە خەڵك دەڵێت: لەخوا بترسن
پزیشکێکە چارەی خەڵك دەکات، کەچی خۆی نەخۆشە

ئێمە ئەمڕۆ گیرمان بە دەست کەسانێکەوە خواردووە کە هیچ لە ئیسلام شارەزانین، بەڵام بەناوی موسوڵمانانەوە قسە دەکەن و نەخشەیان بۆ دادەنێن.

ئێمە ئەمڕۆ گیرمان بەدەست کەسانێکەوە خواردووە کە هیچ لە ئیسلام شارەزانین، بەڵام بەناوی موسوڵمانانەوە قسە دەکەن و نەخشەیان بۆ دادەنێن، وەکو پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((إنَّها سَتأتِي عَلَى النَّاسِ سِنُونَ خَدَّاعَةٌ يُصَدَّقُ فِيهَا الْكَاذِبُ وَيُكَذَّبُ فِيهَا الصَّادِقُ وَيُؤْتَمَنُ فِيهَا الْخَائِنُ وَيُخَوَّنُ فِيهَا الأَمِينُ وَيَنْطِقُ فِيهَا الرُّوَيْبِضَةُ قِيلَ وَمَا الرُّوَيْبِضَةُ؟ قَالَ: السَّفِيهُ يَتَكَلَّمُ فِي أَمْرِ الْعَامَّةِ))، رواه أحمد.

واته: بەڕاستی ساڵانێك دێت بەسەر خەڵکدا کە هەڵدەخەڵەتێنرێن، کەسی درۆزن تیادا بە ڕاستگۆ دەزانرێت، وە کەسی ڕاستگۆش تیادا بە درۆزن لە قەڵەم دەدرێت، وە کەسی ناپاك تیادا بە دەستپاك دەدانرێت، و کەسی دەست پاکیش تیادا بە ناپاك دادەنرێت، وە ڕوەیبیضە تیادا قسە دەکات! و وتیان: ڕوەیبضە کێیە؟ فەرمووی: کەسی کاڵ فامە بەناوی خەڵکەوە قسە دەکات.

سەلەفییەکان یەك خواپەرستن، تەنها ئەوانن داکۆکی لەسەر ئەم باسە دەکەن، و خەڵکی بۆ بانگ دەکەن، تەواوی ڕوونکردنەوەیان بۆداوە، وەکو خۆشوبهاندن بەپێغەمبەر ﷺ کە لە مەککە سیانزە ساڵ دەیفەرموو: **(قولوا لا إله إلا الله تفلحوا)**، واتا: بڵێن: هیچ پەرستراوێك نییە بە حەق کە شایستەی پەرستن بێت تەنها الله ی تاك و تەنها نەبێت، ئەوا سەردەکەون. وە وەکو چاولێکردنی بانگەوازی هەموو پێغەمبەران . سەلامی خوایان لێبێت . کە خوای گەورە لێیان دەگێڕێتەوە: ( وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِالأنبياء ) الأنبياء: ٢٥ ، واتە: بەڕاستی هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە پێش تۆ مەگەر سروشمان بۆکردووە کە هیچ خوایەك شایستەی پەرستن نییە بە حەق تەنها من نەبێت، دەکەوایە بمپەرستن.

هەر بۆیە ئەگەر کەسێك یەکخواپەرست بێت ئەوە هۆکارە بۆ سەرکەوتن و فاشیل نەبوون، ئەنەسی کوڕی مالیك دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەر ﷺ بوو فەرمووی خوای گەورە دەفەرموێت: **(يابن آدم، إنك ما دعوتني ورجوتني غفرت لك على ما كان منك ولا أبالي، يا ابن آدم لو بلغت ذنوبك عنان السماء، ثم استغفرتني، غفرت لك، يا ابن آدم، إنك لو أتيتني بقراب الأرض خطايا، ثم لقيتني لا تشرك بي شيئا، لأتيتك بقرابها مغفرة)**. رواه الترمذي . سەیری بەشی کۆتایی ئەم فەرموودەیەکە بکە دەفەرموێت: **((ثم لقيتني لا تشرك بي شيئا))**، هەتا کۆتایی، واته: ئەی ئادەمیزاد بەڕاستی ئەگەر بە قەدەر خۆڵەکانی زەوی گوناهم بۆ بهێنی پاشان بگەی بەمن و هاوەڵم بۆ پەیدا نەکەیت ئەوا بە ئەندازەی ئەو گەردانە لێت خۆش دەبم و بەلێخۆشبوونەوە دێم بۆلات.

کەواتە: ئەمە ئەو شتەیە کە پێی دەڵێن: سەرکەوتن، پێچەوانەی ئەوە پێی دەوترێت: فاشیل بوون، کە بۆ کەسێکە کە یەکخواپەرست نەبێت بەڵکو موشریك و هاوەڵ پەیداکەربێت، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ( وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ ) الزمر : ٦٥، واتا: ئەگەر هاوەڵت پەیداکرد بۆ خواو بەندایەتیت بۆ جگە لەوکرد ئەوا کردەوەکانت بەتاڵ دەبێتەوە وەدەبیت بە کەسێکی خەسارەتمەند ئەمەیە فاشل بوون، بۆ ئەو کەسانەی کە مانای (لا إله إلا الله) نازانن و نازانن تەوحید و یەکخواپەرستی چییە؟! ئەگەر دەزانن ئەی بۆ باسی ناکەن؟! ئەی بۆ خەڵکی بۆ بانگ ناکەن؟! یان شتەکان پێچەوانە بۆتەوە فاشیل بەسەرکەوتوو دەڵێت: فاشیل.

سەلەفییەکان مادام یەکخواپەرستن و بەردەوامن لەسەر ئەم کارە پیرۆزە ئەوا داهاتووەکەیان دیارە لە دونیا و قیامەت (إن شاء الله)، خوای گەورە دەفەرموێت: ( الَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوا إِيمَانَهُم بِظُلْمٍ أُولَٰئِكَ لَهُمُ الْأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ )،الأنعام:٨٢ . واته: ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە وە شیرك و هاوەڵ پەیداکردنیان تێکەڵی باوەڕەکەیان نەکردووە، ئەوا سەلامەتی و دڵنیاییان بۆ هەیە و لە قیامەت لە سزای هەتا هەتایی

وە لە دونیاشدا کەسانی هیدایەت دراون، خوای گەورەدەفەرموێت: ( وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَىٰ لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّن بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا وَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ) النور :٥٥.
واتە: خوای گەورە پەیمانی داوە بەو باوەڕدارانە کە کاری باشە دەکەن دەیان کاتە جێنشین و دەسەڵات دار، وەکو چۆن ئەوانەی

پێش ئێوەی کردۆتە جێنشین، وە دینەکەیان بۆ دەکاتە بەرنامە و دەستوری دەسەڵاتەکەیان، وە لە دوای ترس و بیم ئەمن و ئاسایش و دڵنیاییان پێ دەبەخشێت، مادام دەمپەرستن و هاوەڵم بۆ پەیدا ناکەن، داهاتوو لەمە ڕوونتر چی یە بۆ کەسی یەکخواپەرست؟!

کەواتە: کاری سەلەفییەکان ئەو کارەیە کە خوای گەورە داوای لە هەموو پێغەمبەران و موسوڵمانان و باوەڕداران کردووە، تا لە دونیادا سەرفرازو لە قیامەتیش سەرکەوتووبن.

تەوحید و یەکخواپەرستی جوانترین شتێکە، نەك ناشیرینترین شتێك. سەلەفییەکان جوانترین کەسانێکن نەك ناشیرینترین کەس، هەربۆیە دنیا بە یەك خواپەرستی جوان دەبێت نەك ناشیرین. کەوابوو سەلەفییەکان دونیایان جوان کردووە نەك ناشرینیان کردووە.

تەوحید و یەکخواپەرستی پاك و خاوێنی ڕۆح و جەستەیە، خوای گەورە دەفەرموێت: ( وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ ) المدثر : ٤.واتە: خۆت پاکژ بگرە لە هاوەڵ پەیداکردن و شەریك دانان بۆ خوای گەورە، بۆیە شیرك پیسە، ئەوانەشی کە ئەو کارە دەکەن کەسانێکن پیسن، هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتی : ( إِنَّمَا الْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ )التوبة : ٢٨ . واتە : بەڕاستی هاوبەش پەیداکەران پیسن.

سەلەفییەکان تەنها بەندەی خوان بەندەی کەسی ترنین، شوێن کەوتەی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵە بەڕێزەکان و زانا باشەکانن، کلکی ئەم و ئەونین؛ چونکە ئیشیان بەوە نییە کە کلك بن، خۆ حیزبایەتی ناکەن، یان سیاسەتی چەوت و درۆ ناکەن، تا پێویستیان بە کلکایەتی بێت.

ئەم قسەیە تەنها درۆیەکی شاخدارە کە هەندێ کەس و لایەنی ئیسلامی بۆ سەلەفییەکانی دەکەن، لە کاتێکدا خۆشیان دەزانن کە ڕاست ناکەن؛ چونکە ئەو حیزبانەی کە ئەمە دەڵێت سەلەفییەکان کلکی ئەوانن، خۆی زۆر بە ڕاشکاوانە دەڵێت: ئێمە بە هیچ شێوەیەك پشتیوانی سەلەفییەکان ناکەین.

تەوحید و یەکخواپەرستی مایەی ئەمن و ئاسایشە لە قیامەت، هەر بۆیە سەلەفییەکان مایەی ئەمن و ئاسایشن لە دونیا، وە ئەو کۆمەڵگەیەی کە سەلەفی زۆری تیادایە دوورترین کۆمەڵگایە لە توندڕەوێتی و تیرۆر و تەقینەوە هەر بۆیە نەبیستراوە سەلەفییەك ڕوو لە حیزبێکی تیرۆرست و توندڕەو بکات، تەحەددای ئەمە دەکەین . سوپاس بۆ خوا. بەڵام سەرکردە تیرۆرستەکان خۆیان دەڵێن: کە ئێمە ئیخوان بووین، ناڵێن: ئێمە سەلەفی بووین؛ چونکە سەلەفی دژی توندڕەوی و تەکفیر و تۆقاندن و تیرۆر و تەقینەوەن، و وتارەکانیان دیارە نوسینەکانیان وادەڵێت؛ چونکە ئەمە دینە، ئاینی ڕاستەقینە هەمیشە ڕەحمەتە، بەرەکەتە، مایەی ئەمن و ئاسایشە.

کەواتە خوێنەری بەڕێز ئەو چەند قسەی کە ئەو کەسە کردبووی هەمووی بوهتان و تۆمەتی شاخدار بوون، نەترساما لەوەی سەرتان بێشێنم ئەوا دەیان لاپەڕەم لە بەرپەرچدانەوەی دەنووسی، بەڵام کەسی عاقڵ بە ئیشارەتێك تێ دەگات.

بۆیە ئامۆژگاریمان ئەوەیە بۆ موسوڵمانانی بەڕێز کە ئەگەر قسەیەکیان بیست خێرا باوەڕی پێ نەکەن، هەتا دڵنیادەبنەوە لە ڕاستێتی بابەتەکە، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَن تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَىٰ مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ ) الحجرات : ٦. واتە: ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە ئەگەر فاسقێك هەواڵێکی بۆ هێنان باوەڕی پێمەکەن هەتا دڵنیا دەبنەوە، نەوەکو بە نەزانی کەسانێك تۆمەتبار بکەن دوایش پەشیمان ببنەوە.

> **سەلەفییەکان ساغن نەخۆش نین، دەرونیان ئاسوودە و بێ گرفتە، سەرکەوتوون فاشیل نین،**

وە ئامۆژگاریم ئەوەیە کە بزانن ڕێبازی سەلەفییەت بریتی یە لەو دینە حەقەی کە بریتییە لە دین دارییە کۆنەکەی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵان و دوای ئەوانیش، نەك حیزبێك و پارتێکی سیاسی، کەسی سەلەفی حیزبایەتی ناکات، ئەگەر کردی ئەوە سەلەفی نییە، تەنها بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی وا بەخۆی دەڵێت.

هەمووومان دەبێت سەلەفی بین، دەبێت شوێن کەوتەی سەلەف بین و دینداریەکەمان وەکو ئەوان بێت، نەك لە خۆمانەوە دینداری بکەین؛ چونکە دەبێت بە بیدعەو زیادەڕەوی لە دیندا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (كل بدعة ضلالة) رواه أهل السنن. واتە: هەموو بیدعەیەك گومڕایی یە، وە ئیبنو عومەر ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێت: (كل بدعة ضلالة وإن رآها الناس حسنة)، واتە: هەموو بیدعەیەك گومڕاییە با خەڵکیش بە چاکی بزانێت، کەواتە: بیدعەی حەسەنە نی یە لە دیندا تا هەر کەسێك بە ئارەزووی خۆی شت دابهێنێت و بڵێت: ئەمە بیدعەی حەسەنەیە.

سەلەفییەکان شوێن کەوتەی قورئان و سووننەتن، ئەوەی کە دەیکەن وەکو دین بزانە بەڵگەیان پێیە لە قورئان و سووننەت یان نا؟ ئەگەر وانەبن ئیتر سەلەفی نین.

کەواتا جێگای خۆیەتی کە بڵێم: سەلەفییەکان ساغن نەخۆش نین، دەرونیان ئاسوودە و بێ گرفتە، سەرکەوتوون فاشیل نین، داهاتوویان بۆ سەرفرازی دونیا و سەرکەوتنی قیامەت هەوڵدەدەن، دونیایان جوان کردووە، هەر بۆیە خەڵکی خۆشیان دەوێن، تەنها بەندەی خوان و یەکخواپەرستن و کلکی کەس نین، بەڵام پێشەوا ئەبو حاتەمی ڕازی ڕەحمەتی خوای لێبێت وتوویەتی: (**علامة أهل البدع الوقيعة فى أهل الأثر**)، أصل السنة واعتقاد الدين واتە: لە نیشانەی بیدعەکاران وتنی ناوو ناتۆرەیە بەو کەسانەی کە شوێن ئەسەر دەکەون کە قورئان و سووننەت و وتەی هاوەڵان و زانایانە.

وە پێشەوا ئەحمەدی کوڕی سنان ڕەحمەتی خوای لێبێ . دەڵێت (لَيْسَ فِي الدُّنْيَا مُبْتَدِعٌ إِلا وَهُوَ يُبْغِضُ أَهْلَ الْحَدِيثِ، وَإِذَا ابْتَدَعَ الرَّجُلُ بِدْعَةً، نُزِعَتْ حَلاوَةُ الْحَدِيثِ مِنْ قَلْبِهِ). واتە: هیچ بیدعەکارێك نییە مەگەر ڕقی لەو کەسانەیە کە ئەهلی حەدیسن، وە ئەگەر پیاو بیدعەیەکی کرد، ئەوا شیرینی فەرموودەی لە دڵ دەچێتە دەرەوە.

هەر بۆیە ئەم جۆرە کەسانە ڕقیان لە سووننەتی پێغەمبەرە ﷺ بۆیە ئەو کەسەشی لەسەر سووننەت بێت ڕقیان لێیەتی و تۆمەتی بێ بنەمایان بۆ درووست دەکەن، کە لە پەتی جاڵجاڵۆکە لاوازترە، بەڵام ئەو کەسەی دین داری ڕاستەقینە بکات خوای گەورە سەری دەخات خوای گەورە دەفەرموێت: ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَن تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَىٰ مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ ) الحجرات : ٦ .ئەگەر ئێوە دینی خوا سەربخەن ئەوا خوای گەورەش سەرتان دەخات و پێتان جێگیر و قایم دەکات.

والحمدلله رب العالمين

# بەڵێ پێغەمبەری خوا ﷺ ڕاستی فەرمووە
# کە مووسڵمانان دەبن بە 73 گرووپ
# هەرچەندە بیدعە چییەکانیش نکۆڵی لێبکەن



م. صلاح الدين عبدالكريم

الحمدلله رب العالمين، والصلاة والسلام على نبينا محمد، لە دوایدا:

چەند ڕۆژێك پێش ئێستا كتابێكم بینی بەناونیشانی: (ئایا موسوڵمانان دەبنە حەفتا و سێ بەشەوە؟)

كە دوو لێكۆڵینەوەی لەخۆ گرتبوو دەربارەی فەرموودەی پارچە پارچە بوونی ئوممەتی ئیسلام بۆ حەفتاو سێ تاقم، كە یەكێكیان لە نوسینی: (حاكم المطيرى) و ئەوی تریش لە نوسینی:(حسن السقاف)ە.

جا پێش ئەوەی بچمە ناو ناوەڕۆكی كتابەكە پێویستە بزانین نوسەرەكان كێن؟ و بیان ناسین؛ چونكە تەنها بە ناسینیان پەرتوكەكەیان نرخ و بەهای زانستی لەدەست دەدات و موسوڵمانان خۆیانی لێ بەدوور دەگرن.

یەكەم: حسن السقاف، كەسێكی گومڕا و سەر لێ شێواوە، بەشێوازێك كە تانە لە هاوەڵێكی پێغەمبەری خوا ﷺ دەدا كە موعاویەی كوڕی ئەبو سوفیانە . خوای لێ ڕازی بێت ..

هەروەها كەسێكی زۆر سوك و بێ نرخە؛ چونكە چەند لاپەڕ دەنوسێت لە زەمكردنی ئیمامی موعاویە، وە بە چەندەها شت تۆمەتباری دەكات كە

> لە كۆنـــدا بـــۆ سەرخستنی مەزهەبی و سیاسی و فیقهی حەدیسیان بەدەم پێغەمبەرەوە ﷺ هەڵبەستووە، بەڵام ئێستا ناتوانرێت حەدیس هەڵببەسترێ، چونكە هەمووی نوسراوەتەوە، بەڵام دەچن بە هەوا و ئارەزووی خۆیان حەدیسی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ زەعیف دەكەن، كە چەواشەكاریەكی زۆر ترسناكترە.

تێیدا نەبووە، وە ڕیوایەتە مێژوییەكان دەگۆڕێت و دەستكاری دەكات، بەشێوازێك ماناكانیان لێك دەداتەوە كە ئەو مانایانەیان لێ وەرناگیرێت و فام ناكرێت.

هەروەكو شێخ ئەلبانی لەبارەیەوە دەڵێت: ئەم(السخاف)ە، خۆی داناوە بۆ دژایەتی كردنی فەرموودە صەحیحەكان و لاوازكردنیان، وە وروژاندنی ئەو فەرموودانەی لاوازن، وە بڵاویان دەكاتەوە و وا لە خوێنەریش دەگەیەنێت كە صەحیحن، خوا مامەڵەی لەگەڵدا بكات بەوەی كە شایانیەتی.

هەروەها بە(الرويبضه) ناوی دەبات، واتە: پیاوێكی بێ نرخ و نەشارەزا و نەشیاو كە قسە لە كاروباری خەڵكیدا بكات.

ئەوەتا سەقاف...

١. بڕیاری نیفاق بەسەر ئیمامی موعاویەدا دەدات.

٢. وە تەكفیری شیخ الإسلام ابن تیمیە دەكات و بەڕاشكاوی بە كافری دادەنێت.

٣ . هەروەكو باوەڕی وایە قورئان كەلام و فەرمووەدەی خوای گەورە نیە و (مخلوق)و دروست كراوە.

جگە لەمانە و چەندەها گومڕایی تریشی هەیە کە ئێرە بواری باسکردنی نیە.

بۆ زیاتر ئاشنا بوون بەم کەسە گومڕایە بڕوانە سلسلة الأحاديث الضعيفة: (٨/٣٥٦/١٣/٧١٤/٧٧٣/١٣/٨٤٤/ ١٣/١٠٤٦).

مەبەستم لە باسکردنی ئەم پێشەکی یە ئەوەیە کە خەڵکانی حیزبی چۆن بۆ گۆڕینی ڕاستیەکان پشت لە زانا خواویستەکان دەکەن و ڕوو لە خەڵکی گومڕا و ئەهلی بیدعە دەکەن، کە پێشیان بڵێیت: (أهل البدع) پێیان ناخۆشە و بۆ چەواشەکاری و خەڵەتاندنی هەندێك لە گەنجان ناوی زانایانی وەکو شێخ: (ئەلبانی و ابن باز و ابن عثیمینیش) دێنن بەڵام ئەمە حەقیقەت و ڕاستی حاڵی ئەوانەیە کە پیاهەڵدانیان بۆ کەسانێکە کە ئەمە بیروباوەڕیانە، وە کتابەکانیان وەردەگێڕنە سەر زمانی کوردی بۆ چەواشەکاری میللەتەکەمان، ئەوەی باسمان کرد دەربارەی سەققاف مشتێکە لە خەرمانێك.

ڕاست وتراوە کە: (إن الطيور على أشكالها تقع)، واتە: باڵندەکان لەسەر هاوشێوەی خۆیان دەنیشنەوە.

دووەم: (الحاكم المطيري)کەسێکی حزبی(کوێت)ی تەکفیریە و هانی خەڵکی دەدات بۆ جەنگ و کوشتار و خوێن ڕێژی و وێرانکاری بەناوی شۆڕش و جیهاد کردنەوە.

ئەوەی جێگای تێبینی بێت ئەوەیە کەسانێك بەناوی بیری میانڕەوییەوە کتێبی کەسانی تەکفیری بڵاو دەکەنەوە و بە میللەتی کوردیان دەناسێنن و بانگەشەی بۆ دەکەن، کە پێشیان بڵێی: فیکری تەکفیری بڵاو دەکەنەوە، نکۆڵی لێ دەکەن و خۆیان بەسەر مەشقی میانڕەوان دەزانن لە کاتێکدا بەرگری لە سەرانی تەکفیری دەکەن و پەرتوکیان وەردەگێڕنە سەر زمانی کوردی.

ئەگەر ئەم کەس و گروپ و حیزبانە مەبەستیان دەرخستنی حەق و لێکۆڵینەوەی زانستیە بۆ ناچن خزمەتی دەیەها زانای فەرموودەناس و موفەسسیر و فەقیهی کۆنی متمانە پێکراوی ئەم ئوممەتە بکەن، بەڵام لەبری ئەوە پەنا بۆ تەکفیری و موعتەزیلەیەکی گومڕای ئەم سەردەمە دەبەن؟!

چونکە ئەمانە بەزۆریش بێت دەیانەوێت فەرمودەی پارچە پارچە بوونی ئوممەت لاواز بکەن؛ لەبەر ئەوەی گورزێکی کوشندەیە لە حیزبایەتی و فرە حزبیەتی، ئەگەرنا کەی خەڵکانی حیزبی لەبەر حیزبایەتی کردن و سیاسەتی ناشەرعی پرژاونەتە سەر ئەوەی لێکۆڵینەوەی زانستی لە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ بکەن ؟! بەڵکو ئەمانە هەوڵدەدەن تا ئەو فەرموودەیە لاواز بکەن، بەو هیوایەی بەهۆیەوە ڕەوایەتی بە حیزبایەتیان بدەن...

لە کۆندا بۆ سەرخستنی مەزهەبی و سیاسی و فیقهی، حەدیسیان بەدەم پێغەمبەرەوە ﷺ هەڵبەستووە، بەڵام ئێستا ناتوانرێت حەدیس هەڵبەسترێ، چونکە هەمووی نوسراوەتەوە، بەڵام دەچن بە هەوا و ئارەزووی خۆیان حەدیسی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ زەعیف دەکەن، کە چەواشەکاریەکی زۆر ترسناکترە.

جا ئایا جیاوازی نێوان ئەوانەی کۆن کە حەدیسیان دروست دەکردو هەڵیان دەبەست بەدەم پێغەمبەری خواوە ﷺ چیە لەگەڵ ئەوانەی ئەم سەردەمە کە حەدیسی صەحیح لاواز دەکەن؟!

((ئەوان شتێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ نەیفەرمووە دەیان ووت: فەرموویەتی، بەڵام ئەمانە شتێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی، کەچی دەڵێن: نەیفەرمووە))!!

((ئەوان شتێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ نەیفەرمووە دەیان ووت: فەرموویەتی، بەڵام ئەمانە شتێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی، کەچی دەڵێن: نەیفەرمووە))!!

با بزانین کێن ئەوانەی ئەم فەرموودەیەیان بە لاواز داناوە؟

ئەوەندەی من گەڕابێتم و بەرچاوم کەوتبێت تەنها سێ زانای کۆن ئەم فەرموودەیان بەلاوە لاواز بووە، کە ئەمانەن:

١ . إبن حزم الظاهري . ٢ . ابن الوزير الصنعاني . ٣ . ئیمامی الشوكاني ڕەحمەتی خوای گەورەیان لێ بێت . .

سەرەتا بێینە سەر ابن حزم . ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت . کە لە زانیاری فەرموودەناسیدا ئەو شارەزاییەی نەبووە بەڕادەی ئەو زانایانەی کە فەرموودەکەیان بە صەحیح داناوە، کە دواتر ناویان دێنین . إن شاء الله ..

بۆ نمونە ابن حجر العسقلاني لە (التهذيب التهذيب: ٣٤٤/٩)دا دەڵێت: (ابن حزم) بە ئیمامی ترمذی دەڵێت: کەسێکی نەناسراو و مجهولە! لەگەڵ ئەوەی ئیمامی ترمذی خاوەنی (السنن )ە، کە هەزارەها فەرموودەی پێغەمبەری خوای ﷺ گێڕاوەتەوە، کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە وتمان لەبارەیەوە.

هەروەها (ابن حزم) چەند حەدیسێکی صەحیحی بوخاری لاواز دەکات، وەکو ئەم فەرموودەیەی کە ئیمامی بوخاری لە صەحیحەکەیدا بە (معلق)ی هێناویەتی و بە مەوصولی لای ئەبو داود هاتووە: (ليكونن من أمتي أقوام يستحلون الحر والحرير والخمر والمعازف). واتە: لەناو ئوممەتی مندا کەسانێك پەیدا دەبن کە زیناو ئاوریشم و مەی و ئامێرەکانی مۆسیقا حەڵاڵ دەکەن. واتە: خۆیان حەرامن.

لە کاتێکدا ئەم زانا فەرموودەناسە گەورە کۆنانە بە صەحیحیان داناوە، وەکو:(البخاری، ابن حبان، ابن صلاح الشارزوری، النووی، شيخ الإسلام ابن تيميه، ابن القيم الجوزيه، ابن كثير،ابن حجر العسقلانی، الأمير الصنعانی، السخاوي)، بەڵام کەسانێکی حیزبی بۆ حەڵاڵکردنی مۆسیقا بۆچونی ئەم یانزە کەڵە زانایانە دەدەن بە دیوارداو بۆچونی (ابن حزم) وەردەگرن بۆ مەبەستێکی حیزبی دیاری کراو، ئەگەرنا (ابن حزم) زۆرێك لە بۆچونەکانی توندە و ئەوان بەرگەی ناگرن و دژی ڕادەوەستنەوە، وەکو بڵێی: (بانێکە و دوو هەوایە).

کە بەم شێوازەش بێت هەر زانایەك هەڵەیەکی کرد و تۆش شوێن ئەو هەڵەیە بکەویت، یان بۆچونێکی شازی هەبێت تۆش شوێنی بکەویت، ئەوا هەموو شەڕو خراپەیەکت تێدا کۆدەبێتەوە و زۆر لە حەرامکراوەکان حەڵاڵ دەکەیت و بەمەش لە ئیسلام دەردەچیت، وەکو ئیمامی ئەوزاعی دەڵێت: (من أخذ بنوادر العلماء خرج من الاسلام ).

وە (سلیمان التیمی) دەڵێت: (لو أخذت برخصه كل عالم اجتمع فيك الشر كله).

ابن الوزير الصنعانی ئەم فەرموودەیە لاواز دەکات، بەڵام لە پەرتوکێکی تری خۆیدا دیکاتە بەڵگە بە زیادەی(كلها في النار)یش لە(الروض الباسم في الذب عن سنه أبي القاسم ٢/ ١١٥)، لە خاڵی هەشتەمدا ڕیوایەتی ئیمامی موعاویە دەهێنێتەوە.

ئیمامی شەوکانی (كلها في النار) بەلاواز دادەنێت، بەڵام ئەمیش لە تەفسیرەکەی فتح البيان في مقاصد القرآن، لە تەفسیری ئایەتی ﴿ وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُوا۟ وَٱخْتَلَفُوا۟ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ ﴾آل عمران: ١٠٥، وەکو بەڵگە دەیهێنێتەوە، هەروەها لە سورەتی (الأعراف ئایەتی: ١٥٩ ) ﴿وَمِن قَوْمِ مُوسَىٰٓ أُمَّةٌ يَهْدُونَ بِٱلْحَقِّ وَبِهِۦ يَعْدِلُونَ ﴾ ئیستدلالی پێ دەکات.

ئەمە سەبارەت بەو سێ زانایەی کە فەرمودەکەیان بەلاوە لاواز بووە.

کێن ئەوانەی فەرموودەکەیان بە سەحیح داناوە؟!

ئێستا دەچینە خزمەت ئەو زانایانەی کە فەرموودەکەیان بەلاوە صەحیح بووە، وە کردوویانە بە بەڵگە لە پەرتوکەکانیاندا، یان ڕاڤەیان کردووە، بەڵام لەبەر درێژی ناوی ئەو ڕاویانە باس ناکەین کە ڕیوایەتیان کردووە کە دەیەها ڕاوی دەبن، سەرەتا ناوی ئەو هاوەڵانە دەهێنین کە فەرموودەکەیان لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕاوەتەوە.

١. أبو هريرة . ٢. عوف بن مالك الأشجعي . ٣ . أنس بن مالك . ٤ . معاوية بن أبي سفيان . ٥ . أبو أمامة الباهلي . ٦ . عبد الرحمن بن عمرو بن العاص . ٧ . عبد الله بن مسعود . ٨ . عمر بن عوف المزني . ٩ . سعد بن أبي وقاص . ١٠ . علي بن أبي طالب. ١١ . أبو الدرداء . ٢١ . واثلة بن الأثقع . رضي الله عنهم أجمعين .

کە هەندێك لە سەنەدەکان لاوازن بەڵام لەبەر زۆری ڕێگا و سەنەدەکان، وە چونکە کەسێکی (کذاب یان وضاع) تێیدا نیە بە کۆی ڕێگاکان بە موتابەعات و شەواهید دەگاتە پلەی: (حسن).

× زۆربەی ئەو سەرچاوانەی کە فەرموودەکانی پێغەمبەریان تێدا کۆکراوەتەوە، وەکو: (المسانيد والسنن والمعاجم والتراجم والعقائد)، ئەم فەرموودەیان گێڕاوەتەوە بەبێ ئەوەی ئینکاری بکەن و بڵێن: لاوازە، بەڵام خەڵکانێکی حیزبی ئەم سەردەمە وەکو لاسایی کردنەوە بۆ کەسانێکی حیزبی عەرەب دەڵێن: ئەم فەرموودەیە لاوازە؛ چونکە مەرامی خۆیانی تێدایە.

بەڵام خەڵکانێکی حیزبی ئەم سەردەمە وەکو لاسایی کردنەوە بۆ کەسانێکی حیزبی عەرەب دەڵێن: ئەم فەرموودەیە لاوازە، چونکە مەرامی خۆیانی تێدایە.

× هەروەها زۆربەی ئەو پەرتوکانەش کە کە دەربارەی: ناساندنی تاقم و گروپەکان نوسراون، ئەم فەرموودەیان هێناوە بەبێ ئەوەی ئینکاری بکەن و بڵێن: لاوازە، وەکو: (الملل والنحل) للشهرستاني، وە (الفرق بين الفرق) للبغدادي، وە (الفصل فى الأهواء والملل والنحل)لابن حزم، وە (مقالات الإسلاميين) لابي الحسن الاشعري، و جگە لەمانە، بەڵام ماشاء الله لەناو حیزبیەکاندا هەیە لەم هەموو زانا کۆنە شارەزاترە و دەڵێت: فەرموودەکە لاوازە!!

×پێشەوا (الشاطبی) (لە ٧٩٠وەفاتی کردووە) نزیکەی (٢٠٠) لاپەڕە باسی ئەم فەرموودەیە دەکات لە کتابی (الإعتصام) بەرگی ٢.

هەر سەرەتا دەست پێ دەکات و دەڵێ: (صح من حديث أبي هريرة..) واتە: بە صەحیحی لە فەرمودەی (ئەبو هورەیرە)دا هاتووە.

دەپرسین ئایا ئیمامی (الشاطبی) نەیزانی کە لە دوای ئەو کەسانێکی ئاوها بلیمەت پەیدا دەبن کە فەرموودەکە لاواز دەکەن، کەچی خۆی ماندوو کردووە نزیکەی ٢٠٠ لاپەڕەی لەسەر ئەم فەرموودەیە نوسیوە؟!

کێن ئەو موفەسسیرانەی کە لە تەفسیرەکانیاندا فەرموودەکەی پارچە پارچە بوونی ئوممەتیان وەکو بەڵگە هێناوەتەوە؟

١ – (ابن كثير) لە تەفسیری ئایەتی ﴿وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ﴾هود: ١١٨.

٢ – (الالوسی) لە تەفسیری ئایەتی: ﴿إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُمْ بِمَا كَانُوا يَفْعَلُونَ﴾ الانعام: ١٥٩.

٣ – (الخازن) لە تەفسیری ئایەتی: ﴿إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُمْ بِمَا كَانُوا يَفْعَلُونَ﴾ الانعام: ١٥٩.

٤ – (السمعانی) لە تەفسیری ئایەتی: ﴿وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ ۝٣١ مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ۝٣٢﴾ الروم.

٥ – (صديق حسن خان) لە تەفسیری (فتح البيان في مقاصد القرآن) لە ئایەتی: ﴿إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُمْ بِمَا كَانُوا يَفْعَلُونَ﴾ الانعام: ١٥٩.

٦ – (أبو سعود) لە تەفسیری ئایەتی﴿قُلْ إِنَّنِي هَدَانِي رَبِّي إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ دِينًا قِيَمًا مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ الانعام: ١٦١.

٧ – (ابن العربي المالكي) لە تەفسیری ئایەتی: ﴿وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ﴾ هود: ١١٨.

٨ – (السيوطي) لە (الدرر المنثور في التفسير بالمأثور)، لە تەفسیری ئایەتی:

﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا﴾ آل عمران: ١٠٣.

٩ – (أبو إسحاق الثعلبي النيسابوری) لە (الكشف والبيان) لە تەفسیری ئایەتی: ﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا﴾ آل عمران.

١٠ – (ابن أبي حاتم الرازي) لە تەفسیری ئایەتی: ﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا﴾ آل عمران ١٠٣.

١١ – (البيضاوي) لە تەفسیری ئایەتی: ﴿إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُمْ بِمَا كَانُوا يَفْعَلُونَ﴾ الأنعام: ١٥٩.

١٢ – (الطبری) لە تەفسیری ئایەتی ﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا﴾ آل عمران: ١٠٣.

١٣ – (النسفي) لە تەفسیری ئایەتی: ﴿إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُمْ بِمَا كَانُوا يَفْعَلُونَ﴾ الأنعام: ١٥٩.

١٤ – (النيسابوري) لە تەفسیری ئایەتی ﴿إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُمْ بِمَا كَانُوا يَفْعَلُونَ﴾ الأنعام: ١٥٩.

١٥ – (القرطبي) لە تەفسیری ئایەتی: ﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا﴾آل عمران: ١٠٣.

١٦ – (السمرقندي) لە (بحر العلوم)، لە تەفسیری ئایەتی : ﴿وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ ۝٣١ مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ۝٣٢﴾ الروم .

١٧ – (محمد بن أحمد الخطيب الشربيني) لە (السراج المنير)، لە تەفسیری ئایەتی: ﴿إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُمْ بِمَا كَانُوا يَفْعَلُونَ﴾ الأنعام: ١٥٩ ئەمەش حەڤدە زانای موفەسسیر کە لە هەمانکاتدا فەرمودەناس بوون، کە فەرمودەی پارچە پارچە بوونی ئوممەتیان لە تەفسیرەکانیاندا وەکو بەڵگە هێناوەتەوە، بەڵام کەسانێکی حیزبی دیارە لە هەموو زانایان شارەزاتر و لێهاتوترن و دەڵێن: حەدیسەکە لاوازە!

هێشتا ماوە با بچینە خزمەت ئەو زانایانەی تریش کە جگە لە کتێبی تەفسیردا لە کتێبی تریشدا وەکو بەڵگە ئەو فەرموودەیان هێناوە باسکردوە، لەوانە:

١- الحافض الحكمي، لە كتابي: (أعلام السنة المشهورة في اعتقاد طائفة الناجية المنصورة).

٢- ابن وضاح، لە كتابي: (البدع).

٣- المروزي، لە كتابي: (السنة).

٤- الاجري، لە كتابي: (الشريعة).

٥- محمد بن عبد الوهاب، لە كتابي: (مسائل الجاهلية).

٦- ابن بطة، له كتابی: (الإبانة الكبري).

٧- الخطيب البغدادي، لە كتابی: (فقه المتفقه ) و (شرف أصحاب الحديث) .

٨- بدر الدين العيني، له كتابی: (عمدة القاري شرح صحيح البخاري).

٩- ابن الجوزي، له كتابی: (كشف المشكل من حديث الصحيحين).

٠١- ملا علي القاري، لە كتابی: (مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح).

١١- الزيلعي، له كتابی: (تخريج الاحاديث والاثار الواقعة في تفسير الزمخشري) .

٢١- المتقي الهندي، له كتابی: (كنز العمال في سنن الاقوال والافعال).

٣١- ابن عابدين، لە كتابی: (حاشية رد المحتار علي الدر المختار).

٤١- ابن عساكر، لە كتابی: (تأريخ الدمشق) .

٥١- الحافظ العراقي، لە كتابی: (المغني عن حمل الاسفار في الاسفار).

٦١- البوصيري، لە كتابی: (مصابيح الزجاجة).

٧١- الالباني، لە كتابی: (سلسلة الاحاديث الصحيحة).

٨١- محمد عبد الله السبيل، له كتابی: (فتاوي و رسائل مختارة).

٩١- شعيب الأرنؤوط (التعليق علي المسند).

٢٠ سهل بن عبد الله التسترى.

٢١- مقبل بن هادى الوادعى.

٢٢- عبد العزيز بن عبد الله بن باز.

٢٣- محمد بن صالح العثيمين.

ئەمەش ناوی بيست و سێ (٢٣) زانای مردوو بوو كە زۆربەيان كۆنن، كەمێكيان هاوچەرخن، هێشتا باسی زانايانی زيندوومان نەكردووە كە باسی ئەوان بكەين لە ژماردن نايەن، بەڵام كەسانێكی حيزبی قسەی دوو كەسی گومڕای وەكو: (حاكم المطيري و حسن السقاف)دێنن و حساب بۆ ئەو هەموو كەڵە زانايانە ناكەن و فێڵ لە موسوڵمانان دەكەن و چەواشەيان دەكەن.

هەروەها زانايان باسی ئەصل و بنچينەی گومڕاكانيان كردووە و كۆنترين زانا كە باسی كردبن (يوسف بن الاسباط) بووە، و پاشان (عبد الله بن المبارك)، هەروەها ئيمامی (البربهاري) لە شەرحی (السنة) دا باسی كردووە، وە ئيمامی (الطرطوشي) لە (البدعة والمحدثات)، وە (ابن الجوزى) لە (تلبيس ابليس)، وە ئيمامی السفاريني لە (لوامع الانوار البهية)

١. ئيمامی الترمذي سەبارەت بە حەديسی ئەبو هورەيرە دەڵێ: (حسن صحيح ).

٢. ئيمامی حاكم لە مستدرك: ١ / ١٢٨، لە پاش حەديسی (ئيمامی موعاويە) دەڵێت: (وهذه أسانيد تقوم بە الحجة في تصحيح هذا الحديث).

٣. ووافقه الإمام الذهبی

٤. شيخ الإسلام لە مجموع الفتاوى: ٣٤٥/٣ دەڵێت: (الحديث صحيح مشهور في السنن والمسانيد).

٥. والشاطبي لە الإعتصام ١٨٦/٢، دەڵێت: (صح من حديث أبي هريرة).

٦. هەروەها الحافظ ابن الحجر العسقلاني لە تەخريجی فەرموودەكانی (الكشاف) لە لاپەڕە: «٦٣» دەڵێت: (حسن) .

٧ . شێخ ئەلبانی لە سلسله الاحاديث الصحيحة: ١/ ٣٥٨ دا دەڵێت: (ئێستا بۆمان ڕوون و ئاشكرا بووە كە فەرموودەكە جێگيرە و هيچ گومانی تێدا نيە، بۆيە زانايان يەك لە دوای يەك خەلەف لە سەلەفەوە وەريان گرتووە و كردويانە بە بەڵگە تا حاكم لەسەرەتای كتابەكەی كە ( المستدرك )ە، دەڵێت: (وا نازانم كەس تانەی لەم فەرموودەيە دابێ، مەگەر تەنها هەندێك لەوانەی كە تاكڕەو و شازن، يان جێگای ئيعتبار نين و حسابيان بۆ ناكرێ).

دەرەنجام ئەوەيە لە پاش ئەم لێكۆڵينەوە زانستيەو لە پاش هێنانەوەی ناوی ئەم هەموو كەڵە زانايانەی كە وەفاتيان كردوە، كە ناوی يەك زانای زيندوومان نەهێناوەتەوە هەروەها ناوی ڕاويەكانيشمان باس نەكرد لەبەر زۆرييان، ئەم خاڵانەی خوارەوەمان بۆ دەركەوت:.

١. فەرموودەكە صەحيحە.

٢. ئەگەر متواتر نەبێ نزيكە لێی؛ چونكە زانايان فەرمودەی وايان بە متواتر داناوە كە بە قەدەر ئەم فەرموودەيە ڕێگاو سەنەديان نەبووە، بەڵام كەسانێكی حيزبی حساب بۆ ئەو هەموو كەڵە زانا بەناو بانگانە ناكەن و دەيانەوێت بەزۆريش بێت هەر بڵێن: لاوازە. ئەگەر هەموو زانايانی دونياش بڵێن: (صحيح)ە، ئەوان هەر دەڵێن: لاوازە، بۆيە پێويستە ئەو كەسانە لە خوا بترسن و دينەكە نەكەنە خزمەتی حيزبايەتی و ياری بە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ نەكەن و بگەڕێنەوە بۆ لای زانا متمانە پێكراوەكانی ئوممەت و واز لەسەرانی حيزبی و تەكفيری و موعتەزيلی گومڕا بهێنن؛ چونكە لە دوارۆژدا حيزب فريای كەس ناكەوێت و ناتوانێت شەفاعەت بۆ كەس بكات تا لە دونيا خەڵكی خۆی بكات بە قوربانی.

هەروەها پێويستە موسوڵمانان بە قسەی كەسانی حيزبی هەڵ نەخەڵەتێن و دين لەوان وەرنەگرن؛ چونكە ئەوان ئايەت و فەرمووده دەخەنە خزمەت حيزبايەتی و بەگوێرەی بەرژەوەندی حيزب ئايەت تەئويل دەكەن ولێكی دەدەنەوە و فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ لاواز دەكەن و وەكو لێرەدا بۆ هەموو كەسێكی هۆشمەندی دادپەروەر دەركەوت.

هەروەها پێويستە موسوڵمانان بە قسەی كەسانی حيزبی هەڵ نەخەڵەتێن و دين لەوان وەرنەگرن؛ چونكە ئەوان ئايەت و فەرمووده دەخەنە خزمەت حيزبايەتی و بەگوێرەی بەرژەوەندی حيزب ئايەت تەئويل دەكەن ولێكی دەدەنەوە و فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ لاواز دەكەن و وەكو لێرەدا بۆ هەموو كەسێكی هۆشمەندی دادپەروەر دەركەوت.

خوای گەورە لەسەر قورئان و سوننەت بە تێگەيشتنی پێشين و پێشەوايانی ئوممەت كۆمان بكاتەوە، آمين، والحمد لله رب العالمين، وصلی الله وسلم علی نبينا محمد، وعلی آله وصحبه وسلم.

# وەڵامێکی حەق بۆ درۆ و چەواشەکارییەکانی کەسێکی ناحەق

م. سالار چۆمانی

الحمد لله رب العالمين، حمدا كثيرا طيبا مباركا فيه، والصلاة والسلام على المبعوث رحمة للعالمين، وعلى آله وصحبه ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين، وبعد:

هەر لەدێر زەمانەوە ناحەزانی ئەهلی سوننە و جەماعەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم بانگەوازە حەق و ڕاستە دەست دەگرن بە دار عەصایەکی لاواز کە بریتیە: لە بوهتان کردن بۆ ناشیرین کردنی بانگخوازانی سەلەفی و لەکەدار کردنیان و درۆ دانە پاڵیان بۆ ئەوەی موسوڵمانان ئەو حەق و ڕاستیەی لای ماملۆستایانی سەلەفی هەیە وەری نەگرن و ڕێگری لێبکەن . بە گومانی خۆیان . بەڵام ئەمە شتێکی مەحاڵە، وەکو ئەوە وایە بەری ڕۆژ بە بێژینگ بگریت، خۆ لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستایانی سەلەفی و بانگخوازانی حەق بەرپەچی هەموو ئەو شوبهەو گومان و بوهتانانەیان داوەتەوە کە ئەمەش یەکێکە لە مەقاصیدی شەریعە کە پاراستنی دینە، بۆیە لەهەر شوێنێك و لەهەر کاتێکدا گومان و تەم و غوبار خرابێتە سەر ئەو دینە ڕاستەی کە ئەهلی سوننەت و جەماعەت لەسەریەتی، ئەوا ئەم گومانە ڕەواندراوەتەوەو وەڵامی دراوەتەوە بۆ بەرچاوڕۆشنی موسوڵمانان بۆ ئەوەی حەق و ناحەقیان لێ تێکەڵ بەیەکتری نەبێت، هەروەکو پێشەوا ئەحمەد . ڕەحمەتی خوای لێبێت، دەڵێت: (إذا سكت أنت، وسكت أنا، فمتى يعرف الجاهل الصحيح من السقيم) مجموع الفتاوى: ( ٢٣١/٢٨ )، وشرح علل الترمذي: ( ٣٥٠/١ ) واتە: کاتێك تۆ بێدەنگ بوویت و منیش بێدەنگ بووم ئەی ئەم خەڵکەی کە نازانێت چۆن ڕاستی و ناڕاستی لەیەك جیا بکاتەوە.

بەڵام چی بکەین سوننەتی ژیان وایە کە لە هەموو سەردەمێکدا خەڵکانێك هەن کە ڕووبەڕووی ئەم بانگەوازە حەقە دەبنەوە.

یەکێك لەم کەسانە لە گۆڤارێکدا کۆمەڵێك درۆو بوهتان بۆ مەنهەجی سەلەفی و مامۆستایانی سەلەفی دەکات، یەکێك لە قسەکانی کە درۆیەکی شاخدارە دەڵێت: (داعش و سەلەفیەکان قوتابی یەك قوتابخانەن)!!

یا سبحان الله! چۆن لە خوا ناترسن؟! لە کاتێکدا پێش نوێژ و وتار خوێنی بۆ خەڵك دەکەی، و دڵنیام زۆر جار لەسەر مینبەرەکەت بە خەڵکت وتووە: ﴿ وَكُونُواْ مَعَ ٱلصَّـٰدِقِينَ ﴾ التوبە:١١٩، لەگەڵ ڕاستگۆیان بن؛ چونکە تۆو هاوبیرەکانت بەچاوی سەر هەموو ئەم ڕاستیانەتان بینیوە کە سەلەفیەکان چۆن ڕووبەڕووی فکری داعش بوونەتەوە بەر لە دروست بوونی داعشیش و لەگەڵ هاتنی شەڕی داعشیش بۆ کوردستان مەوقیفی مامۆستایانی سەلەفی لە هەموو کەس ڕوونتر و ئاشکراتربووە لەبەرامبەری.

بۆیە هەر لەسەرەتاوە دەستەیەك لە مامۆستایانی سەلەفی ڕوونکردنەوەیەکیان بڵاوکردەوە بەناو زۆرێك لە دام و دەزگا حوکمی و مەدەنی و بگرە حزبیەکانیش و لە زۆربەی ماڵپەر و سایت و پەیجەکانی ئینتەرنێت و فەیسبوکیش بڵاو کرایەوە، لەوانە: سایتی ئەوقاف و خەندان، و دەتوانی بگەڕێیتەوە سەری، وە ڕۆیشتنی مامۆستایانی سەلەفیش بۆ ناو ڕیزی پێشمەرگە و یارمەتی دانی پێشمەرگە و هاوکاری کردنیان و هاندانیان بۆ بەرگری کردن لە خاك و ئاین و ماڵ و ناموسی ئەم خەڵکە موسوڵمانە لە زۆربەی میحوەرەکان، بگرە مامۆستای وا هەبووە دەیان شەو شان بەشانی پێشمەرگە لە سەنگەری پێشەوە بووەو تۆش بە ئیسراحەت لەناو ماڵ و منداڵی خۆت پاڵت داوەتەوە وە ئەم مامۆستایەش لەسەنگەری پێشەوە وتاری دەدا و تۆش لە وتارەکانت تۆمەتت بۆ ئەو مامۆستایە و تەواوی مامۆستایانی سەلەفی دەبەخشیەوە کە ئەمانە داعشن.

مامۆستایانی سەلەفی وەك هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی لە زۆرێك لە شارەکانی ئەم کوردستانە کۆمەك و یارمەتیان بۆ ئاوارەکانی دەستی داعش کۆکردەوە، وەکو شاری: (سلێمانی و کەرکوك و چۆمان) و چەندان شوێنی تریش، وە هەر لەسەرەتای دروست بوونی شەڕی سوریا مامۆستایانی سەلەفی لەسەر مینبەرەکانیانەوە گەنجانی موسوڵمان و هاوڵاتیانی کوردستانیان ئاگادار دەکردەوە کە ئەمە جیهاد نیەو بەناوی جیهاد نەچنە سوریا بۆیە لەو کاتەوە تاوەکو ئێستاش مامۆستایانی سەلەفی هەڕەشەی توندیان لێ دەکرێ لەلایەن داعش بە کوشتن و سەربڕین و سوتاندن و تەقاندنەوەی ماڵەکانیان.

بەڵام بەداخەوە ئەم هەموو ڕاستیانەت بەچاوی سەر بینیون، بەڵام بەچاوی ویژدان نایبینی، هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى ٱلْأَبْصَـٰرُ وَلَـٰكِن تَعْمَى ٱلْقُلُوبُ ٱلَّتِى فِى ٱلصُّدُورِ ﴾ الحج: ٤٦.

دەڵێت: سەلەفیەکان بە پێچەوانەی پەیامی پێغەمبەر ﷺ هاتوون ڕووبەڕووی هەموو موسوڵمانان دەبنەوە بە هەموو چین و توێژەکانەوەو خەڵکی کوردستان هەمووی بە کافر و موشریك و موبتەدیع دەزانن !!

وەڵام/ ﴿ سُبْحَـٰنَكَ هَـٰذَا بُهْتَـٰنٌ عَظِيمٌ ﴾، ئای لەم قسەیە گەورەیە! بە پێچەوانەوە بەدرێژایی مێژووی بانگەوازی سەلەفیەت ورياكردنەوەی خەڵك بوو، لە بەکافردانانی موسوڵمانان بە ناحەق، وە بگرە

کێشەی سەرەکی مامۆستایان و بانگخوازانی سەلەفی لە عالەمی ئیسلامی و لە کوردستانیش بەتایبەت لەگەڵ بانگخوازە توندڕەوەکان لەسەر بەکافر دانانی موسوڵمانان و دەسەڵاتدارانی موسوڵمان بووە، بەڵێ ئەگەر مەبەستت ئەوە بێ ئێمە دەڵێین: هەر شتێك و هەر عیبادەتێك پێچەوانەی ئەوە بێت کە پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵان خوا لێیان ڕازی بێت لەسەری بوون ئەوا بیدعەیە، وە هەر کەسێك هاواری غەیری خوا بکات و حەیوان بۆ غەیری خوا سەرببڕێت و داوای شیفاو منداڵ لە پیاو چاکان بکات و تەواف بە دەوری قەبر و مەزارگەکان بکات ئەوا کارەکەی شیرکە، بەڵام بەخۆی ناڵێین: موشریك و کافر، بەڵام بەڕێزت دیارە زۆر جاهیلی، قاعیدەیەك هەیە زانایان دەڵێن: (لیس كل من وقع في الكفر وقع الكفر عليه، وليس كل من وقع في البدعة وقعت البدعة عليه)، مەرج نیە هەرکەسێك بکەوێتە ناو کوفر یان بیدعە تۆ حوکمی کافرو موبتەدیعی بەسەردا بچەسپێنی، هەروەکو کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ بەلای قەومێکدا تێپەڕین و دارێکیان هەبوو بۆ تەبەڕوك سیلاح و شتەکانی خۆیانیان پێ هەڵدەواسی و لەژێریدا ئیعتیکافیان دەکرد و به پیرۆزیان دادەنا و هاواریان دەکردێ، هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ وتیان: يا رسول الله، اجعل لنا ذات أنواط كما لهم ذات أنواط، فقال صلى الله عليه وسلم: «الله أكبر، إنها السنن هذا كما قالت بنو إسرائيل لموسى (اجعل لنا إلها كما لهم آلهة) قال: إنكم قوم تجهلون».

وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ تۆش دارێکی ئاوا بۆ ئێمە دەست نیشان بکەو بۆمان دابنێ تاوەکو ئەم قەومە ئیعتیکاف بکەین لەلای و شتەکانی خۆمانی پێ هەڵبواسین بۆ تەبەڕوك، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: الله أكبر! ئەمە سروشت و تەبیعەتی خەڵکە بەردەوام حەز بە لاسایی دەکات، ئەمە هەمان شتە کە بەنو ئیسرائیل بە موسایان وت علیه السلام کاتێك بەلای قەومێکدا تێپەڕین گوێرەکەیەکیان دەپەرست وەکو خوایەك دایان نابوو هاواریان دەکردێ و سوجدەیان بۆ دەبرد. بەنو ئیسرائیلیەکانیش وتیان: ئەی موسا بۆچی تۆش وەکو ئەم قەومە خوایەکمان بۆ دانانێی تا لێی بپاڕێینەوەو سوجدەی بۆ بەرین؟ موسی علیه السلام وە پێغەمبەری خوا ﷺ هاوەڵانیان کافر نەکرد، بەڵکو وتیان: (إنكم قوم تجهلون) عوزری نەزانینیان بۆ هێنانەوە.

بۆیە شوێن کەوتنمان بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ فێرمان دەکات کە کتوپڕ خەڵك کافر و موشریك ناکەین، بەڵام هەروەکو ئەوانیش لە هیچ کارێکی کوفر و شیرك و بیدعە بێدەنگ نابین و باسی دەکەین و بۆ خەڵکی ڕوون دەکەینەوە و دەڵێین: ئەم شتە کوفرە و ئەمەیان بیدعەیە مەیکەن، هەروەکو چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ ئامۆژگاری هاوەڵانی کرد و بەڵام پێشی وتن ئەم کارەتان شیرکە و کافریشی نەکردن بە بەڵگەی ئەوەی فەرمووی: ئێوە وەکو بەنو ئیسرائیل دەڵێن: (اجعل لنا إلها كما لهم آلهة)؛ چونکە کاتێك بتەوێ کەسێك کافر بکەی پێویستە مەرجەکانی بەکافر دانانی لەسەر بێتەدی و ئەو مانع و بەر بەستانەشی هەن لە بە کافر دانانی کەسێك دەبێت نەمێنن، وەکو: نەزانین و تەئویل و تۆبزی کردن و منداڵی و هۆش لە خۆ نەبوون و هتد..بەڵام وەکو قاعیدەی دین دەڵێین: ئەم قسەیە کوفرە و ئەم کارە شیرکە، نەك مەبەستت ئەوە بێت خاوەنەکانیان کافرن.

وە دەڵێت: سەلەفیەکان زۆر بێ ڕێزن بەتایبەت کە ناوی بەندە دێنێت دەڵێ: سوکایەتی بە ئاینی ئیسلام دەکات و بێ ڕێزی بە پێغەمبەری خوا ﷺ دەکات و بێ ڕێزی بە زانایان دەکات.

وەڵام/ تەنها ئەوەندە دەڵێم: ئەگەر ڕاست دەکەیت بۆچی بێ ڕێزیەکانی منت باس نەکردووە بۆ خەڵك و موسوڵمانانت ڕوون نەدەکردەوە ئەگەر بێ ڕێزیەکەی من بەرامبەر پێغەمبەری خوا ﷺ بەوە وەسف بکات کە وتومە: نابێ بڵێی: یا رسول الله هاوارە، ئەمە باش بزانە ئەوپەڕی ڕێزم لە پێغەمبەری خوا ﷺ ناوە؛ چونکە خواو پێغەمبەری خوا ﷺ وامان پێ دەفەرمووێ: نابێ هاواری غەیری خوا بکرێ، ئایا گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ بێ ڕێزیە؟! یان ئەوەی ئێوە کە فەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ دەشکێنن کاتێك بە عبدالله ی کوڕی عباس . ڕەزامەندی خوایان لێ بێت . دەفەرموێ: (إِذا سَأَلْتَ فَسَأَلِ اللّهَ، وإذا اسْتَعَنْتَ فَاسْتَعِنْ بِاللّهِ).

بەڵکو بەپێچەوانەوە کاکی نوسەر، دەست گرتن بە سوننەتەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوپەڕی ڕێزو خۆشەویستیە بۆی، نەك ئەوەی تۆو هاوڕایانت لە وازهێنان لە سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و حیزبایەتی کردن؛ لەبەرئەوەی خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣١﴾ ﴾ آل عمران: ٣١.

کەواتە: خۆشویستنی خوای گەورە بەستراوەتەوە بە شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا ﷺ، نەك واز هێنان لە ڕێبازەکەی و پێش کەوتنی. وە سەبارەت بە زانایان ئەمەش وەکو نادروستیەکانی ترت هیچ بنەماو ئەصڵێکی نیە، تەنها ئەوەنەبێت کە ڕۆژنامەنوسێك پرسیاری ئەوەی لێ کردووم ئایا لێژنەی فەتوا هەستاوە بە کارەکانی خۆی بە تەواوی؟ منیش وەڵامم داوەتەوەو گوتومە: هەموو کەسێك کەم و کوڕی هەیەو ئەو مامۆستایانەی لە لێژنەی فەتواشن هەندێك جار فەتواکانیان ناپێکن ئەمەش شتێکی سروشتیە و هەندێك جار فەتواکانیان تەسك دەکەنەوە لە مەزهەبێکی دیاری کراو کە نابێت وابێت، ئەمەش قسەیەکی حەقەو هیچ بێڕێزیەکی تێدا نیە.


بەڕێز سەرۆکی یەکێتی زانایان بابەتەکەی منی خوێندبۆوەو پرسیارم لێی کرد، وتی: نەخێر هیچ بێ ڕێزیەك نابینم لە نوسینەکەت. وە کە وتومە: کەسێکی وەکو: (د. عبد اللطيف) با لە لێژنەی فەتوادا هەبێت، ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت کە من داوای حزبایەتی دەکەم، وەکو تۆ تەفسیری بۆ دەکەی، کەسێکی وەکو مامۆستا (عبد اللطيف) هەموومان دەزانین زانایەکی شەرع زانەو کەس ناتوانێ نکوڵی لەوە بکات، ئەگەر لە لێژنەی فەتوادابێت دەبێتە حیزبی؟!

کەوایە: ئێستا جەنابت سوکایەتی بە زانایان دەکەیت، خۆ من نەم وتووە: ئەو مامۆستایانەی لە لێژنەی فەتوان هەموویان حیزبین، بەڵام تۆ دیارە باوەڕت وایە ئەوەی بچێتە لێژنەی فەتوا دەبێتە حیزبی، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بێ ڕێزیەکی ئاشکرایە بەرامبەر ئەم هەموو مامۆستایەی کە لە کوردستان لە لێژنەی فەتوان.

ئێمەی سەلەفی وا لەم دینە تێگەیشتووین قسەی حەق لە هەموو کەس وەردەگرین چ جای مامۆستایەکی بەڕێزی ئاینی بێت، وە قسەو فەتوای نازانستیش لە گەورەترین زاناش وەرناگرین . لەگەڵ ڕێزی زۆرمان بۆی .، هەر بۆیەش ئێمە نیسبەتی خۆمان نادەینە پاڵ هیچ کەس و حیزب و مەزهەب و تەریقەتێکی دیاری کراو، بەڵکو نیسبەتی خۆمان دەدەینە پاڵ پێشینە چاکەکانی ئەم ئوممەتە، کە بریتین لە: هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ.

لەکۆتایدا داواکارم لە خوای گەورە هیدایەتی هەمووڵا بدات و حەق و ڕاستیەکان بە چاوی دڵەوە ببینین وە تەنها ئەوەندەی پێ دەڵێم: (اتق الله)! لەخوا بترسە و چیتر بوهتان بۆ موسوڵمانان هەڵ مەبەستە.

و آخر دعوانا أن الحمدلله رب العالمين.



# وەڵامێك بۆ ئەندازیاری تۆمەت بەخشینەوە

## كاك حەمە سەعید سەعید كـە نوسیویەتی:

# ”سەلەفی وەك ئەندازیاری كافراندن“

د. خالد احمد مصطفى

كاك (حەمـە سـەعید) و هاوبیرانـی هـەروەك پیشـەی خۆیـان بەناراستـەو خۆ لـە ناشـیرین كردنـی دیـن لـە لایـەك و ڕازی نەبوون بـەم دیموكراتیـەی كـە خۆیان بانگەشـەی بۆ دەكـەن لە لایـەكی تـر، بەهیـچ جۆرێـك قبوڵیـان نـی یـە ڕای جیـاواز بەخۆیـان هەبێـت و بۆیـان هـەزم ناكرێـت! بۆیـە بـەردەوام لـە دروسـتكردنی تۆمـەت و ناتـۆرەی ناشـیرین دان بـۆ نەیارانیـان بۆئـەوەی لەبەرچـاوی خەڵكـی ناشـرینیان بكـەن.

بەڵگـەش لەسـەر ئـەم ڕاسـتیە وتارێكـی كاك (حەمـە سـەعید) ە لەلاپـەڕە (٢٢) ی ڕۆژنامـەی (BAS NEWS) بـاس نیـوس ژمـارە (٢٣٣) كـە لـە ڕۆژی (٣) شـەممە بـەرواری (٢٠١٥/٤/١٤) كـە تێیـدا لەژێـر ناونیشـانی: (سـەلەفی وەك ئەندازیـاری كافرانـدن)، زیاتـر لـە (٤٠) تۆمەتـی بـێ بنەمـای سـەپاندووە بەسـەر سـەلەفی دا.

مـن لەسـەرەتادا پرسـیارێكی زۆر سـادە لـە كاك (حەمـە سـەعید) و هاوبیرانـی دەكـەم، ڕێبازێـك هێنـدە خراپ بێـت نەدەبوایـە كـەس شـوێنی بكـەوتایا و دەبـوو هەمـوو خەڵـك هەمـان هەڵوێسـتی تۆیـان هەبوایـە.

وە بـۆ پێتـان سـەیرە كـە سـەلەفی ڕێبـازی قورئـان و سـونەتیان پـێ یـە كـە لەهەمـوو ڕێبازێـك ڕاسـتر بێـت، لەكاتێكـدا هەمـوو كەسـێكیش ڕێبـازی خـۆی پـێ ڕاسـترینە، هەتـا گا پەرسـتێك خـۆی زۆر پـێ لەسـەر حەقـە، كەواتـە: بـۆ ڕەخنـە لـە سـەلەفی بگریـت كـە بڵێـت: قورئـان و سـوننەت ڕاسـترین ڕێبـازی ژیانـە لـە كاتێكـدا كـە كەسـیان ناچـار نەكـردووە كـە بـەزۆری پابەنـدی پەیامـی ئیسـلام ببـن تەنهـا ئـەوە نەبێـت بەنـەرم و نیانـی و جوانـی ئـەم دینـە بـۆ خەڵكانـی ڕوون دەكەنـەوەو ئەوانیـش بـاوەڕ دەكـەن، وە خـۆ ئێـوەش نەوەسـتاون لـە بانگـەوازی كـردن بـۆ پەیامـی خۆتـان، كەوابـوو دەڵـێ گەڕێـن بـا خەڵكـی ئـازاد بێـت گـوێ لـە هەردوولامـان بگرێـت و خۆیـان سـەر پشـك بـن لـە بڕیـاردان،

وە واز لـە تۆمـەت بەخشـین و ناوزڕاندنمـان بهێنـن؛ چونكـە دڵنیابـن ڕوناكـی خـۆر بـە فـوی ئـەم و ئـەو ناكوژێتـەوە.

ئینجا بـۆ ئـەوەی خوێنـەری ئازیـز بەویژدانـەوە بڕوانێتـە قسـەی هـەردوو لامـان وەڵامەكـەم بڕگـە بڕگـە دەكـەم و دەقـی تۆمەتەكـەی بەڕێزیـان ئەكەمـە ناونیشـانی وەڵامـەكان:-

١. كـاك حەمەسـەعید : هـەر لـە ناونیشـانەوە: (سـەلەفی وەك ئەندازیـاری كافرانـدن)

> كوائەم تەكنە لۆ جیا و داهێنانە گەورانەی كە ئێوەی قەڵەم بەدەست بۆ ئەم میللەتان هێناوە و ئێمەتان لە خۆشگوزەرانیەكەیدا شەرمەزار كردووە ؟!

وەڵام/ مـن تەحەددای بەڕێزتـان ئەكـەم نـاوی یـەك مامۆسـتای سـەلەفیم بـۆ بهێنـن كـە نـاوی تاكـە كەسـێكی ئـەم سـەردەمەی هێنابێـت و وتبێتـی كافـرە، بـەڵام كـە دەسـتت نەكـەوت دەردەكـەوێت بەڕێـزت تۆمەتـی بـێ بنەمـات بەخشـیوەتەوە و پێدەچێـت پێـت خـۆش نەبێـت هـەر لـە قورئانیشـدا وشـەی كافـر هەبێـت.

بـەڵام مـن لـە میانـەی ئـەم وەڵامـە بـۆ خوێنـەری دەسـەلمێنم كـە تـۆ ئەندازیـاری تۆمـەت بەخشـینەوەیت.

٢. كـاك حەمـە سـەعید دەڵێـت: سـەلەفی و ئیخـوان هێنـدەی گرنگـی بـە (ابـن تیمیـە) دەدەن، هێنـدە پشـت بـە قورئـان نابەسـتن.

وەڵام/ تـۆ جـارێ لێـت تێـك چـووە و پەڕەكانـت لـێ تێكـەڵ بـووە؛ چونكـە ئیخـوان گرنگـی بـە (ابـن تیمیـە) نـادات و قسـەكانیشـی هێنـدە بـە بەڵگـە ناهێنێتـەوە، كەواتـە: باشـتر وایـە دیراسـەیەكی ورتـر بكەیـت پێـش ڕەخنـە گرتـن.

ئینجا (ابـن تیمیـە) زانایەكـی پایـەداری كـوردە و جیهانـی ئیسـلامی شـانازی پێـوە دەكات؛ چونكـە جورئـەت و زانیاریەكـی زۆری هەبـووە

و فەتوای یەکلای کەرەوەی لە زۆرێك لە مەسەلەکاندا هەبووە، وە بۆ تۆ و هاوبیرانت ڕەوایە ناوی فەیلەسوفێکی یۆنانی و ڕوسی بەردەوام دووبارە بکەیتەوە و ڕێبازی ژیانت لەسەر بیرکردنەوەکانی ئەو دیاری بکەیت، بەڵام بۆ ئێمە ڕەوا نی یە کە وتەکانی ئەم کەڵە پیاوە بهێنینەوە؟! بەڵام کە دەڵێیت: ئەوان ئەوەندەی پشت بە (ابن تیمیە) دەبەستن پشت بە قورئان نابەستن ڕاست نی یە و ئەگەر بەڕێزت سەردانی وتاری هەینی چەند مامۆستایەك بکەیت و بەراورد بکە بزانە چەند ئایەت باس ئەکەن و چەند قسەی ئەم زانایە ئەهێننەوە ئینجا بۆت دەردەکەوێت کە قسەکەت لە تۆمەتێکی بێ بنەما زیاتی هیچی تر نی یە.

٣. کاك حەمە سەعید: سەلەفی کەسێکە لە قاوغی ڕابردووی دێریندا گیری خواردووە لەکن وی پێشکەون گەڕانەوەیە بۆ دواوە.

وەڵام/ لای سەلەفی دینداری ڕاستەقینە دەبێت بەم جۆرە بکرێت کە پێشینە باشەکانمان کردویانە لە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵان و شوێنکەوتوانیان، بەڵام بەهیچ جۆرێك سەلەفی ڕێگری پێشکەوتنی دونیایی نی یە و تۆمەتێکی بێ بنەمایە لەم ڕۆژگارەی کە هەردوولامانی تێدا دەژین دڵنیات دەکەمەوە کە ئێوە لە سەلەفیەکان پێشکەوتووترنین لە دونیای تەکنەلۆجیادا، بۆیە وانیشانی مەدە کە خۆت لە ئاسمانی و ئێمەش لە ڕێسمان وە هەموو کاتێك کەسی دیندار لە داهێنانەکانی دونیایشدا لەم وڵاتانەی ئێمە لەپێش بێ دینەکانەوەیە وە بەهەمان شێوەش لە خوێندندا.

کوا ئەم تەکنەلۆجیاو داهێنانە گەورانەی کە ئێوەی قەڵەم بەدەست بۆ ئەم میللەتەتان هێناوە و ئێمەتان لە خۆشگوزەرانیەکەیدا شەرمەزار کردووە ؟!

هەست ناکەیت ئەم قاوغەی ڕابردووی بۆ سەلەفی بڕیاری دەدەی تۆ و هاوبیرانیشت خۆتان لەقاوغی مۆدێرندا ناوزەند کردووە زۆریشی لێ دوورن، وەك کورد دەڵێت: (وەستای قسان و کۆڵەواری دەستان) ڕەفتار دەکەن.

٤. کاك حەمە سەعید : سەلەفی شەیدای نەقڵەو ڕقێکی ئەستوری لە ئەقڵە.

وەڵام/ بەڵێ سەلەفی شەیدای نەقڵە کە قورئان و سوننەتە، وە هەموو کەسێکیش کە موسوڵمان بێت دەبێت وابێت، چونکە ئەم دوو سەرچاوەیە زامنی هیدایەت و بەختەوەری مرۆڤەکانە، وەك پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (تَرَكْتُ فيكُمْ شَيْئَيْنِ لَنْ تَضِلُّوا مَا إنْ تمسَّكتُم بِهِمَا : كِتَابَ الله وسُنَّتي). المائدة: ٣.

بەڵام کە بڵێیت: ڕقێکی ئەستوریان لە عەقڵە ئەمە تۆمەتێکی بێ بنەمایە؛ لەبەرئەوەی ئەگەر سەلەفی عەقڵی لە بانگخوازی بەکار نەهێنابێت و عەقڵەکانی نەجوڵاندبایە ئەوا چین و توێژە جیاجیاکانی میللەتەکەمان چۆن دەچوونە سەر ئەم ڕێبازە، بەڵام ئەوەی جێگای ناکۆکی نێوان سەلەفی و نەیارانیەتی لە مەسەلەی عەقڵدا، سەلەفی پێی وایە عەقڵ بۆ خزمەت و قەناعەت پێ کردنی نەقڵە، نەوەك خۆی سەرچاوەیەکی سەربەخۆ بێت یاخود لەسەروی نەقڵەوە حسابی بۆ بکرێت، واتا بەڕای سەلەفی هەرکاتێ کە عەقڵ و نەقڵ دژ بەیەك بوو . ئەمەش هەرگیز لە عەقڵی سەلیمدا ڕوونادات . ئەوا دەبێت کار بەنەقڵ بکرێت و باعەقڵی من و تۆش دەرکی پێ نەکات و لێی حاڵی نەبێت.

بەڵام لای نەیارانی سەلەفی عەقڵ پێوەرە بۆ وەرگرتنی پەیامەکانی وەحی و نەقڵ، وە هەرشتێك عەقڵ دەرکی پێ نەکرد ڕەت دەکرێتەوە با ئایەت و حەدیسیش بێت یان کە ڕەتیش نەکرێتەوە تەئویل دەکرێت. سەلەفی پێی وایە کە گەورەترین نیعمەت لە جەستەدا کە خوا بە مرۆڤی بەخشیوە عەقڵ و ژیریەکەیەتی، بۆیە دەبێت شوکری خوای لەسەر بکات و بەهۆیەوە خوا لەخۆی ڕازی بکات نەك بەهۆی عەقڵەوە لەخوا یاخی بێت و سەری بسوڕمێت لە کارەکانی عەقڵ و کردگاری ئەم عەقڵەی کە خوایە لە بیربچێتەوە.

بەڵام لای نەیارانی سەلەفی عەقڵ پێوەرە بۆ وەرگرتنی پەیامەکانی وەحی و نەقڵ، وە هەرشتێك عەقڵ دەرکی پێ نەکرد ڕەت دەکرێتەوە با ئایەت و حەدیسیش بێت یان کە ڕەتیش نەکرێتەوە تەئویل دەکرێت.

٥ . کاك حەمە سەعید دەڵێت: سەلەفی پێی وایە خۆی هەڵگری فیکری ئیلاهی یە کە لەبەین دەچێت و ملکەچی یاسای گۆڕانە.

وەڵام/ بەڵێ گومانی تێدا نی یە کە پەیامی ئیسلام وەدەقی ئیلاهی . نەوەك فیکری ئیلاهی . نە لە بن دەچێ و نە گۆڕانیشی بەسەردا دێت بەپێی کات و شوێن؛ چونکە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ﴾ الحجر: ٩، وە پێغەمبەریشمان ﷺ فەرمویەتی: (دووشتم لە دوای خۆم بەجێ هێشتووە گومڕا نابن ئەگەر دەستیان پێوە بگرن کە قورئان و سوننەتە)، کەواتە: هەرکەسێك دەست بە قورئان و سوننەتەوە بگرێت وە پێش لێکدانەوە و عەقڵ و ئارەزوی خۆی بخات دەکرێت بڵێت: من بەختەوەرم لەبەرئەوەی شوێنکەوتە و هەڵگری پەیامی خواییم، وە خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلْأَوَّلُونَ مِنَ ٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحْسَٰنٍ رَّضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ ﴾التوبە ١٠٠، کەواتە: خوای گەورە ڕەزامەندی خۆی ڕشتووە بەسەر ئەو کەسانەش کەلەهەر سەردەمێکدا بەباشی شوێن پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی دەکەون، وە شوێن کەوتنی باش بەوە دەبێت کە ئەوان چۆن دینداریان کردووە ئێمەش وا بیکەین (مَا أَنَا عَلَيْهِ الْيَوْمَ وَأَصْحَابِي)..

کەواتە: سەلەفی هەڵگری پەیامی قورئان و سوننەتە بەبێ دەستکاری، نەك هەڵگری فیکری ئیلاهی بێت؛ چونکە ئەم زاراوەیە دروست نی یە دەرهەق بە خوای گەورە بوترێت.

٦. کاك حەمە سەعید دەڵێت: سەلەفی چەمك و بیرۆکەی لە چەشنی (مافی مرۆڤ، یەکسانی لەنێوان ژن و پیاودا، ئازادی ویژدان) بەپولێك ناکرێت.

وەڵام/ نازانم کاك حەمە سەعید فەلسەفەی ویژدان لێ دەدات و بێ ویژدانی دەداتە پاڵ سەلەفی، بەڵام توخوا بیرت لە نوسینەکەی خۆت کردۆتەوە کە چەند بەبێ ویژدانی تۆمەت دەبەخشیتەوە، ئاخر کام مافی مرۆڤەیە کە سەلەفی دژیەتی؟ لە کاتێکدا سەلەفی باوەڕی تەواوی هەڵقوڵاو لە دەقەکانی بەرێزگرتن لە ئافرەت هەیە، وەلای سەلەفی ئافرەت تا بەساڵدا دەچێت ڕێزی زیاد دەکات بەپێچەوانەی ئەوانەی کە تەنها لە لاوی و جوانێتی دا باسی ئافرەت دەکەن، بەڵام کە بڵێی: با ژن و پیاو لەهەموو شتێکدا یەکسان بن بەخوا ئەمە خۆشتان پیادەی ناکەن، بەڵێ لە مافدا یەکسان نین، بەڵام لە ئەرك و بەرپرسیارێتیدا نەخێر، ئیسلام هێندە باری ئافرەتی قورس نەکردووە، کە ئەرکی تایبەتی

خۆی هەر لەسەربێت و ئەركەكانی پیاویشی بخرێتە سەرشانی.

ئینجا ئەوانەی كە دەڵێن: با ژن و پیاو یەكسان بن، دەبا خۆیان جێبەجێ ی بكەن كەلە سەدا نەوەتی بەرپرسی حزبی و حكومی وڵاتان پیاوانن، دەبا خۆیان جێبەجێ ی بكەن و ئەم پۆستە تەسلیمی ژنێك بكەن ئینجا بێن ڕەخنە لە سەلەفی بگرن .

٧. كاك حەمە سەعید دەڵێت: هەر لێكدانەوەیەكی نوێ بێتە كایەوە لای سەلەفی دەكەوێتە خانەی كارە خراپەكانی شەیتانەوە.

وەڵام / لای سەلەفی هەر لێكدانەوەیەك لە دیندا كە ئەحكامەكانی دین بگۆڕێت یاخود ناوەڕۆكی دەقەكان بە ئاقارێكی تردا ببات كە پێشینەكان وای تێنەگەیشتوون ئەوا لای سەلەفی كاری پێ ناكرێت، بەڵام نالێین لە شەیتانەوەیە وەك بەڕێزت ئاماژەت پێ كرد.

سەلەفی هەر داهێنانێكی دونیایی لە بواری زانست و تەكنەلۆجیاو هەربوارێكی تر كە بۆ خزمەتی كۆمەڵگەبێت بەخۆشحاڵیەوە پێشوازی لێ دەكات، پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (أنتم أعلَمُ بأمورِ دنياكُم منّي). كەواتە: داهێنان دوو جۆرە:

١ . لە بواری دیندا: قەدەغەیەو پێی دەوترێت: (بیدعە)، و ڕەت دەكرێتەوە بەسەر خاوەنەكەیدا سەرورمان فەرمویەتی: (مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَذَا مَا لَيْسَ مِنْهُ فَهُوَ رَدٌّ).

٢ . لە بواری دونیادا: خەڵكی ئازادە و دەستخۆشیشی لێ دەكرێت بەمەرجێك سودی بۆ كۆمەڵگا هەبێت.

٨- كاك حەمە سەعید دەڵێت: ئەوەی لای سەلەفی پیرۆزە جەهلە.

وەڵام/ پێم سەیرە كەسێكی بەناو ڕۆشنبیر بتوانێت تۆمەتی ئاوا گەورە بداتە پاڵ چینێكی دیاری كۆمەڵگا كە گشت توێژەكانی كۆمەڵگایان پێك هێناوە، ئاخر كە جەهل لایان پیرۆزبێت ئەم هەموو پسپۆڕی و بڕوانامە زانستیانەیان چۆن پێ دراوە ؟ ئاخر كە جەهل لایان پیرۆزبێت بۆتۆ و هاوبیرانت لەبری تۆمەتبەخشینەوەی بێ بنەما ناتوانن زانستیانە گفتوگۆیان لەگەڵ بكەن ڕاستەوخۆ؟ وە ئایا كە ئێوە زانستخوازی ڕاستەقینەن بۆ خەڵكی شوێن ئێوە ناكەوێت؟! یان دەتەوێت بە زمانی حاڵ بڵێیت: میللەتەكەمان هەمووی جاهیلە بۆیە شوێنیان دەكەون، ئەمە بۆ خوێنەر جێدەهێڵم.

ئاخر كە جەهل لایان پیرۆزبێت بۆتۆ و هاوبیرانت لەبری تۆمەتبەخشینەوەی بێ بنەما ناتوانن زانستیانە گفتوگۆیان لەگەڵ بكەن ڕاستەوخۆ؟

٩- كاك حەمە سەعید دەڵێت: كە (موعتەزیلە) لەسەر دەستی (ئیبن حەنبەل) دا شكستی خوارد ئیدی ئەقڵ جێ ی بەعەقڵ لێژ كرد.

وەڵام/ پرسیار دەكەم كە (موعتەزیلە) كان هێندە ڕۆشن فیكرن بۆ شكستیان خوارد...؟

وە پێت وانی یە ئەوانەی بە بانگەشەی خۆیان ئەقڵانین و دەیانەوێت دژایەتی نەقڵ بكەن بەهەمان دەردی (موعتەزیلە) كان دەچن. برای ئەزیز كاك (حەمە سەعید) نەقڵ دینی خوایە و هەرگیز شكست ناهێنێت وە خوای گەورە ئەم ئەقڵەی بەتۆ و هاوبیرانت نەداوە بۆ ئەوەی دژایەتی نەقڵی پێ بكەن، وریابن خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يُرِيدُونَ أَن يُطْفِـُٔوا۟ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفْوَٰهِهِمْ وَيَأْبَى ٱللَّهُ إِلَّآ أَن يُتِمَّ نُورَهُۥ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَـٰفِرُونَ﴾ التوبە: ٣٢، بەڵام كاتێك ئەم ئایەتە خوێندەوە نەفس و شەیتان بۆ گومان و تۆمەتێكی ترت نەبات و خێرا هەڵسیتەوە و بڵێیت سەیركەن بە كافرمان دادەنێت و ئایەتی كافرانی لەسەر جێ بەجێ كردین، نەخێر بە كافرت دانانێم، بەڵام دەڵێم: نوری ئیسلام كە بەكافر نەكوژێتەوە بە ئێوەی موسڵمانی كەم حاڵی لە دەقەكانی قورئان و سوننەت هەرگیز ناكوژێتەوە.

١٠- كاك حەمە سەعید دەڵێت: ئەگەر جیاوازیەك لەنێوان سەلەفیەكان و ئیخوانیەكاندا هەبێت لەڕوكەشدایە، سەلەفیەكان ڕدێنیان درێژە و شەرواڵیان كورتە، وەلی ئیخوانیەكان بە پۆشاكی ئەوروپایی و ڕیشی قەڵەمكراو خۆیان نمایش دەكەن ئەگەر نا وەك كرۆك موو بە نێوانیاندا ناچێت و لەهەمان سەرچاوەی لێڵەوە ئاو دەخۆنەوە.

وەڵام/ هەزار ڕەحمەت لە پێشینانمان كە وتویانە: (هەندێ كەس ئەقڵی لەچاوەكانیدایە) بەڕاستی سەلماندت خوێندنەوەت چەندەیە، بۆیە جیاوازی سەلەفی و ئیخوانت ئاشكرا كرد!!

من هیچی تر لەسەر ئەم برگەیە نانوسم تەنها لەسەر كۆتا دێڕ نەبێت كە دەڵێیت هەردوولا لەهەمان سەرچاوەی لێڵەوە ئاو دەخۆنەوە ئەو سەرچاوەیەی ئاوی لێ دەخۆینەوە وەحی خوایە و قورئان و سوننەتە كە بەلای تۆوە لێڵە بۆ بەئاشكرایی ناڵێیت ئەم قورئان و سوننەتە لێڵن؟ وە ئایا كام سەرچاوەیە كە زۆر سازگار و ڕوونە جەنابت لێی تێر ئاو بوویت؟! ئەگەر نیشانی خەڵكی نەدەی ئەوە تۆ كەسێكی ئەنانیت، ئەگەر ڕاست دەكەیت نیشانی بدە، وە ئەگەر نیشانیشت داون بەڵام خەڵكی لێی ناخۆنەوە دیارە شتێكی تر هەیە یا ڕونیش بێت بەڵام لەوانەیە بۆگەن بێت، ئاوی بۆگەنیش كەس پێی ناخورێتەوە كەسانی تایبەت نەبێت!

١١- كاك حەمە سەعید دەڵێت: لای سەلەفیەكان یەك لێكدانەوە بۆ دەق هەیە، لێكدانەوەی رووكەشی دێرین، لەوەدەچێت لەو كەلەپورە بەبەرد بووەدا لە هۆش خۆیان چوو بێتن.

وەڵام/ بەڵێ لای ئێمەی سەلەفیەكان هەر لێكدانەوەیەكی نوێ بۆ دەقەكان كە ئەحكامەكانی پێ بگۆڕێت ناشەرعی یە، هەر لێكدانەوەیەكی نوێ حەڵاڵ حەرام بكات یان بە پێچەوانەوە ئەوا نا شەرعی یە و ڕەت كراوەیە، بەڵام لە مەسەلەیەكدا كە دەقێك بەڕوون و ئاشكرایی پشتیوانی نەكات ئەوا دەرگای ئیجتیهاد واڵایە و باوەڕمان پێ یەتی وە زۆر لە خەڵكی ناكەین بۆ پابەند بوون بە ئیجتیهادی هیچ زانایەك مادام دەقی لەسەر نی یە، بەڵام كە لە مەسەلەیەكدا دەق هەبوو ئەوا ئیجتیهاد بەتاڵە: لەبەر ئەوەی (لا اجتهاد في مورد النص).

وە سەبارەت بە برگەی دووەمیش كە دەڵێیت لەوانەیە لە هۆش خۆیان چوبێتن، تەنها دەڵێم ئەگەر وایە تۆو هاوبیرانت بۆ هێندە ئەترسن لەم ڕەوتە لە هۆش خۆ چووە؟! مادام شوكر میللەت پیاوێكی بە ئاگای ڕۆشنبیری وەكو ئێوەی هەیە!

١٢- كاك حەمە سەعید دەڵێت: بیر ڕۆشنێك سەری هەڵدابێت هەر زوو كەوتونەتە بەر غەزەبی كافراندن سەلەفیەكانەوە و ئیدی تیرۆریان كردووە یان شار بەدەر و وڵات بەدەریشیان كردووە.

وەڵام/ جاری بۆ دەبێت ڕۆشنبیر تەنها لافی ئەوە لێ بدات كە

دژایەتی خوا بکات، دەبرۆن داهێنانێکی دنیایی بکەن باخەڵکی لە سایەیدا بحەسێتەوە و دوعای خێرتان بۆ بکەن، کورد گوتەنی: (وەستای قسان و کۆڵەواری دەستان مەبن)، ئینجا تەحەددای جەنابت دەکەم کام مامۆستای سەلەفی کەسێکی بەکافر داناوە؟ بۆ پشتگیری قسەکەت ناوی یەك کافر کراوت نەنوسی، سەلەفیەکان لەهەموو کەسێکی تر میهرەبان ترن بۆ گەلەکەیان و ڕێنمویی خەڵکی دەکەن بۆ ئەم ڕێبازەی کە خۆیان باوەڕیان پێیەتی کە مایەی ڕزگار بوونە، بەڵام نە هەرگیز زۆری لە کەس دەکەن بۆ پابەند بوون، وەنەپەناش دەبەنە بەر توند و تیژی و کوشتن، بگرە ئەگەر توندو تیژیشیان بەرامبەر بکرێت و بشکوژرێن ئەوا لە پەیڕەوەی خۆیان لانادەن و ڕابردووی نزیکیش ئەوەی سەلماندووە.

١٣- کاك حەمە سەعید دەڵێت: ئاخر سەلەفیزم و مۆدێرنێت پێکەوە هەڵناکەن ئیلا دەبێت یەکێکیان جێ بۆ ئەوەی دیکەیان چۆڵ بکات.

وەڵام/ هەر مۆدێرن و پێشکەوتنێك دژایەتی لەگەڵ دین نەکات ئەوا سەلەفیەت پشتیوانی لێ دەکات، بەڵام کە دژ بە نەریت و ئادابی پیرۆزی شەریعەتی ئیسلام بوو ئەوا سەلەفیەت هەوڵی هۆشیار کردنەوەی خەڵکی لێ دەدات بەبێ توندو تیژی، وە هیچ کاتێك سەلەفیەکان لەسەر بوونی چەند شتێکی مۆدێرنی ناشەرعی لەناو کۆمەڵگادا ناچن ئاژاوە بنێنەوەو ئاسایشی هەرێم تێك بدەن؛ چونکە سەلەفیەکان باوەڕیان بە پەیامی پێکەوە ژیان هەیە و وە دەشزانن کە زۆری کردن لە دیندا نی یە.

سەلەفیەکان باوەڕیان بەپەیامی پێکەوەژیان هەیە و وە دەشزانن کە زۆری کردن لە دیندا نی یە

١٤- کاك حەمە سەعید دەڵێت: سەلەفیەکان بەوپەڕی یەقینەوە دەڵێن حەقیقەت ئەوەیە کەیەکجار و بۆ هەتا هەتایە لەڕابردوودا هاتۆتە کایەوە و ئیدی هەرگیز شتێکی نوێ و سودبەخش سەرهەڵنادات و هیچ پێویستیمان بە زانا و فەیلەسوفی تر یان کتێب و کەلتوری دیکە نابێت.

وەڵام/ سەلەفیەکان پێیان وایە کە حەق یەکە و دوو شتی دژ بەیەك هەردووکیان لەسەر حەق نین، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَمَاذَا بَعۡدَ ٱلۡحَقِّ إِلَّا ٱلضَّلَٰلُ﴾ یونس:٣٢، وە عەقڵیش ڕاستی ئەوە دەسەلمێنێت ، بەڵام لە هەموو ڕۆژگارێکدا ئەوەندەی سەلەفی گرنگی بە کتێب و گەورەکردنی کتێبخانە دەدات هەرگیز لەخەڵکی تر نەبینراوە، واقیعی مەیدانیش شایەتحاڵە لەسەر ئەمە، وە بە بڕوای زۆرێك لە چاودێرانی بەویژدان ئەم جموجۆڵە ڕۆشنبیری و فکریەی لە نێوان سەلەفیەکان و کتێبخانەکاندا هەیە زۆر بەرچاوە و وەکاتێك کە پێشانگای نێودەوڵەتیش ساڵانە لە (هەولێر) دەکرێتەوە دیاردەکە بۆ هەموو بە ویژدانێك زۆر ڕوون و ئاشکرایە، بۆیە باوەڕناکەم نەك هەر خوێنەری وتارەکەی کاك (حەمە سەعید) بگرە هەرخۆشی لە ناخدا باوەڕی بەوە نی یە.

١٥- کاك حەمە سەعید دەڵێت: سەلەفیزم زیندانێکی تاریك و داخراوی فیکریە، ئەوەی ڕێی تێ بکەوێت ئیدی دەبێتە دوژمنی سەرسەرختی ڕوناکی و کرانەوە ئیدی نە بڕوای بە فرەیی دەبێت نە بە ئازادی.

وەڵام/ توخوا کە تۆ بڕوات بە فرەیی و ئازادی هەبێت بۆ دەبێت وا لە پێستی خۆت بچیتە دەرەوە لە داخی بوونی سەلەفیەکان، یان باوەڕت بە هەموو فرەیی و ئازادیەك هەیە جگە لە بوونی سەلەفی!

بۆیە باشتروایە شتێك نەنوسیت بە ڕەخنە لەسەر کەسانی تر کە خۆت هەمان شتت تێ دابێت؛ چونکە دونیا ڕوناکە و خەڵکی تێ دەگات، وامەزانە قسەکانی تۆ پەرەی قورئانن و بەس جەنابت بیخەیتە سەر کاغەز ئیدی خەڵکی بەبێ تێفکرین وەری دەگرن، بەخوا هەر سەلەفیەك کە تۆ بەدواکەوتووی لە قەڵەم دەدەیت و وادەزانیت لە زیندانێکی تاریك و داخراودایە ژیانی خۆی بەسەدی وەکو بەرێزت ناگۆڕێتەوە لە بەختەوەریدا؛ چونکە بەم وەحیە موبارەکە دڵ و دەرونیان ئاسودە بووە و بۆیە دڵیان زۆر فراوان و پاکە نەك وەکو تۆ کە لافی ڕۆشنگەری لێ دەدەیت و لە تەنها یەك وتارت لەم ڕۆژنامەیەدا چەندین ڕق و قین و تۆمەت و گومانت کە لە دڵدا قەتیس ماوە خستۆتە بەر دیدی خوێنەر.

١٦- کاك حەمە سەعید دەڵێت: لای سەلەفی هیچ شتێك ڕێژەیی نی یە هەرچی ئەم باوەڕی پێی هەبێت وەهایەو کەسانی سەر بە ئاین و ئاینزا و ڕەوتە فیکریەکانی دیکە کافرن.

وەڵام/ سەلەفی پێی وایە لەبیر و باوەڕدا وە لە ئەحکام و شەریعەت و لە ئەخلاق و سلوك دا ڕاسترین و چاکترین شت ئەوەیە کە لە قورئان و سونەتدا هاتووە؛ چونکە ئەم دوانە زادی بیری مرۆڤ نین؛ لەبەرئەوەی زادی بیری مرۆڤ ڕێژەیین، هەندێ شت بە لای کۆمەڵێ کەس زۆر پیرۆزە، بەڵام لای هەندێکی تر نەك هەر پیرۆز نی یە بگرە خراپیشە، وە پێم وایە ئەم قسەیەم پێویستی بە بەڵگە هێنانەوە ناکات بەتایبەت لای ئەو کەسانەی کە لافی عەقڵانیەت لێ دەدەن.

بەڵام ئەوەی لای کردگاری بونەوەر دانرابێت گومانی تێدا نی یە پیرۆزەو هەموو خاوەن ژیریەکی سەلیم بەپیرۆزی دادەنێت، خوای گەورە دەفەرموێت﴿ أَلَا يَعۡلَمُ مَنۡ خَلَقَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلۡخَبِيرُ ١٤ ﴾ الملك: ١٤.

وە سەبارەت بە ڕەوتە فیکریەکانی ناو دینی ئیسلام، سەلەفیەت تۆمەتی کافر بوونی نەداوەتە پاڵ هیچیان، بەڵام دەڵێت: لە ڕێگەی ڕاست لایان داوە.

وە سەبارەت بە دیانەتەکانی تری غەیری ئیسلامیش بەدڵنیاییەوە لە دیدی ئیسلامدا دینداری هیچیان قبوڵ نین و لەدواڕۆژیشدا زەرەرمەند دەبن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينٗا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ﴾ عمران:٨٥، بۆیە جولەکە و گاور و هەر دیانەتێکی تری جیاواز لە دینی ئیسلام خوای گەورە بەکافری داناوە، هەروەك لەم ئایەتەدا ﴿ لَمۡ يَكُنِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ وَٱلۡمُشۡرِكِينَ مُنفَكِّينَ حَتَّىٰ تَأۡتِيَهُمُ ٱلۡبَيِّنَةُ ﴾ البينة:١. وە بەهەمان شێوەش لە دیدی هەموو دیانەتەکانی جگە لە ئیسلام هەرکەسێك لەسەر ڕێبازی دینەکەی ئەو نەڕوات ئەوا کافرە، بۆیە داوا دەکەم کاك (حەمە سەعید) خۆی بە سوڵح خوازێك نیشان نەدات کە دەیەوێت هەموو دیانەتەکان ئاشت بکاتەوە؛ چونکە ئەوەی کە بینومە تۆ تەنها لەسەر دینی ئیسلام ڕەخنەو سەرنجت هەیەو تەنها سەلەفی بە تاریك پەرست ناو دەبەیت! ئەگینا بەلاتەوە گشت مرۆڤ و دیانەتەکانی تر ڕۆشنفکرن.

١٧- کاك حەمە سەعید دەڵێت: سەلەفی و ئیخوان هێندەی گرنگی بە (ئیبن تەیمیە) ئەدەن کە دامەزرێنەری قوتابخانەی کافراندنە، هێندە پشت بە قورئان نابەستن.

وەڵام/ دیسان یان بە هۆی بەد حاڵی بوونت لە ڕێبازی ئیخوان و ڕێبازی سەلەفی ئەوەتا دەڵێی: ئیخوان گرنگی بە (ئیبن تەیمیە) دەدەن ئەگەر خوێندنەوەیەکی باش و ورد و بە ویژدانتان هەبوایە دەگەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە نە ئیخوانەکان گرنگی زۆر بە قسەی (ئیبن تەیمیە) دەدەن، وە نە زانای پایە بەرزی کوردیش (ئیبن تەیمیە) دامەزرێنەری زاراوەی کافر و فاسق بۆ نەیارەکانیەتی، ئەوەتا لە ووتەیەکی بەناوبانگیدا دەڵێت: (نەیارەکانم هەندێ قسە دەڵێن کە من بیڵێم پێی کافر دەبم، بەڵام بەوان ناڵێم: کافر؛ چونکە عوزرو پاساوی نەزانین و شوبهە و گومانیان بۆ دەهێنمەوە).

وە سەرنجی تۆ و خوێنەرانیش بۆ ئەمە ڕادەکێشم ئایا مامۆستایانی سەلەفی لە وتار و نوسین و پەیامەکانیاندا دەیان ئایەت و فەرمودە باس ناکەن؟ وە لەوانەیە قسەیەکی (ئیبن تەیمیە) ش بگێڕنەوە، بەڵێ زانا لای سەلەفی قەدرو پێگەی زۆری هەیە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَسْئَلُوٓاْ أَهْلَ ٱلذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴾ الأنبياء:٧

١٨- کاک حەمە سەعید دەڵێت: هەندێك ئایەت هەن ئەگەر بەحەرفی و بە ڕوکەشی سەرنجیان بدەین و لە هەلومەرج و دیرۆکی خۆیانیان دابڕین، هەر دەڵێیت بانگەشە بۆ کافراندن دەکەن، سەلەفیەکان سود لەو ئایەتانە دەبینن بۆ ئەنجامدانی تیرۆر پشتیان پێ دەبەستن وە هەر ئایەتێکیش بەڕوونی بانگەشە بۆ مرۆڤ دۆستی و لێبوردەیی بکات ئەوا بەمافی خۆیان ڕەوا دەبینن نەسخی بکەنەوە.

وەڵام/ ئەوەی کە کاك (حەمە سەعید) وتی ڕێك و پێك بەسەر ڕەوتە تەکفیری و توندڕەویەکاندا جێ بە جێ دەبێت، بەڵام هەڵەی جەنابیان لەوەدایە کە تا ئێستاش جیاوازی لە نێوان خەواریج و توندڕەوو سەلەفیەکاندا ناکەن، بەپێوەری: (ئەوەی سمێڵی سور بێت هەمزاغایە) بەراورد دەکەن و حوکم دەدەن، ئەگینا کاکی بەڕێز هەر لە دێر زەمانەوە تا ئەم ڕۆژگارەی ئێمەشی تێدایین ئەمە پەیامی سەلەفیە: با دەقەکان بەڕووکەش تێنەگەین وە ئەو دەقانەش کە لە ڕووکەشدا دژ بەیەکن بەیەکەوە گرێیان بدەین و تەنها واتا ڕاستەکەی لێ وەربگرین، خوای گەورە فەرمویەتی: کە ئایەتەکانی دوو جۆرن هەندێکیان موحکەمن و تەنها یەك مانا هەڵدەگرن وە هەندێکی تریش چەند مانایەك هەڵدەگرن، بەڵام دڵ نەخۆشەکان شوێنی جۆری دووەم دەکەون کەپێیان دەوترێت: (متشابە)، وە ئەوەندەی کە مامۆستا و زانا و نوسەرانی سەلەفی نوسین و کتێبیان لەسەر ڕەوتە توندڕەوی و تەکفیریەکان هەیە تەحەددا دەکەم بە هەموو گروپە عەلمانی و ئیسلامیەکانی تر ئەوەندەیان نوسیبێت.

جا کە بەڕێزت تا ئێستا جیاوازیت نەکردووە لە نێوان سەلەفی و خەواریج و تەکفیری ئەوا بیزانە، وە ئەگەر بە مەبەستی چەواشەکاریش تێکەڵیان دەکەیت، ئەوا هەرگیز ناتوانیت؛ چونکە واقیعی کتێبخانەکان شایەدحاڵن.

١٩- کاك حەمە سەعید دەڵێت: ئایا ئەمە جێی سەرنج نی یە کە ئیخوانی خۆ بە میانڕەوزان هەموو قورئانی لە (وأعدوا) دا چڕکردۆتەوە لەسەر لۆگۆی حیزب نوسیویەتی.

وەڵام/ بەڵێ جێگەی سەرنجە و دەکرێت بڵێین: بەشێکی فیکری توندڕەوی تێدا دەخوێنرێتەوە و وەلەوانیشەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام سەرنجێکیش لەسەر قسەی بەڕێزتان ئەوەیە تۆ ناونیشانی بابەتەکەت لەسەر سەلەفیەتە، بۆیە ئەم کارەی ئیخوان دەیکات چ پەیوەندیەکی بە سەلەفیەتەوە هەیە؟! ئایا حاڵی نیت؟! یان دەتەوێت بۆ مەرامێك تێکەڵی بکەیت؟!

٢٠- کاك حەمە سەعید دەڵێت: سەلەفیەکان هەر خۆیان بەڕاست دەزانن؟ هەر لەبەر تروسکەی ئەم لێکدانەوەیەدا، خوێنی (موعتەزیلە) حەڵاڵ کرا، هەنوکەش هەر داعش هەر غەیرە دین ناکوژێت غەیرە مەزهەب و غەیرە گروپیش دەکوژێت.

وەڵام/ بەڵێ سەلەفیەکان ئەم ڕێبازەی کەلەسەرنی بەڕاسترین ڕێگای دەزانن، بەڵام هەرگیز زۆری لە کەس ناکەن بۆ پابەند بوون بە ڕێبازی سەلەف چ جای ئەوەی خوێنیان حەڵاڵ بکەن، باشترین نمونەش لەسەر نادروستی قسەی بەڕێزیان هەر لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ وە ئاینزای تر هەرماون تا ئەم ڕۆژگارەی ئێمەش، موسڵمانان لەگەڵیان ژیاون و کڕین و فرۆشتنیشیان لەگەڵ کردوون، وە بەهەمان شێوەش هەموو فیرقەو گروپەکانی تری ناو ئیسلام هەرماون وە نوسین و پەیڕەوکاریشیان هەیە، بەڵام کێشەی تۆ لە دوو شتدایە:

یەکەم/ جیاوازی لە نێوان سەلەفی و خەواریج و داعش دا ناکەیت.

پێتوا یە بۆ تۆ و هاوبیرانت ڕەوایە وە بگرە واجبە کە تۆمەت و چەواشەکاری لەسەر ڕێبازی سەلەفیەت بنوسن، بەڵام بۆ سەلەفی ڕەوا نی یە کە ڕێبازی خۆی بۆ نەیارانی ڕوون بکاتەوە.

دووەم/ پێتوایە بۆ تۆ و هاوبیرانت ڕەوایە وە بگرە واجبە کە تۆمەت و چەواشەکاری لەسەر ڕێبازی سەلەفیەت بنوسن، بەڵام بۆ سەلەفی ڕەوا نی یە کە ڕێبازی خۆی بۆ نەیارانی ڕوون بکاتەوە.

برای بەڕێزم سەلەفیەت بەهێزترین ڕەوتی قەڵەم بەدەست و هەق بێژی بوێرن وە تەواو قەناعەتیان بە ڕێبازەکەی خۆیان هەیە بۆیە سەرسەختانەش وەڵامی نەیارانیان دەدەنەوە، ئەوە ئێوەن چاوتان هەڵنایەت بە خوێندنەوەی ڕێبازی سەلەفیەت وە تەنها ڕوکەشەکەی دەبینن.

٢١- کاك حەمە سەعید دەڵێت: سەلەفیەکان لەبری ئەوەی خۆیان لەگەڵ سەردەمدا بگونجێنن لەهەوڵی ئەوەدان سەردەم بۆ دواوە بەرنەوە.

وەڵام/ کێشەی کەسانێك لەوەدایە کە ڕێز نەك هەر لە مێژوی پرشکۆی زانایانی پێشین ناگرن، بەڵکو ڕێز لە مێژوی گەلەکەی خۆشمان ناگرن، بۆیە بەختەوەری خۆتان لە پاشکۆی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا دەبیننەوە بەناوی خۆگونجاندن لەگەڵ سەردەم، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لە کاری دونیاییدا لەگەڵ هەموو سازانێکی مرۆڤایەتی و نێو دەوڵەتیدایین، بەمەرجێك لەسەر حسابی دینەکەمان نەبێت، بۆیە لەکاری دونیادا پێمان خۆشە میللەتەکەمان (١٤٠٠) ساڵ لەپێش هەموو میلەتانەوە بێت، بەڵام دەشمانەوێت لە دینداریدا (١٤٠٠) ساڵ بگەڕێینەوە دواوە، ئینجا بەختەوەری دونیاو دوارۆژ دەبین.

٢٢- کاك حەمە سەعید دەڵێت: کام سەلەفی خۆی بە مۆدێرن و کراوە دەزانێت بە موو لەو سنورانە لا نادات کە (ئیبن تەیمیە، محمد کوڕی عبدالوهاب) ڕەنگ ڕێژیان کردووە.

وەڵام/ سەیر لەوەدایە بێ ئەوەی نوسراوەکانی ئەم دوو زانا پایەبەرزە

بخوێنیتەوە کەوتۆتە دژایەتی کردنیان! ئەگینا بەلای سەلەفیەوە هیچ کەسێك مەعسوم و بێ هەڵە نی یە، تەنها پێغەمبەر ﷺ نەبێت، بۆیە قسەی هەموو کەسێك کەحەقی گوت وەردەگیرێت وە کە ناحەقیشی گوت ڕەت دەکرێتەوە بەسەریدا، تەنها پێغەمبەر ﷺ نەبێت کە هەموو شتێکی لێ وەردەگیردرێت، بۆیە واز لەم دوو زانایە بهێنە.

با پرسیار بکەم:

× ئایا بۆ پێغەمبەر ﷺ ڕات چی یە؟ ئاخۆ هەموو شتێکی لێ وەربگیرێت؟

× ئایا بۆ چەند نمونەیەکت لەسەر ڕای (ئیبن تەیمیە، محمد کوڕی عبدالوهاب) نەهێناوەتەوە کە ئێمە لە هەڵەکانیشیان شوێنیان دەکەوین، ئەگەر دەستت کەوت ئەوا ڕاستت فەرموو، ئەگینا تۆمەتێکە لە قینەوە سەرچاوەی گرتووە!

٢٣- کاك حەمە سەعید دەڵێت: سەلەفیەکان بانگەشە بۆ شورا دەکەن، دژی سیستەمی دیموکراتین و بڕوایان پێی نی یە، بەڵام بە مەبەستی گەیشتن بە کورسی دەسەڵات بەشداری لە هەڵبژاردن دەکەن.

وەڵام/ کام سەلەفیە کە بە مەبەستی گەیشتن بە کورسی و دەسەڵات بەشداری هەڵبژاردن دەکات؟! کەی لە کوردستان سەلەفی بەشداریان کردووە؟ وە ئەگەر مەبەستت حیزبە ئیسلامیەکان، یان حزبی نوری میسری بێت، ئەوا گشت زانایانی سەلەفی لەم سەردەمەدا ڕەخنەیان لێ گرتوون.

سەلەفی هەرگیز شەڕی کورسی ناکات وە کێشەی پۆست و دەسەڵاتی نیە، بەڵام ئێوەی قین لە دڵ لە سەلەفی، گرنگ ئەوەیە تۆمەتەکانتان بەردەوام بێت لەسەر سەلەفی، بۆیە ئێستا ڕەخنەکەت ئەوەیە کە بەشداری هەڵبژاردن دەکەن بۆ گەیشتن بە کورسی (کە ڕاستیش نی یە) وە لە کاتی هەڵبژاردنەکانیشدا لە ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەکاندا هێرشی گەورە دەکەنە سەر سەلەفی کە بەشداری هەڵبژاردن ناکات و نایەت بەشداری لەم پرۆسەیە بکات، زۆر باشم لەبیرە هێرشەکان بۆسەرمان گەیشتە ڕادەیەك یەکێ لە خۆت ئاساکان لە تەلەفزیۆن دەیگوت: من پێم باشە مافی هاوڵاتی بوون لە سەلەفیەکان بسەنرێتەوە مادام بەشداری لە هەڵبژاردندا ناکەن! وە یەکێکی تر دەیگوت: تەنها ئاژەڵ بەشداری ناکات لە هەڵبژاردن کە مرۆڤ بن بەشداری دەکەن!

٢٤- کاك حەمە سەعید دەڵێت : سەلەفی جیهاد بە فەرز دەزانێت و کە سوپای سور ئەفغانستان داگیر دەکات جاڕی جیهاد دەدات و بە کردەوە تێیدا بەشداری دەکات بەڵام کە داعش پەلاماری کوردستان دەدات نەك هەر سەنگەری کوردی موسڵمان ئاوەدان ناکاتەوە بەڵکو دوو دڵە لەوەی ئەو پێشمەرگەیە شەهیدە یان نا.

وەڵام/ هەرکەسێك موسڵمان بێت دەزانێت جیهاد پایەیەکی ئیسلامە، بەڵام بەرامبەر کێ دەکرێت ئەمە جێگەی هەڵوەستەیە، هیچ کاتێك سەلەفی ئەم شەڕەی داعش و قاعیدە و هاوبیرانی دەیکەن بەجیهادی لە قەڵەم نەداوەو پشتگیریشیان لێ نەکردووە، چ جای ئەوەی بەشداری بکەن؟! وە شەڕی ئەفغانستان بەپشتیوانی دارایی تەواوی ئەمریکا دەکرا دژ بە ڕووس.

وە کە دەڵێیت: لە شەڕی دژ بە داعش سەلەفیەکان سەنگەرەکان ئاوەدان ناکەنەوە، من بەبەڵگەوە پێت دەڵێم: کەپێ دەچێت تۆ لە سەنگەرەکان بێ ئاگابیت، ئەگینا مامۆستایانی سەلەفی بە گوێرەی توانای خۆیان بە کۆمەك و یارمەتیەوە لە زۆرێك لە بەرەکاندا هاوبەشی برا پێشمەرگەکانیان کردووە و بەئاشکراش وتویانە: هەر موسوڵمانێك لەپێناو خاك و ماڵەکەیدا بکوژرێت ئەوا شەهیدە، وە مامۆستایانی سەلەفی وتاری هەینی نیە کە دوعا بۆ پێشمەرگە نەکەن و خەڵکیش وریا نەکەنەوە لەو کارەی داعش کە بەناوی دینەوە ئەنجامی دەدات، وە بگرە ئەگەر گوتاری سەلەفی نەبوایە . پاش ویست و ئیرادەی خوا . ئێستا ڕێژەی کورد لەناو داعشدا زۆر لەوە زیاتر دەبوو، ئێمە مامۆستامان هەیە لەلایەن داعشەوە هەڕەشەی کوشتنی لێ کراوە، بەڵام ئایا جەنابت هیچ هەڕەشەیەکت لەسەرە؟!

٢٥- کاك حەمە سەعید دەڵێت : سەلەفی وەك چۆن دژی عیلمانی بوونە هەروایش دژی دیموکراتیە ئاخر لای وی گرنگ ڕای زۆرینە نی یە گرنگ (ڕا) یە کە ئیجماعی سەلەفی ساڵحی لەسەربێت باهی کەمینەش بێت.

وەڵام/ من ئەوەی لە قسەکانتەوە بینیم تۆش هەر لافی دیموکراسی خوازی لێ دەدەیت بێ پابەندبوون پێ ی، ئەگینا هێندە بێزاریت دەرنەدەبڕی بەرامبەر توێژێکی ئەم کۆمەڵگایە، ئینجا بەڵێ لای سەلەفی هەموو کات ڕای زۆرینە پەسەند نی یە، بەڵکو لەسەر هەق بوون پێوەرە با لای کەمینەش بێت، ئەم کار بەزۆرینەکردنەش لەم ڕۆژگارەدا بەناو دیموکراتیخوازەکان پێش هەموو کەس بەدەستیەوە دەناڵێنن، لەهەوڵی ئەوەدان ڕێوشوێنی یاسایی و عورفی بگرنە بەر بۆ سنوردارکردنی؛ چونکە فیعلەن لە هەندێ وڵاتدا زۆرینە ئەو کەسانەن کە دژ بەوانن، بۆیە لەم کاتەدا دیموکراتی ڕای زۆرینە بە زەرەری خۆی دەزانێت.

٢٦- کاك حەمە سەعید دەڵێت : ئەگەر دەق لەگەڵ بەرژەوەندیدا نەهاتەوە بەرژەوەندی ڕەچاو دەکرێت نەك دەق، سەلەفی وا ڕاهاتووە.

وەڵام/ پێم سەیرە بەڕێزتان لە ڕێبازی سەلەفی تێناگەن؟! یان لەگەڵ ڕێبازی حزبی و توندڕەوە تەکفیریەکان لێت تێکەڵ بووە، یان دەتەوێت چەواشەکاری بکەیت؟! بەشکو کەسێك وەری بگرێت ئەگینا هەوڵی سەلەفی لە هەموو کات و شوێنێك بۆ ئەوەیە کە خەڵکی دەقەکان بە پیرۆز بگرێت وە بۆ هیچ پاساو و بیانوو بەرژەوەندیەك دەقەکان ڕەت نەکاتەوە، یانیش ماناکانیان تەئویل نەکات بۆ مەرامی خۆی.

٢٧- لە کۆتا پەیامیدا کاك (حەمە سەعید) دەڵێت: ئایا وەختی ئەوە نەهاتووە لەڕێی مامەڵەیەکی عەقلانی هاوچەرخەوە ئاین لە بن ئەزموونی فیکری و بەردین وە لەچنگ لێکدانەوەی وشك هەڵاتوو ڕزگار بکرێت؟

کۆتا وەڵام/ بەڕێزت دەتەوێت ئاین ڕزگار بکەین لە فکری بەردین ئینجا بکەوینە ژێر کاریگەری فکری بەڕێزت و هاوبیرانت بۆ ئەوەی هەر کۆمەڵە و هەر میللەتە بۆ مەبەستی خۆی ملی دەقەکان بسوڕێنێت و دواجاریش دین وەلا بنرێت: ئەگینا کەی بیری مرۆڤ توانی یاسایەك بۆ (٢٠) ساڵ دابنێت بەبێ هەموار کردنەوە ئەو کاتە بابیریش لەوە بکاتەوە ئایا دەکرێت دەقەکانی قورئان و سوننەت بەپێی سەردەم هەموار بکرێتەوە.

کە ئەمەش شتێکی مەحاڵە هیچ کاتێك دینی خوا پێویستی بە هەموار کردنەوەو لێکدانەوەی نوێ نی یە، بەڵکو دەبێت مرۆڤەکان ئەقڵ و بیری خۆیان هەموار بکەنەوە بەپێی ئەم شەریعەتەی کەپەروەردگاری ئەرز و ئاسمان دایبەزاندووە، کە فەرموویەتی: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗا﴾. المائدە: ٣.

# که وەڵامی باشت پێ نییە
# باشــتر وایە بێ دەنگ بیت ؟



م. عبد المجيد عبدالحميد

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على رسول الله، وعلى آله وصحبه أجمعين، لە پاشاندا:

پاش ئەوەی کە گۆڤاری چرکەم خوێندەوە بینیم کەسێك بەناوی: (مەلا سەید صدیق)، چەند قسەیەکی ناڕەوا دەداتە پاڵ سەلەفییەکان، بۆیە پێم باش بوو بە بەڵگەوە وەڵامی بدەمەوە کە ئەو قسانە ناڕەوایە و بنەمای نییە بۆ ئەوەی تێکڕا خەڵکی کوردستان بزانن کە کۆمەڵێ خەڵك هەن لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا قسەی زۆر ناڕەوا دەدەنە پاڵ سەلەفییەکان تا ناشرینیان بکەن لەبەرچاوی خەڵك، وە وای دەربخەن کە ئەوەی سەلەفییەکان دەیڵێن: وانییە و تێش نەگەیشتوون لە ڕاستییەکان، وەك ئەوەی (مەلا سەید صدیق) دەڵێ: (سەلەفییەکان نازانن مانای تەواوی بیدعە چییە)؟

منیش لێرەوە پێی دەڵێم: بەڵێ ئێمە زۆر باش دەزانین مانای (بیدعە) چییە، سوپاس بۆ خوا...

دیارە بیدعە: عەرەبییە و کوردیەکەشی داهێنراوە.

پێناسەی (بیدعە) لە زمانەوانیدا: واتە: داهێنانی کارێك کە لەسەر شێوەی پێشوو نەبێت، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾البقرة: ١١٧، واتە: داهێنەری ئاسمانەکان و زەوی، بێ لەوەی شێوەی پێشوی هەبێت. یان دەفەرموێت: ﴿ قُلْ مَا كُنتُ بِدْعًا مِّنَ ٱلرُّسُلِ ﴾ الأحقاف: ٩، هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَرَهْبَانِيَّةً ٱبْتَدَعُوهَا ﴾ الحديد: ٢٧.

وە لە مەبەست و بەکارهێنانی شەرعدا: واتا داهێنانی ڕێگەیەك یان کارێك یان شێوازێك لە دیندا کە هیچ بەڵگەیەکی

(قورئان و حەدیس)ی لەسەرنەبێت. هەروەها چەندان فەرموودە لەسەر حەرامێتی(بیدعە) هاتووە لە دیندا، نەك لە بواری دونیادا، لەوانە:

١- پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (وشر الامور محدثاتها وكل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة وكل ضلالة في النار)، رواه أبو داود وابن ماجه والنسائي. واتا: خراپترین قسەو کردارەکان ئەوانەن کە تازە داهێندراون، وە هەموو تازە درووست کراوێکیش بیدعەیە، و هەموو داهێنراوێکیش سەر لێ شێواوییە، وە هەموو گومڕاییەکیش لە ئاگردایە.

٢- وە هەروەها فەرموویەتی: ﷺ (من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو رد)، البخاري. واتا: هەر کەسێك شتێك لە دیندا دابهێنێت و فەرمانی خواو بیغەمبەری ﷺ لەسەر نەبێت، ئەوا ڕەت دەکرێتەوە و وەرناگیرێت.

ئەوەی لە پێناسەی (بیدعە) دا بۆمان ڕوون بوویەوە ئەوەیە کە هەر کەسێ لە دیندا شت زیاد بکات ئەوە حەرامە و درووست نییە، بەڵام ئەوەی کە دەڵێن: سەلەفییەکان بەدرووستی نازانن لە بواری دونیاد پێش کەوتن ئەنجام بدەیت، ئەمە بوهتانە دەکرێ، بەڵکو زۆر ئاساییە لە دونیادا بەرەو پێش بڕۆی بەمەرجێ ئاگات لە سنورەکانی خوای گەورەبێت.

هەروەها مەلا سەید صدیق دەڵێ: (سەلەفییەکان هەمیشە خۆیان لەبن باڵی دەسەڵات پاراستووە، جا گرنگ نییە دەسەڵات حوکم بە قورئان دەکا یا نا!)

ئەمەش یەکێکی ترە لەو چەواشەکاریانەی کە(بیدعە)کاران دەیڵێن دەرهەق بە سەلەفییەکان، وبەڕێزیشیان دوبارەی دەکاتەوە، وەك ئەوەی بڵێی: سەلەفییەکان پیاوی دەسەڵاتن! ئەم قسەیەش زۆر دوورە لەڕاستیەوە، بەچی بەڵگەیەك ئەم قسانە دەکەی؟! ئەگەر بڵێی: سەلەفییەکان ئەمڕۆ مینبەریان پێ دراوە، منیش دەڵێم: ئەوەندەی (بیدعە)کاران ئەمڕۆ مینبەریان بەدەستەوەیە، ئەوەندە سەلەفییەکان بەدەستیانەوە نییە، وە سەلەفییەکان مافی خۆیانە لەبەر ئەوەی دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکانن، وە لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستییەکانیان بۆ خەڵکی کوردستان ڕوون کردۆتەوە لەسەر مینبەرەکانیان، ئینجا ئێوە بۆ هێندەتان پێخۆشە میللەت دژی دەسەڵاتەکەی خۆی بێت؟! وئەوەتان کردۆتە پێوەر بۆ پیاهەڵدان و ناوزڕاندنی وتاربێژ...

هەروەها مەلا سەید صدیق: دەڵێ: (ئەوەندەی دژایەتی پارتە ئیسلامییە سیاسیەکان دەکەن دژایەتی علمانییەکان ناکەن).

ئەم قسەیەش زۆر دوورە لەڕاستییەوە؛ چونکە ئێمە سەرەتا باسی (تەوحید) دەکەین، واتا: خودای گەورە بپەرستن بە تەنها و شەریکی بۆ بڕیار نەدەین، وە باسی(ئیتیباع) دەکەین، واتا: شوێن پێغەمبەر ﷺ بکەوین و (بیدعە) نەکەین، لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە سەرەتا ئێمە دژایەتی (بێباوەڕی و هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردان) دەکەین، پاشان (بیدعە) واتا: داهێندراو.

وە ئێمە بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین کە ڕاستییەکان بۆ خەڵکی کوردستان ڕوون بکەینەوە،وە بۆ هیچ کەس دروست نیە بەناوی ئیسلامەوە ئیسلام ناشیرین بکات، ئێمە دەڵێین: حزبایەتی حەرامە و نابێت موسوڵمانن لە یەك بترازێن.

وە مەلا سەید صدیق: دەڵێ: (بە بڕوای من ئەوانیش لە شێوازی هەندێك لە بەها بەرز و جوانەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆسەرخستنی مەرامەکانیان تەواوکاری پارتە ئیسلامییە سیاسییەکانە ).

لە وەڵامدا پێی دەڵێم: وەك ئەوە وایە بڵێی: ڕۆژ تەنها ڕوناکی نیە، بەڵکو تاریکایشی هەیە! ئەم قسانە بەس مەگەر خۆت سەری لێ دەربکەی؟! لەپێش ئەم قسانەدا دەڵێی: سەلەفییەکان دژایەتی حزبە ئیسلامییەکان زیاتر دەکەن لە عەلمانییەکان، لێرەشدا دەڵێی: سەلەفییەکان بەشێکن لە حیزبە ئیسلامیەکان، چۆن شتی وا دەبێ ئێمە بەشێ بین لە حیزبە ئیسلامییەکان لە هەمانکاتدا دژایەتیشیان بکەین، بۆیە لێرەدا دەڵێم: ئێمە حزبایەتی ناکەین وە بەدروستیشی نازانین، لەبەرئەوەی یەکڕیزی موسوڵمانان ناهێڵێ. وە خوای گەورەش قەدەغەی کردووە کە ئێمە یەك ڕیزی تێك بدەین، وەکو دەفەرموێ : ﴿وَلَا تَكُونُوا۟ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ۝٣١ مِنَ ٱلَّذِينَ فَرَّقُوا۟ دِينَهُمْ وَكَانُوا۟ شِيَعًا ۖ كُلُّ حِزْبٍۭ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ﴾ الروم: ٣١ –٣٢ . وە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (وإن هذه الملة ستفترق على ثلاث وسبعين، ثنتان وسبعون في النار، و واحدة فى الجنة، وهى الجماعة)، رواه أحمد وغيره وحسنه الحافظ، وفى روايه: (كلهم في النار إلا ملة واحدة ما أنا عليه وأصحابي)، رواه الترمذي وحسنه الالباني في صحيح الجامع: ٥٢١٩. بۆیە ئێمە حزبایەتی ناکەین وە بە ناحەق و ناڕەواشی دەزانین، هەروەکو موسوڵمانانیشی لێ ئاگادار دەکەینەوە و داوایان لێ دەکەین کە دووربن لەحزبایەتی.

هەروەها لە قسەیەکی تریدا دەڵێ: (بەڕای من سەلەفییەکان کار و باریان تەکفیر کردنی خەڵکە، نەك ڕێنمونی کردنی خەڵك، ئەوەندەی خەڵکیان بە کافر داناوە زۆر زەحمەتە یەك لەسەدی خەڵکیان هیدایەت دابێ)

وەڵام/ ئەم قسەیە زۆر ناڕەوایە لەبەرئەوەی سەلەفییەکان زۆر خۆیان دەپارێزن لە بە(کافر دانانی خەڵك)، وە لە ووتار و نوسینەکانیشیاندا خەڵکیان ئاگادار کردۆتەوە تا خۆیان بپارێزن لە بەکافردانانی خەڵك، و خۆشیان بپارێزن لەو کۆمەڵانەی کە خەڵك کافر دەکەن و خوێنیان حەڵاڵ دەکەن.

هەروەها (سەید) دەڵێ: (من پێم وایە ئەوانە سیخوڕی نێو دەوڵەتین)

وەڵام/ بەڕاستی ئەمە بوهتانێکی زۆر گەورەیە، ئەوەندەی پێی دەڵێم: ﴿هَاتُوا۟ بُرْهَـٰنَكُمْ إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ﴾ النمل: ٦٤، ئەگەر ڕاست دەکەی بەڵگەت چییە، کە ئێمە سیخوڕی نێو دەوڵەتین؟! ئێمە بەرنامەکەمان ئەوەیە بانگی خەڵك دەکەین بۆ لای: (قورئان و فەرمووده) ڕاستەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ بە تێگەیشتنی پێشینەچاکەکانی ئوممەت، وە هیچ کات بانگی خەڵکمان نەکردووە بۆ ئەوەی شوێنی حیزبێك، یان کۆمەڵێك بکەون، تا تۆ بڵێی: ئەم حیزبە یان کۆمەڵە سەر بە فلان دەوڵەتن، بۆیە لە خوا بترسە و تەقوای خوات هەبێ، بەیانی دەگەڕێتەوە بۆ لای خوا، وەڵامت چییە بۆ ئەم بوهتانە گەورەیە؟!

چرکە: ئایا سەلەفییەکانی کوردستان هەمان فکرەی سەردەمی پێغەمبەریان هەیە؟

لە وەڵامدا: (سەید) دەڵێ: (نەخێر هەرگیز)..

منیش دەڵێم: بەڵێ سەلەفییەکان شوێنکەوتەی هەمان فکرەی سەردەمی پێغەمبەرن ﷺ، لەبەرئەوەی دەڵێن: با دینداری بکەین بە گوێرەی قورئان و فەرموودە ڕاستەکان بە تێگەیشتنی پێشینە چاکەکان، نەك بە تێگەیشتنی ئەقڵی خۆمان، ئەمەش خاڵی جیاکەرەوەیە لە نێوان ئەوان و کۆمەڵە لە ڕێ دەرچووەکان.

کەوابوو ئەوەی سەلەفییەکان دەیکەن و دەیڵێن: هەمان بیروباوەڕی سەردەمی پێغەمبەرە ﷺ.

# کەناڵی ئامۆژگاری

## سەکۆیەکە بۆ ئاشناکردنی موسوڵمانان بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام و بڵاوکردنەوەی ئاشتی و ئارامی لە کوردستان

www.Amozhgary.tv | fb.com/amozhgarytv | info@Amozhgary.tv

Frequency: 10873 | Symbol rate: 27500 | Polarity: Vertical

م. زید حسين

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

لە چەند تەلەفزیۆنێکەوە بیری سەلەفی جیهادی بڵاو دەکرێتەوە حکومەتی هەرێمیش هیچ هەڵوێستێکی نییە..

ئەم بابەتە لە لاپەرە ٣ی ژمارە (٤٩٧)ی ڕۆژنامەی (چاودێر)، ڕۆژی دووشەممە، بەرواری: ٢٠١٤/١٢/٢٩ز بڵاوکراوەتەوە.

کە تیایدا: (ڕێبین حەسەن و ئاودێر نەسرەدین) بێ بەزەییانە تۆمەت دەبەخشنەوە بۆ سەلەفیەکان و نادادوەرانە حوکم دەدەن بەسەر سلوك و ڕەوشتی مامۆستایانی سەلەفی، لە کاتێکدا ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە شارەزاکردنی موسڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام. بۆیە دەمەوێ هەڵوەستەیەك بکەم لەسەرچەند بڕگەیەکی ئەم وتارە:

١ – دەڵێت: (جگە لەوەی هەندێ لە مەلاکان مینبەری مزگەوتەکان بۆ تەکفیر کردن وسوکایەتیکردن وبڵاوکردنەوەی بیری سەلەفی جیهادی بەکار دێنن لە ئێستادا بەدەر لە مزگەوتەکانیش ئیسلامیە سەلەفیەکان وهەندێ لاینی دیکە میدیای گشتی و بەتایبەت تەلەفزیۆنیان هەیە، کە لە ڕێگەیەوە چەندین بیری توندڕەوی و تەکفیری لێوە بڵاو دەکەنەوە) .

وەڵام/ ئێمە تەنها بەرگری لە (مەنهەجی سەلەفی) دەکەین و پەیوەندیمان بە لایەنێکی ترەوە نیە کە بیری توندڕەوی بڵاو دەکاتەوە و خۆیان بەرپرسیارن لەخۆیان، بەڵام ئێوەش دەتانەوێ مەسەلەکان تێکەڵ بکەن و ناوێرن برینەکان دستنیشان بکەن.

زاراوەی: (سەلەفی جیهادی) زاراوەیەکی نادروستە و (سەلەفییەت) ناوێکی بێ پاشگرە و تایبەت نیە بە چەمکێك لە چەمکەکانی ئیسلام، بەڵکو درێژکراوەیەکی سروشتی ئیسلامە بەگشتی و شوێن کەوتنی ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵەکانیەتی، بە تێگەیشتنی پێشین و پێشەوایانی صاڵحی ئەم ئوممەتە.

وە کە دەڵێ: (مینبەری مزگەوتەکان بۆ تەکفیرکردن و سوکایەتی کردن بەکاردێنن).

وەڵام/ بەڵگەمان بۆ بێنە لە مامۆستایانی سەلەفی کەوایان کردبێت، تاکو ئێمەش هەڵوێستی خۆمان ڕابگەیەنین بەرامبەریان، بەڵام دڵنیام هیچ بەڵگەیەکتان لانیە تەنها ئەوە نەبێت کە مامۆستایان بە ئەرکی خۆیان هەڵدەستن بۆ وریاکردنەوەی موسڵمانان لە شوێنەواری خراپی هاوەڵ دانان و تاوان وبیدعە و بۆچوونە داهێنراوەکان، و هاندان و شارەزاکردنیان لەسەر ڕەوشتە جوان و بەرزەکانی پێغەمبەر ﷺ.

٢ – دەڵێت: (شارەزایانی بواری ئیسلامی سیاسی و یاساو مێدیایی ئەم جۆرە میدیایە بە مەترسی لە سەر کۆمەڵی کوردەواری دەزانن و داوا دەکەن حکومەت و داواکاری گشتی لە ئاست ئەو جۆرە میدیایانەدا بێ دەنگ نەبن) .

وەڵام/ چ مەترسیەك هەیە لە شارەزابوونی موسڵمانان لە ئایینی خۆیان و پابەندبوونیان بە فەرمانەکانی خواو پێغەمبەر ﷺ، و دوورکەوتنەوە لە هەموو ڕەوشت و بۆچوونێکی هەڵەو دزێو؟! کە ئەمە لە میدیای سەلەفیەکاندا بەدی دەکرێت بە بیستراوو بینراوو نووسراویانەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەهۆی بێ ئاگایی موسڵمانان لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام تووشی جۆرەها هەڵەو ئاستەنگ و بیری توندڕەوی و تەکفیر بوونە، ئەوەتا ئێستاش میللەتەکەمان بە دەستیەوە دەناڵێنێت.

خەڵکیش بە ئاشکرا شایەتی دەدات کە بەهۆی کەناڵی ئامۆژگاری و وتاری بیستراوو بیندراوی مامۆستایانی سەلەفی و نووسینەکانیان هەتا لەڕێگەی مۆبایلەکانیشیانەوە و وشیار بوونەتەوە و شارەزابوونە بە فەزڵ و کەرەمی رب العالمین.

وە دەیان و سەدان کەس دان بەوە دادەنێن کە بەهۆی بانگەوازی سەلەفیەوە دوور کەوتوونەتەوە لە بیری توندڕەوی و تەکفیری، ئەگینا ئێستا لەناو داعش دەبوون. وە باحکومەت و داواکاری گشتی چاودێرین بەسەر هەموو جۆرە میدیاکانەوە و بە دادوەرانە

بڕیار بدەن بەرامبەر هەر لایەنێکی پێشێلکار .

٣ – دەڵێت: (لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا مەلا عبداللطیف لە کەناڵی (ئامۆژگاری)، سەرەرای هەبوونی چەندین پرسی گرنگ بۆ ئامۆژگاری، کەچی هێرشی توندی کردە سەر ئەو پیاوانەی کە ریش دەتاشن).

وەلام/ بەڕێز دکتۆر عبد اللطیف ، لە هەموو کەس زیاتر پەرۆش بووە بۆ باس کردنی پرسە گرنگەکان لەناو کۆمەڵگادا، ودرێغیشی نەکردووە، بەڵکو هەر بابەتێکی گرنگ و کاریگەر هەبووبێت بەراشکاوانە و بێ پێچ و پەنا باسی کردووە. وە هەبوونی ڕیش و درێژ کردنی فەرمانی پێغەمبەر ﷺ ی لەسەرە، کە لە بوخاری و موسلیمدا هاتووە و فەرموویەتی: (خَالِفُوا الْمُشْرِكِينَ: أَوْفِرُوا اللِّحَى وَأَحْفُوا الشَّوَارِبَ).واتە: (پێچەوانەی هاوەڵدانەران بکەن: ریشتان بەردەنەوەو سمێڵتان کورت بکەنەوە ( ئەوە فەتوای هەر چوار مەزهەبی شافیعی و ئەحمەد و مالیك و ئەبو حەنیفەی لەسەرە، کە تاشینی ریش حەرامە. وە مەبەستی د.عبد اللطیف لە بەراوردکردنی نێوان ریش تاشین و سفوری ئافرەت ئەوەنیە کە نەیارانی لێکدانەوەی نادروستیان بۆ کردوە و بڵێت: پیاوی ریش تاشراو وەکو ئافرەت وایە لە جەستەدا، بەڵکو مەبەست حوکمی حەرامێتی ریش تاشینە کە زۆربەی خەڵکی لێ ی بێ ئاگایە و نازانێ کە تاشینی حەرامە، هەروەکو چۆن دەزانێ سفوری ئافرەت حەرامە.

٤ – دەڵێت: (بەڕێوەبەری گشتی ڕاگەیاندن وچاپ و بڵاوکردنەوەش لە وەزارەتی رۆشنبیری هەرێم بۆ (چاودێر) ئاماژەی بەوە کرد، بەپێی ڕێنمایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٤ مۆڵەت بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەدەین، بە بینراو و نوسراو و بیستراوەوە......لەو ڕێنماییەدا هاتوە هیچ دەزگایەك نابێت کار بۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژی یاخود تێکدانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و توندڕەوی بکات، بەپێچەوانەوە ڕوبەڕوی لێپێچینەوەی یاسایی دەبێتەوە).

وەلام/ کەناڵی ئامۆژگاریش وەکو کەناڵەکانی دیکە بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی رۆشنبیری مۆڵەتی پێدراوە و لەژێر چاودێریدابووە و پارێزەری خۆی هەیە وتا ئێستا هیچ سکاڵایەکی لەسەرتۆمار نەکراوە، سوپاس بۆ خوا . وە ئەگەر سکاڵاش لەدژی هەبێت ئەوە وەکو هەر کەناڵێکی تری ڕاگەیاندن بەدەر نیە لە رەخنەی بینەرانی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا کەناڵی ئامۆژگاری بەهیچ شێوازێك هۆکار نەبووە بۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژی، یان تێکدانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی؛ چونکە تەنها سەکۆیەکە بۆ بڵاوکردنەوەی بنەماکانی ئیسلام و زیاتر شارەزاکردنی موسڵمانان، بەئایینی پیرۆزی ئیسلام کە باشترین کارەکتەری ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیە ئەگەر پابەندی فەرمان و قەدەغەکراوەکانی بین.

وە بە هیچ شێوازێك ئیسلام هۆکاری بەرهەمهێنانی توندڕەوی نەبووە و تیاشیدانیە، بەلام ئەو کەسانەی بە بۆچوون و عەقڵی خۆیان لێکدانەوە بۆ دەقەکانی قورئان و فەرموودە دەکەن و ناگەرێنەوە بۆ تێگەیشتنی پێشینانی باشی ئەم ئوممەتە، دەکەونە هەڵە و ئیسلامیش بە هەڵە پیشانی خەڵك دەدەن.

بەلام کە سەرنج بدەین کەناڵی تر هەیە بۆتە هۆکاری توندڕەوی و تێکدانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، کاتێك تانە و توانج دەگرێت لە پیرۆزییەکانی ئایینی زۆرینەی هاووڵاتیانی ئەم کوردستانە، وەختێك دەبێتە هۆی کاردانەوەیەکی نادروست لەلایەن تاکەکانی میللەتەکەمان، یان فلیمی بیانی و دۆبلاژکراوی میللەتانی تر کە ئاکارو رەوشتی خراپ و قێزەونی وای تێدایە کە ڕەنگ دەداتەوە لە ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیانمان، هەروەکو ڕۆژگار سەلماندویەتی و چەندین توێژەر و لێکۆڵەروانی بواری پەروەردەیی و دەروونناسیش دانیان پێداناوە.

٥ – دەڵێت: (بەهمەن تاهیر نەریمان، شارەزای بواری ئیسلامی سیاسی، بۆ (چاودێر) ڕایگەیاند: جیاوازی نێوان سەلەفیەتی مەدخەلی و سەلەفیەتی جیهادی تەنیا بریتیە لە دانانی خەلیفە، ئەگەر هاتوو ئەمیرێك بەزۆر چووە سەر دەستەلات نابێت لابرێت، بەڵکو دەبێت گوێڕایەڵی بکرێت، ئەوەی کە جیاوازە لەوان و دەستەلات لە هەرێمی کوردستاندا بایەخ بەو گروپە دەدات، تەنیا لەبەرئەم خاڵەیەو دەنا مەدخەلیەکان لەگەڵ بیرو ڕێبازی داعشدا هیچ جیاوازییەکیان نیە) .

وەلام/ پێشتر ڕونمان کردووە کە سەلەفیەت تەنها یەك جۆرە و دوو جۆری نیە و هەر پاشگرێکیش بۆ سەلەفیەت دابندرێت هەڵە و زیادەیە و تێنەگەیشتنە لە سەلەفیەت؛ چونکە ئەوانەی ناویان لەخۆناوە: (سەلەفی جیهادی )، و بەناوی جیهادەوە خوێنی موسڵمانان دەرێژن و وولات وێران دەکەن و کاری خۆکوژی ئەنجام دەدەن دوورن لە ئیسلام و ئیسلام لێیان بەرییە و ئەمانە سەلەفی نین، بەڵکو تەکفیری و خەواریجن و زیانیان بۆ ئیسلام و موسڵمانان زیاترە تاکو بێباوەڕان.

هەرچەندە جیهاد چەمکێکی پیرۆزە، بەلام بۆ کاری کاولکاری و تەکفیری بە ناڕەوا بلکێندرێت بە سەلەفیەتەوە، ئەوا تەسك کردنەوەی سەلەفیەتە، بەلام پاشگری مەدخەلی کە بە سەلەفیەتەوە بلکێندرێت لە کاتێکدا تەنها ناوی هۆزێکە کە شێخ ربیع بن هادی المدخلی پێی مەشهورە و نەبۆتە ناوی گروپ و لایەنێك، ئەوە ناو و ناتۆرەی لایەنە ئیسلامیەکانە بۆ ناشیرین کردنی سەلەفیەت، ئەگینا کەسانی سەلەفی دەمارگیرنین بۆ هیچ کەسێك تەنها پێغەمبەر ﷺ نەبێت.

وە سەلەفیەکان وەکو دین گوێڕایەڵی سەرکردەی موسڵمانان دەکەن لە چاکەداو هاوکاریان نابن لە خراپەداو دوور دەکەونەوە لە ئاژاوەگێری و دووبەرەکێ نانەوەو خۆپیشاندان و نەیارێتی دەسەلاتداران و پیلان گێران دژیان و بەهەدەردانی ماڵ وخوێنی موسڵمانان، وە بڕوایان وایە کە ستەم و نادادوەری دەسەلاتداران بەمانە لاناچێت، بەڵکو بە گەڕانەوەی موسڵمانان بۆ سەر ڕاستە ڕێگاکەی ئیسلام لادەچێت؛ چونکە خوای تەعالا دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا۟ مَا بِأَنفُسِهِمْ ﴾ الرعد: ١١.

کەواتە: کاك بەهمەن کوا ئەو بایەخەی کە دەسەلات بە سەلەفیەکانی داوە؟! وە کوا ئەو بودجەی کە بۆیان دانراوە وەکو ئەوەی بۆ حیزبەکان هەیە؟! ئەی کوا ئەو پلەو پایەی بۆیان داندراوە لە هەموو بوارەکان؟! کوا ئاسانکاری بۆ بانگەوازیان؟ ئەگەر بڵێیت: کەناڵیان هەیە ئەوا بە ئەرك و ماندووبوون و کۆمەکی موسڵمانان بەڕێوە دەچێت لە کوردستان، نەك بە یارمەتی هیچ لایەن و حکومەتێك، وە لە بەرپرسی بالاشەوە بیستراوە کە بە ئاشکرا دەڵێت: ئێمە بە هیچ شێوازێك یارمەتی سەلەفیەکانمان نەداوە و شانازیشی پێوە دەکات. وە دەبوایە ویژدانت ڕێگات پێنەدات کە سەلەفیەکان و داعش بەیەك چاو سەیر بکەیت؛ چونکە هەر کەسێك چاوی پێوەبێت و عەقڵی لەسەر دابێت جیاوازیەکی زۆر دەبینێت لە نێوانیاندا بەداخەوە دیارە کەسانێك عەقڵیان تەنها لە چاواندایە و (هەڕ و مەڕ لێك دەر ناکەن).

٦– دەڵێت: (ناوبراو پێشی وایە ئەوەی داعش بەرهەمی هێناوە ئەمانیش لێرە بەرهەمی دێنن بۆیە ڕاستەوخۆ لە کوردستاندا سەلەفیەتی مەدخەلی دەبێتە داعشی چونکە جیاوازی ئەمانە لە

بنەڕەتدا زۆر کەمە ).

وەڵام/ لای هەمووماندیار و ئاشکرایە ئەوەی کە داعش بەرهەمی هێناوە وەك گروپێکی تیرۆریستی تەکفیری بریتیە لە خوێن ڕشتن و وێران کردن وکاولکاری و دەربەدەرکردن و نامووس بردن و دووبەرەکی دروست کردن لە نێوان موسڵمانان، بەبێ هیچ بەڵگە و بنەمایەکی شەرعی کە تەنها بیرە تەکفیریەکەیان کۆی کردونەتەوە ئەگینا هەرکەسەو لەشوێنێکی جیا لەوی تر هاتووە و نە نیشتیمان و نە نەتەوە و نە دەوڵەت کۆیان ناکاتەوە. بەڵام سەلەفیەکان ڕۆڵە و هاووڵاتی ئەم کوردستانەن و دڵسۆز و خزمەتکاری ئایین و میللەتی خۆیانن و هەرکەسە و لە بواری خۆیدا خزمەت دەکات و کەس خیانەتی لێنەبینیون و بەردەوامیش بە ئاشکراو ڕاشکاو و بوێرانە هەڵوێستی شەرعی خۆیان دەربڕیوە بەرامبەر بە داعش و کارە تیرۆریستیەکانی، لە میدیای بینراو و بیستراو ونوسراودا. وە بە هەموو شێوازێکیش هاوکاری و پشتیوانی خۆیان دەربڕیوە بۆ برا پێشمەرگەکانیان لە بەرەکانی جەنگ و کۆمەکیان بۆ کۆ کردونەتەوە و سەردانیان کردوون و هانیان داون کە بە دڵنیاییەوە بەرگری لە ئایین وخاك و میللەتیان بکەن و پێیان ڕاگەیاندون کە بەرگری ئەوان بەم شێوازە جیهادە و داعشیش خەواریجن و پێویستە لەناو ببرێن بەبەڵگەی شەرعی ڕاست و دروست لە قورئان و سوننەت. بۆیەش تائێستا نەبووەو نەمانزانیوە کە تەنها یەك سەلەفیش چوبێتە ناو داعش و پشتیوانی کردبن . سوپاس بۆ خوا .

وە بەرهەمی سەلەفیەکان لە کوردستان دیار و ئاشکرایە لە گێڕانەوەی میللەتی خۆیان بۆ سەر ڕاستە شەقامەکەی ئیسلام و بەرپاکردنی برایەتی و ئاشتەوایی لە کۆمەڵگەی کوردەواری . بە فەزڵی خوا . جا یەکێ لە هۆکارەکانی دروست بوونی داعش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستە نادروست و دژەکان بەرامبەر بە ئایینی زۆرینەی میللەتەکەمان؛ چونکە هەموو کارێك کاردانەوەی هەیە.

٧ – دەڵێت: (هەڵەیەکی کوشندەیە کە دەسەڵاتی کوردی بەو ئاسانیە ڕێگە دەدات بەو داعشە خەوتوانە کە لە هەرێمدا تەلەفزیۆن و بەرنامەیان هەبێت و مزگەوتەکانیان بدەنە دەست، ئەمانە مەترسیەکی گەورەن بۆ بارگاوی کردنی کۆمەڵی کوردی بە سەلەفیەت، بەوەش نەك گروپێك بەڵکو لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا دەیان گروپی بچوك بچوك پەیدا دەبن بۆیە گرنگی دان بەم جۆرە سەلەفیانە لە کوردستاندا زیانێکی زۆری لێدەکەوێتەوە).

وەڵام/ داعشی خەوتوو لە هەرێمدا ئەوانەن کە بیرێکی توندڕەوی تەکفیریان هەیە و کاربەدەستی کوردی بە دەسەڵاتداری خۆیان نازانن و ئامادەن هاوکاری ماددی و مەعنەوی داعش بکەن و کاری تیرۆریستی لە هەرێمدا ئەنجام بدەن کە بەخۆیان دانیان پێداناوە کاتێك کە دەستگیرکراون، بەڵام تا ئێستا یەکێك لەوانە نەیگوتوە: کە پەروەردەی دەستی سەلەفیەکانە و ئەوان هانیان داوە بۆکاری تیرۆریستی . سوپاس بۆ خوا ..

بۆیە هیچ مەترسیەك نیە لە ئاشنابوونی خەڵکی کوردستان بە سەلەفیەت؛ چونکە سەلەفیەت درێژبوونەوەیەکی سروشتی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە و هیچ زیانێکی بۆ کۆمەڵگاکەمان نیە و واقیعیش ئەمەی سەلماندوە . بەڵکو لەڕێی کەناڵی ئاسمانی ئامۆژگاری و مامۆستایانی سەلەفی لە مینبەری مزگەوتەکان و وانە شەرعیەکانیان و کۆڕو سیمیناریان خەڵکی کوردستان و وشیار بۆتەوە لە شوێنەواری خراپی توندڕەوی و تەکفیر و حیزبایەتی بەناوی ئیسلام و دیموکراتیەوە. وە سەلەفیەت خەڵکی هان دەدات بۆ یەکریزی و یەکدەنگی و برایەتی و تەبایی و دوورکەوتنەوە لە پارچە پارچەیی و دووبەرەکی و دژایەتی یەکتری کردن، وە هانیشیان دەدات بۆ دەست گرتن بە پەیامەکانی ئیسلام و بەردەوامبوون لەسەریان.

٨ – دەڵێت: (پەرلەمانتار ..... ئاماژەی بەوەشکرد هەر کەناڵێك کاری توند و تیژی و هاندان بێت بەرەو فکرییەکی دیاریکراو جا لەهەر بوارێکدا بێت ئەوا ناکرێت لێی بێدەنگ بین چونکە دواجار ئەوە کاریگەری لەسەر تاکەکانی کۆمەڵ جێدەهێڵێت).

پێویستە ڕۆژنامەنووس ڕاستگۆیانە و بە بەڵگەی دیار و ئاشکرا شت بنووسێت، نەك بە هەواو هەوەس و بۆچوونی تایبەتی خۆی و بێ بەڵگە، ئەگینا بێ متمانەیی و ڕق و قینێکی زۆر دەکەوێتە ناو تاکەکانی کۆمەڵگە و ئەمەش کاریگەری زۆر خراپی لەسەر ئاشتەوایی و پێکەوەژیان دەبێت لە هەرێمەکەمان و کە هەموو هەوڵی بۆ دەدەین.

وەڵام/ ئەگەر بتوانن ئەو کارە بکەن و لێیان بێدەنگ نەبن و لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت و سزا بدرێن ئەوا کارێکی پیرۆزە و ئێمەش دەست خۆشیتان لێ دەکەین و هاوکاریشتان دەبین، بەڵام بەداخەوە لە واقیعدا هیچ نابینین و نەماندیوە، تەنها ئەوە نەبێت کەلە دوورەوە و بەبێ ئاگایی ڕەخنەی کاڵ و کرچ وبێ بنەما لە کەناڵی ئاسمانی ئامۆژگاری دەگرن بەبێ بەڵگەی بەردەست کە ئەگەر بوایە ئاشکراتان دەکرد و بێدەنگ نەدەبوون و ئێمەش ئامادەین گوێ لە ڕەخنەی بونیاتنەر و دڵسۆزانە بگرین و بەسوپاسەوە لێی سوودمەند بین، تاکو بەهەموومان تەواوکەری یەکتر بین؛ چونکە ئێمە بڕوامان وایە کەسمان بێ کەموکوڕی نابین، بەڵکو پێویستیشمان بە یەکتر دەبێت.

٩ – دەڵێت: (وەزیری ئەوقاف بە (چاودێر) ی ڕاگەیاند: لە ماوەی ڕابردوودا مامۆستایان ڕۆڵی زۆر باشیان هەبووە لە پێکەوە ژیان و ئاشتەوایی لە هەرێمی کوردستاندا بەڵام ئەگەر مامۆستایەکی ئایینی لەووتارێکدا توند بێت ئەمە ناکاتە ئەوەی کە مامۆستایانی ئایینی سەرجەمیان توندڕەون ئەگەر وابوایە ئەم وولاتە ئێستا بە شێوەیەکی دیکە دەبوو).

وەڵام/ کاکی نووسەر، وەکو چۆن ووتەی ئەوانی پێشووت گەورە کردبوو، بۆ ووتەکەی وەزیری ئەوقافیشت گەورە نەکرد بە مانشێتێك لە سەرەوەی لاپەڕەی ڕۆژنامەکە؟! لەبەرئەوەی ووتەیەکی حەق و ڕاستی ووت، یان بانێکەو دوو هەوا؟!

لە کۆتاییدا دەڵێم: پێویستە ڕۆژنامەنووس ڕاستگۆیانە و بە بەڵگەی دیار و ئاشکرا شت بنووسێت، نەك بە هەواو هەوەس و بۆچوونی تایبەتی خۆی و بێ بەڵگە، ئەگینا بێ متمانەیی و ڕق و قینێکی زۆر دەکەوێتە ناو تاکەکانی کۆمەڵگە و ئەمەش کاریگەری زۆر خراپی لەسەر ئاشتەوایی و پێکەوەژیان دەبێت لە هەرێمەکەمان و کە هەموو هەوڵی بۆ دەدەین.

# خوێندنی دوعای قنوت لە نوێژی بەیانیاندا

## وەڵامێك بۆ ئەوانەی بە ڕەوای دەزانن

زانا عثمان



بێگومان لە نوێژی ویتردا پێغەمبەری خوا ﷺ دوعای قنوتی خوێندووە هەروەکو پێشەواحەسەنی کوڕی ئیمامی عەلی ﷺ دەڵێت: (پێغەمبەری خوا ﷺ فێری قنوتی کردم کە لە نوێژی ویتردا بیخوێنم) صحيح سنن النسائی: (١٦٤٧) .

بەڵام ئەوەی لەم ڕۆژگارەدا هەندێك لە خەڵکی قنوتی نوێژی بەیانییان فەڕزکردووە لەسەر خەڵك کە لە هەموو نوێژێکی بەیانیدا بیخوێنن و هەندێك لەوانە ئەوەندە زێدەڕەوی دەکەن ئەگەر قنوت نەخوێنرێت لە نوێژی بەیانیدا، ئەوا نوێژەکەی دووبارە دەکاتەوە، بگرە هەندێك کەس ئەسڵەن نوێژ ناکەن لەدوای کەسێکەوە کە قنوت نەخوێنێت لە نوێژی بەیانیدا؛ چونکە ئەونوێژە بە بەتاڵ دەزانن و قنوتەکەیان لێبوەتە ڕوکنێك لە ڕوکنەکانی نوێژ!!

بۆیە دەڵێم: شەرعی نیە قنوت خوێندن بەم دوعا مەشهورە لە نوێژە فەرزەکاندا تەنها لەکاتی (النوازل)دا نەبێت، کە بەڵاو ناڕەحەتیەك بەسەر موسڵماناندا هاتبێت ئەوکاتە دروستە لەهەر نویژێك لە نوێژە فەڕزەکاندا قنوت بخوێندرێت و نابێت نوێژێك تایبەت بکرێت بە دوعای قنوتەوە، بۆ نموونە تەنها نوێژی بەیانی بێت یاخود تەنها نیوەڕۆ.

هەروەکو چۆن لە فەرمودەدا هاتوە کە دەفەرموێت:(کان يقنت في الصلوات الخمس كلها). أخرجە ابو داود والدار قطنی.

واتە: (لەهەر پێنج نوێژە فەڕزەکەدا پێغەمبەر ﷺ قنوتی دەخوێند).

بەڵام لە فەرمودەی تریشدا هاتووە: (کان لا يقنت فيها إلا إذا دعا لقوم، أو دعا على قوم). الصحيحة:٦٣٩.

واتە:(قنوتی نەدەخوێند جگە لەوکاتانەدا نەبێت کە دوعا بۆ قەومێك بکات، یان دوعا لە قەومێك بکات).

پێغەمبەری خوا ﷺ ماوەی مانگێك قنوتی خوێند لە نوێژدا کە تێیدا دوعای لە چەند هۆزێکی عەرەب کردووە، وەکو هۆزی: (رعل وذكوان وعصية) دوای مانگەکە وازی لێهێنا. رواه مسلم: ٤٦٩/١.

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ بەردەوام قنوتی نەخوێندوە، بەڵکو ماوەی (مانگێك) کە دیاری کراوە،

ئەو قنوتەش لەکاتی بەڵاو ناهەمواریدابووە. القول المبین في أخطاء المصلین:١٢٩.

بەڵام لەبارەی تایبەت کردنی قنوت بە نوێژی بەیانیەوە و بەردەوام ئەنجامدانی وەك ئەمڕۆ هەندێك لە مامۆستاكان ئەنجامی دەدەن ئەوە بیدعە و داهێنراوە.

ئەمەش بەڵگە و قسەی زانایان لەسەرە:

پێشەوایان: (أحمد و النسائی و ابن ماجە و ترمذی) گێڕاویانەتەوە لە (أبو مالك الأشجعی)یەوە كە فەرموویەتی: (باوكم نوێژی كردووە لە پشت پێغەمبەرەوە ﷺ لەوكاتەوە كە تەمەنی (١٦) ساڵان بووە، وە لەدوای وەفاتی پێغەمبەر نوێژی كردووە لە پاش هەرسێ جێنشینی بەڕێز: (أبو بكر و عمر و عثمان ـ ڕەزامەندی خوایان لێ بێت)، جا لێم پرسی ئایا ئەوان قنوتیان دەخوێند لە نوێژی بەیانیاندا ئەویش وتی: (لا، أی بنی محدث) واتە: (نەخێر، كوڕم ئەوە داهێنراو و بیدعەیە). النسائی، و الترمذی، و ابن ماجە.

كەواتە: بە فەرموودەی ئەو هاوەڵە بەڕێزە قنوتی بەردەوام لە نوێژی بەیانیاندا نە پێغەمبەری خوا ﷺ ، نە ئەبو بەكر نە عومەر نە عوثمان ﷺ نەیان كردووە، ئەوەش مەزهەبی ئیمام (ئەبو حەنیفە و ئەحمەد و وتەی ئیبنو موبارەك و ثەوری و ئیسحاق)ە.

هەروەكو بەڕێز سەید سابقیش لە (فقە السنة ١ / ٢٣٦ ـ ٢٣٧)دا دەڵێت:(القنوت فی صلاة الصبح غیر مشروع إلا في النوازل).

هەروەها پێشەوایان (أحمد و إسحاق) دەڵێن: (لا یقنت في الفجر إلا عند نازلة تنزل بالمسلمین). الترمذي: ١٩١/٢، وە بڕوانە: السنن و المبتدعات فی العبادات: ٢٧٩.

هەروەها سعید بن الجبیر دەڵێت: ( إن القنوت في صلاة الفجر بدعة).

وە ئەسوەدی كوڕی یەزید و عەمری كوڕی مەیمونیش دەگێڕنەوە كە:(نوێژیان لەدوای ئیمامی عومەرەوە كردووە و قنوتی نەخوێندوە).

دیسان عەلقەمەی كوڕی قەیس دەگێڕێتەوە: (إن ابن مسعود لم یكن یقنت في الفجر)، واتە: (ابن مسعود قنوتی نەدەكرد لە نوێژی بەیانیدا).

عەمری كوڕی دیناریش دەگێڕێتەوە كە : (إن ابن الزبیر صلی بهم الصبح فلم یقنت)، واتە: ( ابن الزبیر نوێژی بەیانی بۆ كردوون، كەچی قنوتی نەكردووە)

هەروەها سەعیدی كوڕی جوبەیر دەگێڕێتەوە: ( عن ابن عباس وابن عمر أنهما كانا لایقنتان في الفجر)، واتە: (ابن عباس وابن عمر لەنوێژی بەیانیدا قنوتیان نەكردووە)، كەواتە: ئەسەر زۆرە لە هاوەڵانەوە كە لەنوێژی بەیانیدا قنوتیان نەخوێندووە).

ئەی هۆی چی یە لە مەزهەبی پێشەوا شافعیدا سوننەتە؟

پشت بەو فەرموودەیە دەبەستن كە دەڵێت: (ما زال رسول الله یقنت في الفجر حتی فارق الدنیا)، واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ لە قنوت خوێندن بەردەوام بووە لە نوێژی بەیانیدا، هەتا وەفاتی فەرموو).

بەڵام ئەو فەرموودەیە: صەحیح نیە و لاوازە، و هەندێكیش دەڵێن: حەدیسێكی مونكەرە؛ چونكە لە سەنەدی فەرموودەكەدا: (أبوجعفرالرازی) تێدایە، كە زانایانی فەرموودەناس بە لاوازیان داناوە، لەوانە:

× ئیمامی ئەحمەد بە لاوازی داناوە.

× وە ابن المدینی دەڵێت: (كان یخلط).

× وە أبو ذرعة دەڵێت: (كان یهم كثیرا).

× هەروەكو ابن حبان دەڵێت: (كان ینفرد بالمناكیر عن المشاهیر).

× وقال ابن التركمانی: قال ابن حنبل والنسائی: لیس بالقوی

× وقال الفلاس: سیء الحفظ.

× وە ئیمامی ابن القیم لە (زاد المعاد:١/٢٦٧)دا دەڵێت: (والمقصود أن أبا جعفر الرازی صاحب مناكیر)

× وە شعیب الارنؤوطیش لە تەحقیقی بۆ زاد المعاد، دەڵێت: (وفی سندە أبو الجعفر الرازی واسمە عیسی بن ماهان و هو ضعیف كما ذكر المؤلف) بۆ درێژەی ئەوباسە بگەڕێوە بۆ: (السلسلة الاحادیث الضعیفة:٣٣٢١)، و(الموسوعة الفقهیة للعوایشة:١٣٦)، و(زاد المعاد:١/٢٧١).

كەواتە: دەركەوت ئەم فەرموودەیەی كە مەزهەبی شافیعی پشتی پێ بەستوە بۆ بە سوننەت دانانی قنوت لە نوێژی بەیانیاندا لاوازو زەعیفە، وە ڕونیشە لای هەموو شەرع زانێك كە فەرموودەی لاواز ئیشی پێ ناكرێت تەنها لە: (ترغیب و ترهیب)دانەبێت، ئەویش بە چەند مەرجێك..

وە هەروەها ئەگەربێت و لە قنوت خوێندن پێغەمبەری خوا ﷺ بەردەوام بوایە ئەوا ئیمامی ئەبوبەكر و عومەر و عوثمان تەركیان نەدەكرد.

كەوابوو: ئەوەی كە صەحیح و ڕاستە ئەوەیە كە قنوت خوێندراوە لە (النوازل)دا، هەروەك چۆن فەرموودەی ڕاستی لەسەر هاتووە لە صەحیحی بوخاری و موسلیمدا. بڕوانە فقە السنة: (١ / ٢٣٦-٢٣٧).

جا بەكورتی لێرەدا بۆمان ڕوون بووەوە كە خوێندنی قنوت لە نوێژی بەیانیدا و بەردەوام بوون لەسەری بیدعەیە، هەروەكو شێخ ئیبن باز، دەڵێت: (أما القنوت دائما في صلاة الفجر فلیس بمشروع بل هو محدث). موسوعة الاحكام:٣٣٩.

وە شێخی ئەلبانیش دەڵێت: بیدعەیە. بڕوانە: إرواء الغلیل:١٨٢/٢، وە شێخ عبد الله بن محمد بن حمید كە پێش نوێژو وتارخوێن بوو لە مزگەوتی پیرۆزی حەرام لە شاری مەككەی پیرۆز دەڵێت: (والحاصل: أن القنوت في صلاة الفجر لیس بمشروع). الفتاوی والدروس فی المسجد الحرام: ٢٨٢ ـ ٢٨٣.

هەروەها ئیبنو عوسەیمینیش دەڵێت: (فإن رسول الله لم یكن یقنت في صلاة الفجر علی وجە مستمر لغیر سبب شرعي). مجموع الفتاوی و رسائل: ١٤ / ١٣٣ ـ ١٣٥).

ئومێد دەكەم دوای ئەم لێكۆڵینەوە سادەیەی بەندە كە خستمە بەر دیدی خوێنەران، توانیبێتم چاوڕونیەك بكەم لە مەسەلەی قنوت خوێندن لە نوێژی بەیانیاندا و بڕیاری كۆتایش لای خوێنەری ئازیزە.

وصلی الله وسلم علی نبینا محمد، وعلی آلە وصحبە أجمعین.

# مەلایەك
# لە نێوان نەزانی و ستەمدا

م.موحسین موحەممەد

الحمدلله والصلاة والسلام علی رسول الله، لەپاشاندا:

لە یەکێك لە گۆڤارە کوردیەکاندا بابەتێك نووسراوە بە ناونیشانی: (سەلەفیەکان لە نێوان دڕندە و مرۆڤدا)، لە ڕاستیدا ئەگەر هەرکەسێك ئەو بابەتە بخوێنێتەوە و سەیری وێنەکە یان ناوی نووسەر نەکات، بەهیچ شێوەیەك گومان نابات کە نووسەری ئەو بابەتە مامۆستایەکی ئاینی بێت؟!

## ئەمەش لە چەند ڕوانگەیەکەوە:

١- ئەگەر بابەتەکە بخوێنیتەوە لە سەرەتاوە تاوەکو کۆتا ووشە، کەم یان زۆر ناوی خوای گەورەی تێدا نیە، نەك هەر ئەوەندە بگرە (بسم الله الرحمن الرحیم) یشی نەنووسیوە!! لەکاتێکدا کاك مەلا وا خۆی دەردەخات کە بەرگری لە دینی خوای گەورە دەکات!!

کاك مەلا خۆ ئەوەشیان خەتای سەلەفیەکان نیە، ئەوە ئەگەر خوا نەکردە مامۆستایەکی سەلەفی بوایە تۆمەتتان بۆ دروست دەکردوو دەتان ووت سەلەفیەکان خوایان خۆش ناوێت، بە دەردی سەڵاوات لێدانەکەتان دەبرد.

٢- نووسینەکەی کاك مەلا پڕیەتی لە بوهتان و درۆو قسەی ناڕەوا کە ئەوەشیان لە ڕەفتاری مامۆستایەکی ئاینی ناوەشێتەوە، بۆ نموونە دەڵێت« گەنجان ئالوودەی فیکری توندڕەوی دەکەن، بەهۆی ئەوانەوە چوونەتە نێو گرووپە توندڕەوەکانی وەکو داعش، سەلەفیەکان بۆ سەر ئەمنی نیشتیمانی ئەم هەرێمە مەترسین...»

٣- لە لایەکی ترەوە تا بڵێیت دەستەواژەو ووشەی ناشیرین و نەشیاوی بەکارهێناوە، کە دەکرا مامۆستا مەلا بە ووشەی گونجاوتر بیروڕای خۆی بەرامبەر بە سەلەفیەکان دەرببڕێت، وەك دەڵێت « دڕندە، وەك دڕندەیەکی (نابینا) و (کەڕوڵاڵ) پەلامارت دەدەن هەڵیت و پەڵیت« بەڵام چونکە مەلا صدیق بە دڵێکی پڕ لە ڕق و کین و بۆ ناشیرینکردن و چەواشەکاری ئەو بابەتەی نووسیوە، بۆیە نەیتوانیوە بیروباوەڕی خۆی و هەڵسەنگاندنی خۆی لە ڕوانگەی قورئان و سوننەتەوە نیشان بدات، بەهیچ شێوەیەك نەشیتوانیوە بە بەڵگە بیسەلمێنێت کە ئەوەی سەلەفیەکان دەیکەن ناشەرعیە و خراپە.

ئەگەر لەسەرەتاوە سەیر بکەین نووسینەکەی بە گێڕانەوە و باسکردنی ئەفسانە و بوونەوەری ئەفسانەیی دەست پێدەکات، وەك دەڵێت « زۆر جاران لە داستانە ئەفسوناویەکان گوێبیستی ئەوە بووینە کە لە زەمانی کۆندا دروستکراوانێك هەبوونە نیوەی لاشەیان ئاژەڵ بووە و نیوەکەی دیکەشیان مرۆڤ بووە » لێرەدا دەردەکەوێت کە جەنابیان هیچ بەڵگەیەکی نەدۆزیوەتەوە لە قورئانی پیرۆز یان فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ تاکو پێمان بڵێت ئێمە لە چ شتێکدا دڕندەین و مرۆڤ نین، ئاخر چیرۆك خوان هەر ئەوەی لە هەمبانەدایە.

دواتر جەنابیان دەڵێت « ناویان لە خۆیان ناوە: (سەلەفی) کە هەموو لاشەیان دڕندەیەو ...» جەنابی کاك مەلا سەرکەوتوو نەبوویت لە نموونە هێنانەوەکەت، باشتر وایە بڵێین: پێناچێت لە بابەتی قیاس حاڵی بوو‌بیت؛ چونکە سەلەفیەکان بە بیروباوەڕ و مەنهەجیان جیادەکرێنەوە لە غەیری خۆیان، بەتایبەتیش لە گۆڕپەرست و پەڕۆپەرستەکان ئەوە ڕوونە کەسێك کە هۆشی لای خۆی بێت و خاوەن بینایی بێت و پەردە بەسەر دڵ و چاو و زمانیدا نەهاتبێت دەزانێت کە سەلەفیەکان گرووپێك نین پەلاماری ئەملا و ئەولا بدەن، مامۆستا سەلەفیەکان نە لە کۆنداو نە لە ئێستاشدا لایەنگری ئەملا و ئەولایان نەکردووە، کاتێك شەڕی براکوژی لەنێو گەلەکەماندا هەبووە، بەڵام هاوشێوەکانی وەك جەنابیان هەندێکیان لەمبەرو هەندێکی تریشیان لەوبەر بە کزۆڵی و بێ دەنگ دانیشتوون.

کاك مەلا مامۆستایانی دینی زۆرن کە بەهەموو توانایانەوە

لە خزمەتی دینی خوای پەروەردگاردان، بەڵام هەندێك كەسی ناحاڵی كە بەرژەوەندیان كەوتۆتە مەترسیەوە، ئەوە ئەوانن كە بە بوهتان و درۆو چەواشەكاری پەلاماری سەلەفیەكان دەدەن، بگرە هەندێكیان هێندە ناحاڵین پەلاماری خۆشیان دەدەن بەچەقۆ و شمشێر و شیش كەوتونەتە گیانی خۆیان، شووشەو بەرد دەهاوێن بەس بۆ ئەوەی خەڵكی باوەڕیان پێ بكاو وابزاندرێت كە لەسەر هەقن. بۆیە دەڵێم كاك مەلا ئەوەی كە تۆ دەیڵێیت كە « سەلەفیەكان دڕندەن » ستەمێكی گەورەیە. دوای ئەوە دەڵێت « پەلاماری هەموو مرۆڤێك دەدەن كە وەك ئەوان بیر ناكەنەوە .

جەنابی مامۆستا، مامۆستایانی سەلەفی بە بەڵگەی قورئان و سوننەت ئامۆژگاری خەڵكی دەكەن وە زۆر بە دڵسۆزیەوە ڕێنماییان دەكەن بۆ ڕێگای ڕاست وە لە ترسناكی شیرك و بیدعە و تاوان ئاگاداریان دەكەنەوە، وە بانگەوازی مامۆستایانی سەلەفی لە ڕێگای ووتاری سەر مینبەر و كۆڕ و دەرس و نووسینەوەیە، ئەرێ ئەوە پەلاماردانە؟! ئەوە دڕندەییە؟! باشتر وابوو بەوانە بڵێیت دڕندە كە بەناوی دینەوە پەلاماری ماڵ و موڵك و سامانی خەڵكی دەدەن وە بەو كەسانە بڵێیت دڕندە كە لە جیاتی خواپەرستی خەڵكی فێری شەخس پەرستی دەكەن، وە ئەو كەسانە دڕندەن كە زۆر بەلایانەوە ئاساییە كە خەڵكی كڕنوشیان بۆ بەرێت، وا لە خەڵكی بگەیەنن كە ئەوان(علم الغیب) دەزانن لە كاتێكدا خوای گەورە بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت : (قُلْ لَا يَعْلَمُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ) النمل: ٦٤. واتە: ئەی محمد ﷺ پیان بڵێ: هیچ كەسێك لەوانەی كە لە ئاسمانەكان و زەوی دان (بێجگە لە خوا) ئاگایان لە غەیب نیە.

كاك مەلا دەستەواژەیەكی تر بەكاردێنێت و دەڵێت « سەلەفیەكان بە هیچ بیروڕایەك موعتەقید نین » ئەو قسەیە دوو واتاو ڕوانگەی هەیە:

١- ئەگەر جەنابیان پێیان وابێت كە سەلەفیەكان عەقیدە و بیروباوەڕێكی دیاریكراویان نیە، ئەوە بێ ئاگایی و جەهلی جەنابیان دەگەیەنێت؛ چونكە ڕوونترین بیروباوەڕ بیروباوەڕی سەلەفیەكانە، كە بریتی یە لە عەقیدە و بیروباوەڕی پێشینە چاكەكان، واتا ئیعتیقادیان بە هەموو ئەو شتانە هەیە كە پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵان و پیاو چاكان و زانایان ئیعتیقادیان پێی هەبووە، واتە: عەقیدەی سەلەفیەكان لە قورئانی پیرۆز و فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ هەڵهێنجراوە (وەرگیراوە)، وە بنەمای عەقیدەی سەلەفیەكان تەوحید و تەنها خوا پەرستی و شوێنكەوتنی پێغەمبەری خوایە ﷺ.

٢- وە ئەگەر كاك مەلا مەبەستیشی ئەوەبێت كە سەلەفیەكان موعتەقیدنین بە پەرستنی گۆڕ و پەرستنی پێغەمبەران . علیهم السلام . و پیاو چاكان . ڕەحمەتی خوایان لێبێت، وە مەبەستی ئەوە بێت كە سەلەفیەكان باوەڕیان بەوە نیە كە عیبادەت بۆ هیچ كەسێك بكرێت جگە لە خوای پەروەردگار، بەشێوەیەك كە نابێت هاوار بكرێتە هیچ كەسێك جگە لە خوای گەورە، وە نابێت قوربانی بۆ هیچ كەس و گۆڕێك بكرێت، وەنابێت داوای یارمەتی و فریاكەوتن لە هیچ كەسێك بكەین جگە لە خوای گەورە، ئەوا دەڵێین: بەڵێ جەنابی مامۆستا ڕاستی فەرمووە ئەوە ئیعتیقاد و بیروباوەڕی سەلەفیەكانە؛ چونكە خوای پەروەردگار نەهی لێكردووین لە هانا بردن بۆ غەیری خوا بە مەبەستی ئەوەی پێمان وابێت ئەوان سوودمان پێ دەگەیەنن و لەزیان دەمان پارێزن، وەك پەروەردگارمان فەرموویەتی: ( وَلاَ تَدْعُ مِن دُونِ اللّهِ مَا لاَ يَنفَعُكَ وَلاَ يَضُرُّكَ فَإِن فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِّنَ الظَّالِمِينَ ) یونس :١٠٦.

وە پەروەردگارمان نەهی لێكردووین لە قوربانی كردن بۆ غەیری خوا وە فەرمانی پێكردووین كە قوربانی كردنمان تەنها بۆ خوای پەروەردگار بێ بە تەنها، هەروەك چۆن نوێژ بۆ ئەو دەكەین وەكو فەرمویەتی : ( فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ ) كوثر : ٢. واتە: نوێژ بكە بۆ پەروەردگارت وە قوربانیشت بۆ ئەو بێت، وە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت خوای گەورە نەفرەتی كردووە لەو كەسانەی سەربڕین بۆ غەیری خوای گەورە دەكەن (لَعَنَ اللَّهُ مَنْ ذَبَحَ لِغَيْرِ اللَّهِ) ئەو ئیعتیقاد و بیروباوەڕەش كە سەلەفیەكان هەیانە شتی داهێنراو ودروستكراو نییە، بەڵكو هەمان بیروباوەڕە كە پێغەمبەری خوا ﷺ فێری هاوەڵە بەڕێزەكانی كردووە، وە ئەوانیش فێری زانایان و پیاوچاكانیان كردووە، بۆیە ئەگەر جەنابی مامۆستا مەبەستی ئەوە بێت، ئێمەش دەڵێین: بەڵێ ئێمە موعتەقید نین بە شەخس پەرستی و كڕنوش بردن بۆ غەیری خواو سیحر و جادوویەك كە بەناوی ئیسلامەوە دەكرێت وە موعتەقید نین بەو هەموو بیدعەو خوڕافاتانەی كە هێنراوەتە ناو دین و بۆی زیادكراوە.




دواتر دەڵێت: دژایەتی موسڵمانان دەكەن؟!

كاك مەلا سەلەفییەكان دژایەتی موسڵمانان ناكەن بەڵكو بەپێچەوانەوە خزمەتی موسڵمانان دەكەن بەوەی كە ئاینی ڕاست و دروستی ئیسلامیان فێردەكەن و دڵسۆزن بۆیان لەخەمی دونیاو دواڕۆژی موسڵمانانن و فێڵیان لێناكەن و ناپاك نین وەكو ئەو كەسانەی كە بەناوی دینەوە سەرگەردان و سەرلێشێواویان دەكەن، بەڵكو دژایەتی ئەو كەسانەش دەكەن كە بەناوی دینەوە گومڕایان دەكەن.

سەلەفیەكان دژایەتی (كوفر و شیرك و بیدعە) دەكەن، جا هەر كەسێك خۆی بەخاوەنی (كوفر و شیرك و بیدعە) دەزانێت ئەوا بێگومان دۆستایەتییان ناكەن، بەڵام لەوەتەی مامۆستایانی سەلەفی دینی ڕاست و دروست بۆ موسڵمانان ڕوونەدەكەنەوە كەسانێك هەیە بەرژەوەندیەكەی لە خەڵكی وەردەگرێت، بۆیە هاواریان لێ هەستاوە جەنابیشت كەسانێكی پاك بە ناشیرینی پیشانی خەڵكی دەدەیت و دەتەوێت برینی خۆت بە هاوار و دەستەواژەی نەشیاو سارێژ بكەیت.

ئینجا كاك مەلا دەڵێت: سەلەفی خزمەتی عەرەبە ڕەگەزپەرستە چەپەڵەكان دەكەن؟!

بەڕاستی سەیرە؟! كاك مەلا بەڕاست هەست ناكەیت ئەو قسەیە گەورە بێت، ئاخر سەلەفیەكان جگە لە دینداری و خزمەتی خەڵكی موسڵمان چیتریان كردووە؟!

با هیچ كەسێك موزایەدەی كوردبوون و كوردایەتی نەكات بەسەر سەلەفیەكانەوە، بەوپەڕی قەناعەتەوە دەیڵێم و لە واقیعشدا دیارە كە سەلەفیەكان چین و توێژێكی دڵسۆزن بۆ دین و خاك و خەڵك؛ چونكە ئەوان پەیامی ژیانیان لە بەرنامەی خواوە وەردەگرن و خیانەتیان لە دین و خاك و خەڵكی نەكردووە، ئەوە كەسانی ترن كە داشی دامەی ئەملا و ئەولان.

له شوێنێكی تردا دەڵێت: لەوەش مەترسی دارتر ئەوەیە كە ئەوەی دەیكەن و دەیڵێن بەناوی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە ئەنجامی دەدەن

بەڵێ ڕاستە بانگخوازانی سەلەفی و سەلەفیەكان دینداری لە قورئانی پیرۆز و فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ وەردەگرن بۆیە ئەوەی دەیكەن و دەیڵێن بە بەڵگەی قورئان و سوننەتە بەڵام ئەوە مەترسی نیە، بەڵكو مەترسی ئەوەیە كە كەسانێك بەپێی بەرژەوەندی خۆیان و بە هەواو ئارەزووی خۆیان و تێگەیشتنی خۆیان دینداری دەكەن و ناگەڕێنەوە بۆ قورئان و سوننەت.

جەنابی مامۆستا قسە ڕیزكردن ئاسانە دەی نمونەیەكت هێنابایەوە كە ئێمە دەیكەین و لە ئیسلامدا نییە؟!(قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ) البقرة 111.

پاشان دەڵێت: سەلەفیەكان كۆمەڵگا بەرەو ئاقارێكی خراپ دەبەن.

ئێمەش دەڵێین: سەلەفیەكان بانگی خەڵكی دەكەن بۆ دینی تەنها خواپەرستی، وە ترسناكی هاوبەش بریاردان بۆ خوا ڕوونەدەكەنەوە، وە هانی موسڵمانان دەدەن كە دەست بگرن بە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ ئەوەش بەرەو ئاقارێكی باش و ڕەزامەندی خوایان دەبات و بەرەو كەناری ئارامی و سەرفرازییان دەبات .

ئەوەی كۆمەڵگە و میللەت بەرەو ئاقاری خراپ دەبات ئەو كەسانەن كە دین بۆ بەرژەوەندی دونیای خۆیان بەكاردێنن و بازرگانی پێوە دەكەن.

بۆیە ئاگاداری بەڕێزت دەكەمەوە كە بە درێژایی مێژوو كەسانێك هەبوون كە ڕەش بین بوون بە ڕێبازی پێغەمبەران و بەمایەی نەهامەتییان زانیون هەروەك لەم ئایەتەدا دیارە ( قَالُوا إِنَّا تَطَيَّرْنَا بِكُمْ ) يس : ١٨ .

له شوێنێكی تردا دەڵێت: سەلەفیەكان سیما و حەقیقەتی دینیان شێواندووە؟!

جەنابی مامۆستا لەوەیاندا تا ڕادەیەك ناحەقت ناگرم؛ چونكە جەنابت و هاو تەریقەتەكانت وا هەست دەكەم لە حەقیقەتی ئیسلام تێنەگەیشتوون سیمای حەقیقەتی ئیسلامتان نەناسیوە، لە جیاتی تەوحید و شیرك و خورافەت و لە جیاتی سوننەت. بیدعە فێركراون و وا دەزانن ئەوە حەقیقەتی ئیسلامە، بەڵام كاتێك دەبینن بانگخوازانێكی سەلەفی كە تەنها خواپەرستی(تەوحید) و ڕێباز و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بۆ خەڵكی ڕوون دەكەنەوە وا تێدەگەن كە سەلەفیەكان ئیسلام دەشێوێنن.

چونكە وا تێگەیشتووە كە ئەو گومرایی و گۆڕپەرستیەی كە لەسەری پەروەردە كراون ئیسلامەتییە!؟

دواتر نوسیویەتی: بەهۆی بیروباوەڕی بۆگەنی ئەوانەوە (سەلەفیەكانەوە) بەسەدان گەنج و لاوی ئەم وڵاتە چونەتە نێو گروپی توندڕەوی داعش و قاعیدەوە.

بەڕاستی جێگەی بەزەیی كاك مەلا؛ چونكە ستەمێكی گەورە لەخۆت دەكەیت كە خۆشت متمانە بە قسەی خۆت ناكەیت نەوەك خەڵكی، كاك مەلا باشتر وایە لەو خەوە قووڵە بەخەبەر بێیت ئەوە جاری جاران نییە خەڵك متمانە بە قسەی بێ بەڵگە بكات، ئێستا سوپاس بۆ خوا خەڵكی وشیارە، خەڵكی خوێندەواری هەیە، چاوی هەیە، عەقڵی ئیش دەكات، كتێبی سەلەفیەكان دەبینێت، گوێ لە وتار و ئامۆژگاری مامۆستایانی سەلەفی دەگرێت و تێ دەگات كە سەلەفیەكان دژی توندڕەوین و خەڵكی موسوڵمان ئاگادار دەكەنەوە لە ترسناكی تەكفیركردنی موسوڵمانان و توندڕەوی بەرامبەریان، كەسی ژیر تێدەگات كە سەلەفیەكان هەروەك چۆن دژی گۆڕپەرستان و ئەهلی (بیدعە)ن ئاواش دژی توندڕەویین.

زۆرێك لە ئەهلی بیدعە حەزیان لەوەیە كە سەلەفیەكان دژی حكومەت و نیشتمان، بن تاكو بڵێن: ئەها خەڵكینە پێمان نەوتن: كە سەلەفییەكان توندڕەون، بەڵام. پشتیوان بە خوا. هەرگیز ئەو خەونەتان نایەتەدی و حكومەت و خەڵكیش پاكی سەلەفیەكان و پیسی ئێوەی بۆ دەردەكەوێت،

دواتر جەنابی كەپرانی وەك وتەبێژی هەموو كوردێكی دڵسۆز و خۆی وتەنی بە شەرەف دەڵێت: ( بەڕای من و هەموو كوردێكی دڵسۆز و بەشەرەفی ئەم هەرێمە سەلەفیەكان بۆ سەر ئەمنی نیشتمانی ئەم هەرێمە مەترسین) ئەرێ جەنابی مامۆستا تۆ بە چ حەقێك ڕێگە بە خۆت دەدەی كە نوێنەرایەتی خەڵكی كوردستان بكەیت؟! ئەو متمانەیەت لە كوێوە وەرگرت؟ باشتر وایە بڵێی: مامۆستایان و بانگخوازانی سەلەفی بونەتە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندی كەسانی دین شێوێن و بونەتە مەترسی بۆ سەر بازاڕی ناڕەوای كەسانی بیدعەچی، كاك مەلا دەستان كەشف بوو بازاڕتان نەما، وا خۆت نیشان مەدە كە تۆو هاو تەریقەتەكانت دڵسۆزی نیشتمانن و خەڵكی سەلەفی مەترسی بن بۆ سەر ئەمنی نیشتمانی ئەگەر جارانیش ئەوە ڕوون نەبوبێت ئێستا لەوەتەی مەترسی داعش پەیدابووە هەڵوێستەكان دیارن، دیارە كێ دڵسۆزی دین و خەڵك و نیشتمانە كەسێك بە ئینسافەوە قسە بكات دەزانێت كە سەلەفیەكان هەڵوێستیان چۆن بووە، بەڵام بێگومان كەسانێك كە دڵیان ڕەق بووە وەك جەنابی كەپرانی ستەم دەكات.

دواتر كاك مەلا سیاسیانە قسە دەكات و دەڵێت: بەڵام كەی حكومەت لەم خەوە بە خەبەر دێت و دەیانناسێت؟!

حكومەت خەوتوە و كاك مەلا بەخەبەرە؟! خەڵكینە مەترسن ئەگەر حكومەت بەخەبەریش نەبێت جەنابی كاك مەلا خەبەری دەكاتەوە؟! زۆرێك لە ئەهلی بیدعە حەزیان لەوەیە كە سەلەفیەكان دژی حكومەت و نیشتمان، بن تاكو بڵێن: ئەها خەڵكینە پێمان نەوتن: كە سەلەفییەكان توندڕەون، بەڵام . پشتیوان بە خوا . هەرگیز ئەو خەونەتان نایەتەدی و حكومەت و خەڵكیش پاكی سەلەفیەكان و پیسی ئێوەی بۆ دەردەكەوێت، هەروەك دەریش كەوتوە.

پاشان جەنابیان پێ لە نەفسی خۆی دەنێت و وتەیەكی عەرەبی دەنوسێت و دەڵێت: یان ئەوەتا (فیه ما فیه)ێك هەیە لە نێوان سەلەفییەكان و دەسەڵاتداران دا

تاكو ئێستا وامان دەزانی كەسانی كاڵ فام و لەخوا نەترس بوهتان دەكەن و گومانی

خراپ بەکەسانێك دەبەن کە تەنها دین بۆ خەڵکی ڕوون دەکەنەوەو هیچ بەرژەوەندیەکی دونیاییان ناوێت، بەڵام بەداخەوە کەسێك لە بەرگی مامۆستای ئایینی دا ئەو بوهتانانە دەکات، کاك مەلا بەزەییت بەخۆتدا بێتەوە بۆ قیامەتت خراپە.

لەڕاستیدا نامەوێت بڕگە بڕگەی قسە بێ بەهاکانی مەلای کەپرانی باس بکەم، بەڵام لە شوێنێکی تردا دەڵێت: پێیان وایە کە ڕۆژێك دێت ئەم کوردستانەی کە بە خوێنی هەزاران شەهیدی ڕزگاریخوازی ڕۆڵەکانی ئەم هەرێمە هاتۆتە کایەوە جارێکی دیکە دەکەوێتەوە بەر دەستی عەرەبە خوێن مژەکان و...

سەیرە؟! ئاخر بۆ خاتری خوا خۆت بڕوات بەوە هەیە کە دەیڵێی؟! کەی و لە کوێ گوێت لە مامۆستایانی سەلەفی بووە کە هاوسۆزی خۆیان بۆ عەرەبی خوێن مژ دەربڕی بێت؟! ئیمە موسڵمانین ئیسلام ئاینی هەموو نەتەوەکانەو هەرکەسێك موسڵمانی ڕاست بێت برامانە ئەگەر ئەمریکی یەك بێت، یان هەر نەتەوەیەك بێت، بەداخەوەم بۆت بۆ ئەو تێکەڵ کارییەی دەیکەیت ئینجا سەیری جەنابی مامۆستا بکەن بزانن کۆتا وتەی چیە ؟!! دەڵێت : بۆیە لە کۆتاییدا دەڵێم حەق وانییە (سەلەفیەکان) ناسنامەی کوردستانیان هەبێت؟!

بەڕاستی جێگەی داخە، ئەوە باشە دەسەڵاتت نیە ئەگەرنا تەنها بەوەوە ناوەستی کە ناسنامەمان لێ بستێنی بەڵکو لە داعش خراپترت دەکرد و قەتڵ و عامی سەلەفیەکانت دەکرد، ئەوە عەقڵی بەشار ئەسەدی گڵاوە کە ناسنامەی نەداوە بە کورد، ئایە تۆش وەك ئەو بیر دەکەیتەوە لێرەدا؟

دەڵێت: چونکە ئەوان کوردستان بەخاك و وڵاتی خۆیان نازانن؟! بەڕاستی گومانم هەیە لەوەی کە تۆ مامۆستای ئایینی بیت، ئاخر ئەو هەموو بوهتانە چیە دەیکەی؟ چۆن لە جیاتی ئێمە قسە دەکەی؟ گوێت لە کام مامۆستای سەلەفی بوو وابڵێت؟ بەڵام دیارە هەر ئەوەندەی لێ حاڵیت لە قسەکانتدا ستەم و (جهل)ت تێکەڵکردووە و هیچ بیر لە ئاکامی قسەکانت ناکەیەوە!!

دەڵێت: بەڵکو لەم هەرێمەدا خۆیان بە نێردراوی عەرەبە ڕەگەز پەرستە نەزانەکان دەزانن

جەنابی کاك مەلا ئەگەر خۆت بڕوا بە قسەو بوهتانەکانی خۆت دەکەی، ئەوا من دوعایەك دەکەم تۆش و خوێنەرانیش بڵێن: (ئامین)، خوایەگیان پەروەردگارمان، ئەگەر ڕاستە مامۆستایانی سەلەفی، خەڵکی سەلەفی خۆیان بە نێردراوی عەرەبە ڕەگەز پەرستە نەزانەکان دەزانن و لە هەلێك دەگەڕێن بۆ ئەوەی ژەهری خۆیان بڕێژن بەسەر ئەم خەڵکە موسڵمانە(هەروەك جەنابی مەلا صدیق وا دەڵێت)خودایە سوك و ڕیسوایان بکەی و ڕووی پیسیان بۆ خەڵکی دەربخەی، بەڵام ئەگەر وانییەو بوهتانە بۆیان دەکرێت خودایە مەلا (سەید صدیق) و هەموو ئەوانەش کە بوهتان بۆ سەلەفیەکان دەکەن سوك و ڕیسوای دونیاو قیامەتیان بکەی، وە ڕووی پیس و ناخی ڕەشیان بۆ هەموو خەڵکی دەربخەیت. اللهم آمین.

## له پەیامەکانی مەلای گەورەی کۆیە

## (ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت)

مەلای گەورەی کۆیە لە بەرگی یەکەم لە لاپەرە (٦٨) ی تەفسیرەکە ی دا لە لێکدانەوەی ئایەتی: ﴿ وَلَا تَشْتَرُوا۟ بِـَٔايَـٰتِى ثَمَنًا قَلِيلًا وَإِيَّـٰىَ فَٱتَّقُونِ ﴿٤١﴾ وَلَا تَلْبِسُوا۟ ٱلْحَقَّ بِٱلْبَـٰطِلِ وَتَكْتُمُوا۟ ٱلْحَقَّ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٤٢﴾ ﴾ دەفەرموێت :

﴿ وَلَا تَشْتَرُوا۟ بِـَٔايَـٰتِى ثَمَنًا قَلِيلًا ﴾ ئایاتی خوا ئەحکامی سماوی کە زۆر قیمەت دارە بەچشتێ کەمی مەفرۆشن و، هەر شتێ لە مەقابیلی ئایاتی ئیلاهی وەرگرن ئەگەر دونیا و مافیها بێ، لە حەقیقەدا کەمە، ئەو (خسەت) و دەنائەتە، لە خواص و مزایای مەلایەکانیان بووە.

﴿ وَإِيَّـٰىَ فَٱتَّقُونِ ﴾ هەر خۆ لە من بپارێزن .. قەدر و قیمەتی من و ئایاتی منتان لە لابێ، خوا خۆی دەزانێ هەر دینێ هەر ئاینێ، کە نێك چوو بێ، بە واسگەی ئەو خۆفرۆشانەن دەنی هیمەت بێ خوێن و دەمار.. شەرری ئەو گرۆهە بۆ دین گەلی زۆرە و، اعظمی مصیبتان ئەو گروهە بەدطینە ت و بەدرەوشت و بەدکردارانەن، کە لیباسی تزویر لەبەر حەق ئەکەن. حەق بە باطل بە صورەتی حەق ئارایش ئەدەن. حقا ئەوانە عەینی ابلیسن.

﴿ وَلَا تَلْبِسُوا۟ ٱلْحَقَّ بِٱلْبَـٰطِلِ ﴾ بە طبعی شاعرانەتان، لباسی باطل لەبەر حەق مەکەن . ئەمرۆش ئەو نەوعە ابلیسە زۆرن، بەڵکو و لە هەموو اعصار و ازمنەی سابقە زیاترن . حتی ئەوانەی کە بە ناوی اصلاحی دین هاتنە پێش، دڵی موسڵمانانیان جلب ئەکرد .. ئەوەندەی پێ نەچوو پەردەی تزویریان درا، ئاشکرا بوو لە پەنای دەعوای اصلاح، دەعوای پێغەمبەری یان کرد و، گەلێ (سخیف العقل) یان پێ هەڵ خەلەتا !.


ئەوانەی کە تمثیلی حەق بە باطل، باطل بە حەق ئەکەن .. نەفرەت ئەکەن لە تمثیلی حەق بە حەق ، تلبیسی ئەویش ئەکەن ئەڵێن ( ماذا أراد الله بهذا مثلا).

﴿ وَتَكْتُمُوا۟ ٱلْحَقَّ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾ سیاسەتی ئەو گرۆهە (أولا) کتمی حەق، پاشان اظهاری باطل بە صورەتی حەق وە ئەشزانن کە ئەوانە ئەو کارە بەد بەختی یەیان ئەکرد، لاکن لەبەر هەوا و هەوەس، طمعی ریاسەت و، بەلکوو بە (خەیاڵی) تەشکیلی سلتەنەت مبالاتیان بەو بەدکاریە نەدەکرد.

# ئاشكراكردنی شوێنی دروستی زیکرەکان لە سوننەتدا...

## وەڵامێك بۆ ئەوانەی كە:

## لە پێش نوێژە فەرزەکاندا زیکر دەخوێنن



م. عدنان بارام کەلاری

یەکێك لەو بیدعانەی کە لە نێو موسڵماناندا . لە هەندێك لە ناوچەکانی کوردستان . بڵاوبووەتەوە، کردنی هەندێك زیکرە لە پێش نوێژە فەرزەکان!! کە بریتیە لە وتنی دەجاری هەریەك لە: (سبحان الله)، و (لا إله إلا الله)، و (الحمد لله)، و (الله أكبر) ... هتد، گوایە بەڵگەشیان ئەو فەرموودەیەی (أم رافع)ە . ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لێبێت . کە دەگێڕێتەوە پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو: ((يَاْ أُمُّ رَافِع! إِذَاْ قُمْتَ إِلَى الصَّلَاْةِ؛ فَسَبِّحِي اللَّهَ عَشراً، وَهَلِّلِيْهِ عَشراً، وَاحْمِدِيْهِ عَشراً، وَكَبِّرِيْهِ عَشراً، وَاسْتَغْفِرِيْهِ عَشراً، فَإِنَّكَ إِذَا سَبَّحْتَ عَشراً قَاْلَ: هَذَاْ لِي، وَإِذَا هَلَّلْتَ قَاْلَ: هَذَاْ لِي، وَإِذَاْ حَمِدْتِ قَاْلَ: هَذَاْ لِي، وَإِذَاْ كَبَّرْتَ قَاْلَ: هَذَاْ لِي، وَإِذَاْ اسْتَغْفَرْتِ قَاْلَ: قَدْ غَفَرْتُ لَكَ))، السلسلة الصحيحة: ٣٣٣٨.

بەڵام لە ڕاستیدا ئەم فەرموودەیە . سەرەڕای (صحیح)ـێتی . هیچ بەڵگەیەکی . بۆ ئەو کردەوەیە لەو شوێنەدا . تێدا نیە؛ چونکە ئەو فەرموودەیە باس لە زیکری دەستپێکردنی نوێژ دەکات کە پێی دەووترێت: (دعاء الإستفتاح)، نەك ئەوەی زیکر و یادێك بێت کە پێش نوێژە فەرزەکان ئەنجام بدرێت، بێگومان ئەو ڕاستیەش کاتێك ئاشکرا دەبێت کە ڕیوایەت و ڕێگەکانی تری فەرموودەکە کۆبکرێنەوە و بخرێنەڕوو.

ڕوونکردنەوەی ئەوەش لە ووتەیەکی پێشەواو فەرموودەناسی سەردەم: (محمد ناصر الدين الألبانى)ە، بە ڕەحمەت بێت . کە بەدواداچوونی بۆ فەرموودەکە کردەوە و هەموو ڕیوایەت و ڕێگەکانی کردووە، هەروەکو دەڵێت: ((عن أم رافع . رضي الله عنها . أنها قالت: يا رسول الله! دلني على عمل يأجرني الله عز وجل عليه؟ قال: «يا أم رافع! إذا قمت إلى الصلاة؛ فسبحي الله عشرا، وهلليه عشرا، واحمديه عشرا، وكبريه عشرا، واستغفريه عشرا، فإنك إذا سبحت عشرا قال: هذا لي، وإذا هللت قال: هذا لي، وإذا حمدت قال: هذا لي، وإذا كبرت قال: هذا لي، و إذا استغفرت قال: قد غفرت لك»، أخرجه ابن السني في: عمل اليوم والليلة: (٣٧ . ٣٨ / ١٠٥)، ومن طريقة الديلمي: (٣ / ١ ٣١)، والحافظ ابن حجر في: نتائج الأفكار : (١ / ٣٨٩ . ٣٩٠) عن أم رافع . رضى الله عنها ...، وقال الحافظ: هذا حديث حسن، ورجاله موثقون، لكن فى (عطاف) مقال يتعلق بضبطه، وقد تابعه بكير بن مسمار عن زيد بن أسلم، وسمى (أم رافع)؛ فقال: عن سلمى أم بنى رافع ... فذكر الحديث نحوه، لكن أطلق موضع القول، والشيخ (يعني: عطافا) حمله على الإرادة، ووقع لنا من وجه آخر ما قد يدل على أنه داخل الصلاة.

قلت: ثم ساقه من طريق ابن منده . أيضا . بسنده الصحيح عن هشام بن سعد عن زيد بن أسلم عن عبد الله بن وهب عن أم رافع أنها قالت: يا رسول الله! أخبرني بعمل أفتتح به صلاتي... فذكر الحديث نحوه. قال: وأخرج الترمذى وصححه عن أنس أن أم سليم قالت: يا رسول الله! علمني كلمات أقولهن في صلاتي ... فذكر نحوه.

وأخرجه أبو يعلى من وجه آخر عن أنس بلفظ:« إذا صليت المكتوبة..».

وأفادت رواية هشام بن سعد زيادة راو بين زيد بن أسلم وأم رافع. والله أعلم.

قلت: يشير إلى (عبد الله بن وهب)، ولم يتكلم الحافظ عنه بشئ، ولا أستبعد أنه: (عبد الله بن وهب بن زمعة بن الأسود بن المطلب الأسدى الأصغر )؛ فإنه مدني من هذه الطبقة، وروى عن أم سلمة، وروى عنه جمع، وذكره ابن حبان في: الثقات: (٤٨/٥)، وحسن له الترمذي: (٣٨٧٣). وقال الحافظ في: التقريب: «ثقة».

وأما متابعة بكير بن مسمار التي ذكرها الحافظ؛ فقد أخرجها الطبراني في: المعجم الكبير بإسناد رجاله ثقات غير شيخ الطبراني . نحوه، كما قال الحافظ ولكنه مختصر عن هذا، ولذلك خرجته في الكتاب الأخر (٦٦٢٠)، ولكنه شاهد جيد لهذا في الجملة. ومثله حديث أنس عند الترمذي وغيره، وفيه مكان الجملة الأخيرة من حديث الترجمة: «ثم سليه حاجتك، يقول: نعم، نعم». وقد خرجته من أجلها هناك أيضا (٣٦٨٨).

وللحديث شاهد من روايه محمد بن عمرو بن عطاء قال: قال النبي ﷺ لسودة: «سبحي الله كل غداة عشرا، وكبري عشرا، واحمدي عشرا، وقولي: اغفر لي (عشرا)؛ فإنه يقول: قد فعلت، قد فعلت». أخرجه ابن أبي شيبه في: المصنف: (٩٤٨٠/٢٩٤/١٠) من طريق شبيب بن غرقدة عنه.

قلت: وهذا إسناد صحيح رجاله ثقات رجال الشيخين، لكنه مرسل؛ محمد ابن عمرو بن عطاء: هو القرشي العامري، تابعي مات في حدود العشرين بعد المائة.

وقد صح من فعله ﷺ ما يؤكد أن الذكر الوارد في الحديث أنه في الصلاة، وهو ما جاء من طرق عن عائشة قالت: كان ﷺ إذا قام من الليل يفتتح صلاته: كان يكبر عشرا، ويحمد عشرا، ويسبح عشرا، ويهلل عشرا، ويستغفر عشرا ... الحديث، رواه أبو داود وغيره، وهو مخرج في: صحيح أبو داود: (٧٤٢) ، و صفه الصلاة.

لەم ووتەیەوە: داهێنراوێتی ئەو زیكرانەو كردنیان لە پێش نوێژە فەرزەكان دەردەكەوێت، ئەوش بەم بەڵگانەی خوارەوە:

بەڵگەی یەكەم/ خودی فەرموودەكەی (أم رافع) كە لە هەندێك ریوایەتیدا هاتووە: ((عن أم رافع أنها قالت: يا رسول الله! أخبرني بعمل أفتتح به صلاتي ... فذكر الحديث))، واتە: (أم رافع) . ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لێبێت . داوای لە پێغەمبەری خوا ﷺ كرد و فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ كردەوەیەكم پێ بڵێ . یان: فێربكە . نوێژەكەمی پێ دەستپێبكەم ... هتد فەرموودەكە.

بەڵگەی دووەم/ كردەوەی خودی پێغەمبەری خوا ﷺ هەروەكو دایكە (عائشە) . ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لێبێت . بۆمان دەگێڕێتەوە (( كان ﷺ إذا قام من الليل يفتتح صلاته: كان يكبر عشرا، ويحمد عشرا، ويسبح عشرا، ويهلل عشرا، ويستغفر عشرا ... الحديث))، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ كە هەستابایە بۆ شەونوێژی، ئەوا نوێژەكەی بە ووتنی: (١٠) جار لە هەریەك لە: (الله أكبر)، و (الحمد لله) ، و (سبحان الله)، و (لا إله إلا الله)، و (أستغفر الله) دەست پێدەكرد.

هەروەكو لە (شَرِيقٍ الهوزَنِي) دەگێڕنەوە كە فەرموویەتی: ((دخلْتُ على عائِشَةَ . رَضِيَ اللّهُ عَنْهاْ . ، فسألْتُها بِمَ كانَ رسولُ الله ﷺ يفتتحُ إذا هَبَّ مِنَ اللَّيلِ؟ فقالَتْ: لقَدْ سَألْتَني عن شَيءٍ ما سَألَني عنهُ أحَدٌ قبلَكَ! كانَ إذا هَبَّ منَ اللَّيلِ، كَبَّرَ عشراً، وحَمِدَ عَشْراً، ويسبحُ عشراً وقالَ: ((سُبْحَانَ الله وبِحَمْدِهِ)) عَشْراً، وقالَ: ((سُبحَانَ المِلكِ القُدُّسِ)) عَشْراً، واستغفَرَ عَشْراً، وهلَّلَ عَشراً، ثمَّ قالَ: ((اللهمَّ اغفِرْ لي واهدِنِي وارزُقني وعافني))، وقال: ((اللّهُمَّ إنِّي أعُوذ بِكَ مِنْ ضيقِ الدُّنيا، وضيقِ يَومِ القيامةِ (يوم الحساب)) عَشْراً ثمَّ يفتتح الصلاة))، السلسلة الصحيحة: ١٣ / ١٤١، برقم: ٣٣٣٨، وصحيح أبي داود، برقم: ٥٠٨٥، وصفة الصلاة: ٩٥.

كەواتە كردنی ئەو زیكرانە لە پێش نوێژە فەرزەكان بیدعەیە، و پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەری خوایە ﷺ، و هیچ بنەوایەكی لە شەریعەتدا نیە، خوای پەروەردگاریش زاناترە.

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِين


سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان

ژمارە: 795
ڕۆژ: 2015/06/09

تۆماری یاسایی

بەپێی برگەكانی (1، 2، 3، 4، 5، 6) لە ماددەی (3)ی یاسای ڕۆژنامەگەریی لە كوردستان ژمارە (35)ی ساڵی 2007 كە لە 2008/9/22 بڕیاری لەسەر درا، پاش ئەوەی كە دەركەوت گۆڤاری ( وەڵام ) مانگانەیەو خاوەن ئیمتیازی ( خالد ئەحمەد مستەفا ) و سەرنووسەرەكەی ( جیهاد قادر عەلی )، مەرجە یاساییەكانی تێدا بەدیهاتووە، لە سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان بە ژمارە متمانەی ( 795 ) تۆماركرا.

ئازاد حەمەدەمین
نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی كوردستان
هەولێر: 2015/06/09

قال علي بن أبي طالب رضي الله عنه:

حين سكت أهل الحق عن الباطل، توهم أهل الباطل أنهم على حق.

## ئەم گۆڤارە وەڵامێکە بۆ ئەو نوسەرانەی کە:




دين بە ئاقــاری توندڕەویدا دەبەن

دين بۆ مەرامی خۆيان بەکاردەهێنن

دين بە نەزانی خۆيان لێــــکدانەوەی بۆ دەکەن

دين ناشرين دەکەن و تانە لە دەقەکان دەدەن

دين ناشـــرين دەکەن و مێژووەکەی دەشێوێنن

دين ناشرين دەکەن و نـــاوی هەڵگرانی دەزڕێنن